# پڕۆژەی (100) نامیلکەی فەلسەفی
## 2016 - 2015

## دەزگای ئایدیا بۆ فکرو لێکۆڵینەوە

سەرپەرشتیاری پرۆژە
ئەنوەر حسێن (بازگر)

ستافی پرۆژە:
د.لوقمان ڕەئوف - ئەرسەلان حەسەن
باوان عومەر - زریان محەمەد

2016

پڕۆژەی (100) نامیلکەی فەلسەفی

# ئاشنابوون بە لیوتار

وەرگێڕانی
کۆمەڵێك نوسەر

2016

خاوەن ئیمتیاز: دەزگای ئایدیا
لێپرسراوی دەزگا: ئەنور حسێن

وەرگێڕانی: کۆمەڵێك نوسەر
تایپ: کەیوان عومەر - کاوان عەبدولرەحمان - نیاز کەمال - نیاز جەمال
دیزاین: ئاکام شەمسەدینی
چاپ: چاپخانەی دلێر
تیراژ: 1000 دانە
ساڵی چاپ: 2016
نرخ: 1500 دینار
شوێنی چاپ: سلێمانی - کوردستان
نۆبەتی چاپ: چاپی یەکەم
لەبڵاوکراوەکانی: **دەزگای ئایدیا** بۆ فکر و لێکۆڵینەوە

www.ideafoundation.co
info@ideafoundation.co
idea@ideafoundation.co
www.facebook.com/dezgai.idea
053 330 0391 - 0770 195 5044

لە بڵاوکراوەکانی دەزگای ئایدیا
زنجیرە (89)

# ژان فرانسوا لیوتار
# پاسەوانی فەلسەفەو بانگخوازی پۆست مۆدێرنە

چارلس هێنری و ئەشلێی وود وارد

لە ئینگلیزییەوە: ماجد خەلیل

## پێشەکی وەرگێڕ

ژان فرانسوا لیوتار یەکێکە لە کۆمەڵناسو فەیلەسوفە دیارو بەرچاوەکانی مێژووی نوێو هاوچەرخی فەلسەفەو یەکێکە لەو پردە بەهێزو تۆکمانەی عەقڵوماریفەی مرۆڤایەتی، کە رەوڕەوی عەقڵو فەلسەفەی سەدەکانی ناوەڕاستی گرێداوە بە فەلسەفەی نوێو هاوچەرخی مرۆڤایەتییەوە. لەسەر کەلتور و پاشخانی فەلسەفەی زەنگینو زەبەلاحی فەرەنساو زەمینەی ماریفەی سەنگینو سەرداری فەلسەفەی پاریسدا پێگەیشت. بەدەر لەو خواستو خولیاو بەهرە بەهێزانەی هەست و سۆزو لۆژیکی لیوتار، بە وردی کشایە ناو ئەکادیمیاو بنەما بەهێزەکانی زانستەوە و بەوردی شرۆڤەو شیکارو روئیای خۆی لەبەرامبەر دنیای فەلسەفەو داهێنانی مەزنی چەمکو دەستەواژەو دەربڕینی زمان خستەڕوو و باری سەرنجی خۆشی لەسەر رەوشی مرۆڤایەتی دەربڕیی و دەیان بەرهەمی لە قۆناغە جیاوازەکانی تەمەنیدا، پێشکەش بە رەوگەی فەلسەفە کردو سەدان دەستەواژەی زیندوی راگرتو سەدان رێبازو میتۆدو مەودای سیاسەتی پێشنیازکردو لە ناو نەتەوەو رەگەزو ناوچەو کیشوەرە جیاوازەکاندا، خرانە بوارو چوارچێوەی پراکتیکەوە.

ئەوەی لیوتار زیندو رادەگرێت ئەوەیە، کە تەمەنێکی درێژی بەخشی بە رەوگەی کۆمەڵناسیو بەرهەمگەلێکی فرەی دایە کتێبخانەو ئەرشیفەکانی دونیاو داهێنانەکانی نەمردن و بە زیندوویی خزانە ناو مشتومالو ململانێ فەلسەفیو کلتوریو کێبەرکێکانەوە. لیوتار لە پاش جەنگی جیهانی

دووەمەوە، بەرهەمەکانی ناوبانگیان دەرکردو لە ئەمەنێکی لاوییەوە نوسینی مەزنی پێشکەشکرد، لە سەرزەمینی عەقڵو ئاوەزەوە، زاری کرایەوەو بە زمانی مەزنی فەلسەفەو زمانی فەرەنسا دەستەواژە مەزنەکانی شیکارو شینەڵکرد، بەدەر لەوەیش ئایبەتمەندی لەو سۆنگەیەوە دەبینرێنەوە کە تەنها لە ئەکادیمیاو زانکۆ و هۆڵەکانی وانەبێژییەوە وێنای فەلسەفەی برەو پێنەدەدا، بەڵکو بەکردارەکی خزایە ناو جەنجاڵییەکانی ژیانەوەو بە پراکتیکی باری سەرنجی خۆی پێشنیاز دەکرد و لەسەر بنەمای ئەزمونو واقیع ئایدیای دەگۆڕی.

هەربۆیە لەیەککاتدا ئەزمونگەلێکی لە میانی ژیانیدا بەرجەستەکرد، ئەزمونی کادیرێکی سیاسی چەپگەرای سەربەخۆ کە هیچ هێزێک زاتی دەستەمۆکردنی ئەوی نەبوو، هاوکات ئەزمونی رۆژنامەنوسو راپۆرتنوسو وتارنوسێکی مەیدانی، یەکێک بوو لەو فەیلەسوفو ئەکادیمیانەی تیۆری تێپەڕاندو بە ئەزمونەوە باری سەرنجی دەخستە روو، لە وڵاتی جەزائیرەوە لە کیشوەرێکی بندەستی باکوری ئەفەریقاوە، لە زمانو زادگایەکی جیاوازەوەو لە کەلتورێکی غـەوارە بە وڵات و وشەو وێنای تاکی فەرەنسا، گرەوی مرۆیی بوونی دەکردو وەک مرۆڤ مەینەتیو مەهامی مرۆڤبونی نیشاندا. لیوتار چەپێک بوو لە گەرمەی بوونی چەپی رادیکاڵدا، وەلێ شل رەوانە وابەستە نەبوو بە ئیعازو ئیمانی ئایدیۆلۆژیاوە، چونکە لە خوێندنەوەی واقیعەوە باری سەرنجی خۆی دەخستە پێشچاو. نەکۆپی ئایدیاکانی دەکردو نەشیدەخوێندنەوە، بەڵکو لەم روانگەوە توانی ئەزمونگەلێک بکاتە هەوێنی راچەنینی پرۆژەیەکی مەزنی ناو کایەی فەلسەفە، کە راچەنینەکە لە چەمکو دەستەواژەو بەرنامەی لیوتارەوە گەشەی کرد، دواتر توانی پرۆژەی مەزنی پۆست مۆدێرنە بکاتە بەرنامەو میتۆدێکی سەنگین، کە تەواوی کایەکانی فەلسەفەو ئـەدەبو هونەرو رەخنەو زانستو بەها ئەخلاقیو ئەجێندا

مرۆڤایەتییەکان سەرقاڵ بکات و ببێتە پـڕۆژەی کاروانێک لە بیرمەندو عەقڵمەندو ئەکادیمیای مێژووی نوێو هاوچەرخی ئەوروپاو تەواوی دنیا. لیوتار پڕۆژەکەی تەنها لە مەیدانی فەلسەفەدا نەبوو، بەڵکو بوویە هەوێنێک بۆ پڕۆژەگەلێکی وەک پڕۆژەی مەزنی ئابوریو سیاسی و مەعنەوی و بابەتی جدی.

لە پڕۆژەی پۆست مۆدێرنەدا بەتەواوی، تەواوی کایەکانی ئابوری بە تایبەتی لە دەستەواژەی مەزنی ئابوری شەهوانیدا گەلێ پرسی جدی وروژاوەو چەندین کێشەو گیروگرفتی زیندوی کۆمەڵگەی خۆرئاوای، خستووەتە ژێر پرسیارەوە. لیوتار لەبەرامبەر رێبازو قوتابخانە زیندو کاریگەرەکان، بە تایبەت لەبەرامبەر کۆمۆنیزمو لیبرالیزمو دیموکراسیو لەسەرووی هەمووشیانەوە، تـەواوی ئەوانە لە بۆتەی رۆشنگەریو عەقڵگەرایدا شوێنکردووەتەوە. توانیویەتی روئیای خۆی بەجۆرێک پێشنیاز بکات، کە رەوگەیەکی ئامانجدارو بۆشاییەکی بەرینی فەلسەفە لەبەرامبەر قۆناغێکی دارای دوو سەدە لەمومارەسەی فەلسەفە پڕبکاتەوە، چونکە لە ئەزمونی مۆدێرنەو شۆڕشی پیشەسازیو رۆشنگەریداو لەپاش سەردەمی رێنیسانسو پڕۆژە مەزنەکانی ئیمپریالیزمو سەرمایەداریدا سەریهەڵداوە.

ورده ورده قەیران و هەڕەشەکانی سەر ئاسایشی مرۆڤ بەرۆکی پڕۆژە، عەقڵانییەکانیان دەگرتو رووداوە تاریکەکانی سەدەی بیست بە هەردوو جەنگەکەوە، کەوتنە ژێر پرسیاری چەوسانەوەی مرۆڤو بندەستی مرۆڤو جینۆسایدو سونامای خاکی یەکتریو رەوشی رەشی بازاڕو هەمووو ئەمانە، لە پڕۆژەی لیوتارا خوێندنەوەی نوێی بۆکراو بە ئەجێنداو ئەوینی زانستییانەوەو بە جورئەتەوە بەرۆکی عەقڵی گرتو بەشانازییەوە بواری مەعنەویاتو ئیحساسو ئەدای مەعنەویی هێنایە پێشەوە، بۆ راستکردنەوەی روانگە عەقڵییەکانو قوتارکردنی مرۆڤ لە بەرژەوەندییەکانی عەقڵو

لەپڕۆژەی شەهوانی عەقڵ. لەبەرئەوە دەتوانین بڵێین پڕۆژەی مەزنی پۆست مۆدێرنە، دیارترین مەچەکو بەهێزترین مەچەکی جوڵان و کردنی بە بابەتی رۆژ لە دەیان ساڵی مێژووی ئەوروپاو جیهاندا برێتی بوو لە پڕۆژەی لیوتار.

هەربۆیە دەکرێت بڵێین لە دنیای رۆژهەڵاتدا، کە پیاوێکی لەمجۆرە یەکەمین ئەزمونی ژیانی خۆی لە بۆتەی بەرگری پڕۆژەیەکی شۆڕشگێریدا تاقیکردەوە، کە بەرگریبوو لە خەباتی گەلی بندەستی جەزائیر، وەلێ بەداخەوە هێشتا لە دونیای عەرەبی و ئیسلامیدا لیوتار نەناسراوەو پڕۆژەکەی لە تەک باوەڕو بیری گەلانی رۆژهەڵاتدا نەخراوەتە روو، نەک هەر ئەوە ئەو کتێبانەی لەسەر خودی پڕۆژەکەی لیوتار نوسراوون بە پەنجەی دەست دەژمێردرێن.

لەکاتێکدا بەشێکی بەرینی روانگەکانی لیوتار لەتەک فەرهەنگو کلتوری رۆژهەڵاتدا ئاوێتەن بەتایبەتی لەبواری لێبوردنو پێکەوەژیانو فرەییو ئازادیخوازیدا، کە هەمیشە ئێرەی رۆژهـەڵات لەو مەیدانەدا بندەستو چەوساوەو زەبـوون بـوون. لیوتار پـڕۆژە رۆشنگەرییەکەی، پڕۆژەیەکی دەگمەنە و رۆژهـەڵات و قەڵەم بەدەستانی رۆژهـەڵاتو دنیای ئیسلام، نەیانتوانیوە کەڵک لە بڕواو باوەڕو نوسینی ئەم پیاوە وەربگرنو ئاشنابن بەو کەلێنە بەرینەی مێژووی مرۆڤایەتی کە ئەم فەیلەسوفە لە گۆڤاری کۆمۆنیزم، یان بەربەریزم دەستی پێکردو لە دیارترین زانکۆکانی ئەوروپاو ئەمریکادا، گەیاندییە لوتکەو تا ئەو رۆژەی، کە ماڵئاوایی لەژیان کرد، لە داهێنان نەکەوت. لیوتار بە مەغزی دابڕانەوە لێنەوی و بە پڕۆژەیەکی ریشەیی هاتە پێشو توانی جموجوڵ لە ئەدگارو ئامانجی مرۆڤدا بکات. لیوتار لەپێش خۆرئاواوە دەبوو لەناو کارنامەی سیاسیو ئابوریو فەلسەفیو کلتوری رۆژهەڵاتدا، شوێنی باڵای هەبووایەو لە زانکۆکانی ئێرەدا، میتۆدی کار لەسەرکردن بووایە.

بەداخێکی لـەوەی ڕۆژهــەڵاتـ قوڵترەوە، گەلی کـورد هێشتا نەیتوانیوە بە بچوکترین نوسینو باری سەرنج، مەزنە پیاوێکی وەک لیوتار بە تاکەکانیو بگرە بەنوخبەکانی و کتێبخانەی کوردی بەتاڵە لە کاریگەریو بۆنو بەرامەی لیوتارو لیوتارییەکان، هەربۆیە دەستبردنی پرۆژەی بیرمەندو فەیلەسوفانو وەرگێڕانیان بۆ سەر زمانی شیرینی کوردیو لەوانە بیرکردنەوە لە شوناسو ژیانو بەرهەمو پرۆژەی لیوتار، کە دەزگای ئایدیا دەستی بۆبردووەو پێشنیازی کردووە، ئەرکێکی مەزنو پیرۆزەو بە ئەمەکەوە دەستم بۆ بردووەو توانیومە سەرنجێکی خێراو ڕێبەرێکی خێرابم، تا مشتێک لە خەرواری مەعریفە لەبەرامبەر لیوتار ئاشناکەم بە خۆنەرانی کورد، هەروەها ببێتە دەروازەیەکی باشو کاریگەرو ئەو شەرەفەی کە یەکەم نوسینی کوردییە لەم بارەیەوە هەنگاوێک بێت، تا نوسینو وەرگێڕانو بابەتگەلی ئەکادیمی تر بەشوێنیدا بێنو وریاییەکی جدی لەبارەیەوە هەبێت. ئەمناملکەیە هەوڵێکەو ڕێبەرێکە بۆ ئاشنابوونێکی خێراو چڕو پڕ بە مەزنە پیاوێکی بواری فەلسەفەو لەوێندەر توانراوە بە کورتی ژیانو بەرهەمو نوسینەکانیو قۆناغە ئەکادیمییەکانیو بەشێک لە بۆچونکەو کارەکانی شیکارو بەراورد بکرێنو بخرێنە ڕوو.

هاوکات هەر لەم ناملکەدا، هەوڵمانداوە بـەراوردی بەشێک لە پرۆژەو بەرنامەکانی فەلسەفەو هزرو سیاسەتو ئایین لەتەک ئەم پرۆژەدا بخەینە ڕوو، کە خۆی لە ڕوانگەی مارکسو ئیسلامو بەگشتی ڕوانگەی مۆدێرنەو فەیلەسوفانی مۆدێرنەدا دەبینینێتەوە، سەبارەت بە جان فرانسوا لیوتارو پرۆژەکەی بەناوی پرۆسەی پۆست مۆدێرنەوە، هەربۆیە جێی خۆیەتی دوپاتیکەینەوە، کە ئەم هەوڵە ناکاتە هەوڵێکی تەواو کاملو پێویست بۆ لیوتارناسی، بەڵکو دێڕێکە لە هەزاران دێڕی بەرهەمو بەرینایەتی عەقڵی ئەم پیاوەو هەوڵێکی دەسپێک ئامێزە، بۆ کردنەوەی کەناڵی ترو ڕوئیای ترو

وەرگێڕانو نوسینی تر لەسەر لیوتار. هیوادارم توانیبێتم دەستەواژە ئاڵۆزو قوڵەکانی لیوتارو فەلسەفەکەی بەپێی پێویست وەرگێڕمە سەر زمانی شیرینو سەنگینی کوردیو هەقی تەواو بە کارەکەم بدەم.

**یەکەم: ژیان و بەرهەمەکانی لیوتار و فەلسەفەی ئابوری غەریزە و سێکس**

ژان فرانسوا لیوتار لەکایەیەکی فەلسەفیدا، ئەسپی خۆی تاوداو بووە ئەستێرەیەکی دیاری دونیای پۆست مۆدێرنە کە دارای بازنەیەکی فەلسەفی قۆناغێکی دیاریکراوی فەلسەفەیە. لێرەدا چەند قۆناغێکی ژیانیو چەند وێستگەیەکی گرنگ لە ژیانی سیاسیو چەند بەرامەیەکی قوڵبوونەوە فەلسەفییەکانی، لە تیۆری ئابوری شەهوانیدا پێشچاو دەخەین و لەسەریان رادەوەستین .

ژان فرانسوا لیوتار لە 10ی ئەیلولی 1924 لەدایک بووەو لە 21ی ئەپرێلی 1998 کۆچی دوایی کردووە. لیوتار فەیلەسوفێکی دیارو زانای کۆمەڵناسو تیۆریستی مەزنی فەرەنسییەکانەو توانیویەتی بەهۆی بەرهەمو تیۆرو وتارەکانی و رۆڵی ئەکادیمی خۆیەوە، نەک هەر فەرەنسا، بەڵکو تەواوی خۆرئاواو هزری مرۆڤی هاوچەرخ بە نوسینەکانییەوە سەرقاڵو مژوڵ بکات. بەوە زیاتر شۆرەتی پەیدا کرد کە بۆ یەکەمجار چەمکی پۆست مۆدێرنەی تێکەڵ بە کایەی زانستە کۆمەڵایەتییەکانو فەلسەفە کردو بەتەواوی لەو مەیدانەداو لە کۆتایی حەفتاکانی سەدەی رابردوودا، توانی ئەسپی خۆی تاوبدات. نەک هەر ئەوە، بەڵکو توانی پێکدادانی پۆست مۆدێرنە لەشیکارو شرۆڤەی خۆیدا، لەسەر رەوشی مرۆڤایەتی هەڵسەنگێنێتو فەلسەفییانە شوێن دەستی خۆی لەوپێناوەدا نیشانبدات. هاوڕێ لەتەک بیرمەندو فەیلەسوفە مەزنەکانی وەک جاک درێداو فرانسوا تشالیو جیل

دۆلۆز توانیان پەیمانگەی جیهانی فەلسەفە دابمەزرێنن، دیارە دامەزراندنی ئەم دامەزراوەیە لەو کاتو شوێنەدا، پاشان دەرهاویشتەی کارە ئەکادیمیو عەقڵ هەژێنەکانیان لەو دامەزراوەیەدا، خزمەتێکی ئێجگار گەورەو مەزنی بە نەزمو نواڕینی فەلسەفەی هاوچەرخو نوێ کردووەو لە کایەی فەلسەفەدا ئەو پەیمانگەیە ئێستاش بووەتە سەرچاوەیەکی گرنگو بەهێزی تەواوی ئەو نوسینانەی، کە لەسەر فەلسەفەی نوێ دەنوسێن.

بەشدارییە سەرەکییەکانی لە فەلسەفەدا بریتین لە رەخنەی مۆدێرنێتەو نوسینەکانییەتی لەسەر داروخانی هزرو ئایدیۆلۆژیا مەزنەکان، کە بە گێڕانەوەو چیرۆکە مەزنەکان ناوی بردوون. لەهەمانکاتیشدا رەخنەی لە خودی رۆشنگەریی گرتووەو یەکێکە لەو کەسانەی کە هەڵشاخاوە بە شاکارەکانی رۆشنگەریداو بواری مۆدێرنەی بە شیکارو شرۆڤەکانیو بە پێشنیازە نوێیەکانی قەڵسو تەریک کردوەو بە تەواوی نەوەیەک لە عەقڵمەندانی سەرقاڵی ململانێو پێکدادانی دووقۆناغ کردووە، کە بە قۆناغەکان یاخود پڕۆژەکانی مۆدێرنەو پۆست مۆدێرنە ناویان براوە، لەبەرئەوەی پێیوابووە هەمووو ئەو ئایدیۆلۆژیانە دەرهاویشتەی رۆشنگەرینو تێکڕایان یەک ئامانجیان هەیە، کە بریتین لە ئازادیخوازیو گەیشتن بە کامەرانی و خۆشگوزەرانی مرۆڤ ، لیوتار هەمووو ئەوانەی لە بازنەی عەقڵدا پیشاندابوو، بە نەزمێکی ناعەقڵانی لەبەرامبەریان وەستاو رووە نەرێنییەکانی کردنە بابەتێکی زیندووی ناو مشتومڕەکان، چونکە لیوتار پێیوایە تێکڕای ئەوانە شکستیانهێناو بەشێوەیەکی فرە فراوان لە لوتکەوە کەوتنە خوارێ، هەربۆیە دەخوازێ لەم جەهەنەمی مۆدێرنێتەدا بێنە دەرێ، ئەو دۆزەخە مرۆییەی کەمەندکێش کرد، بۆ رووداوگەلی چونکە ناکازاکیو هێرۆشیماو هۆڵەکۆست. دیسان زەمەنی مرۆڤی کۆیلەی بەرهەم و بەکارهێنانەکانی کردووە، بەو زەمەنەی ژنی کردووەتە ئامرازو شەهوەتی پیاوسالاری و ئەو زەمەنەی ئابوری خزاندووەتە

گیرفانی پێرێکەوەو ئەو زەمەنی بەشێکی بەرچاوی گۆی زەوی لە بندەستی بەشێکیتریدا بندەستکردووە، هەمووو ئەمانە لەلای لیوتار پێویستیان بە نەفەسی فەلسەفە بوو، پێویستیان بە شۆڕشێک بوو بۆ تێپەڕاندنی قۆناغێکو دەستپێکی قۆناغێکی نوێ.

هەموو ئەو رەخنەو گلەیی و گازاندانەیش، کە رووبەرووی جان فرانسوا لیوتار بوونەتەوە و خۆیان لە رەشبینیو نائومێدی ئەو لە رەوتی مۆدێرنە دەبیننەوە و پێیانوایە لیوتار هەرگیز تەماشای بەشی بە تاڵی کوپەکە ناکات. ئەویش وەک زۆرێک لە فەیلەسوف و بیرمەندە باکگراوند مارکسییەکان، هەمیشە بە چاوی رەخنەو تانەوە، دەڕوانێتە مۆدێرنەو تیۆری رەخنەیی قوتابخانەی فرانکفۆرد. ئەوە لەکاتێکدایە کە ئایدیۆلۆژیای کۆمۆنیزم شکستیهێناوەو لەبەرامبەریشدا لیبراڵییەتو دیموکراتییەت لەبرەودایە، کە زۆرێـک لە سەرەداوەکانی جڵەوی رۆشنگەری لە هـزری لیبراڵیو دیموکراتیەتەوە سەرچاوەیان گرتووە.

بەشێکیش پێیانوایە کە لیوتار وەک کەسی تر نەبوو، بەڵکو کرۆکی فەلسەفەکەی وایانکرد کە وابەستە بە بـڕواو بە پێناوێک نەبێت، لە جوانییەکانی مارکسیزمدا گەشەی کردو لە نەرێنییەکانی کۆمۆنیزم هەڵهات، ئەو هیچ دەسەڵاتێکی عەقڵ نەیبەستەوەو نەبووە دەرباری هیچ پڕۆژەیەکی پێشین، بەڵکو بۆ خۆی، خۆی دۆزییەوەو تەنانەت نەبووە دەرباری عەقڵی خۆیشیو رەخنەکانی رووبەڕووی عەقڵ کردەوە، ئیدی عەقڵی نەکرد بە شێری دارستانی هەمووو جوانییەکانی مرۆڤ.

لیوتار بۆخۆی لە ڤێرسای پێتەختی مێژوویی فەرەنسادا لەدایکبووە. خوێندنی سەرەتایی لە قوتابخانەکانی بۆڤۆنو لویسی گەورە لە پاریسدا خوێندووە. هاوکات فەلسەفەیشی لە زانکۆی سۆربۆنی فەرەنسەدا خوێندووە. تێزی ماستەرەکەی بەناونیشانی (کەمتەرخەمی وەک مەفهومێکی ئەخلاقی،

شیکاری جۆرەکانی کەمتەرخەمی لە بوداگەرایی‌و تاوی‌و ئەبیقۆری‌و هتد. پاش تەواوکردنی خوێندنی لە پۆستی توێژەردا دامەزراو لە ناوەندی نەتەوەیی فەرەنسادا بۆ توێژینەوەی زانستی دەستی بە کارەکەی کرد. ناوبراو ساڵی 1950 لە قوستەنتینەی رۆژهەڵاتی جەزائیر بووە مامۆستای فەلسەفە. پاشتریش توانی ببێتە خاوەن بڕوانامەی دکتۆراو لەماوەی ژیانیشیدا دوو جار هاوسەرگیری کردووە.

لیوتار دەستپێکی ژیانی سیاسی خۆی، وەک هەڵسوڕاوێکی مارکسی دەستپێکردو لەسەرەتادا تێکەڵ بەکارو چالاکی گروپێک بوو، بەناویی کۆمۆنیزم، یاخود بەربەریی. ساڵی 1954 وەکاتێک هەوڵیدا مارکسییەت ناچار بە ملدان بکات، بۆ هەندێک رەخنەی خودی لەکایەی بەخۆداچونکەوەی هزری، کە هەندێک وتەو وتاری بنچینەیین، ئەویش لەوەوە سەرچاوەی گرتبوو، کە شرۆڤەو شیکاری ترۆتسکی لە دەرکەوتەی جۆرێکی نوێ لە هەیمەنەی سۆڤییەتدا بەپێی پێویست نەبووەو نەیپێکاوە. ئەودەم لیوتار تەنێ کەسێک بوو لە گروپێکی بەرفراوانی مارکسیەکان و رۆشنبیرە کۆمۆنیستەکان، کە رەخنەی دەگرت‌و دەربڕینی رەخنەیی هەبوو لە هەڵسوکەوت‌و ئەتواری سیاسی‌و هزری، بەتایبەتی لەپاش جەنگی جهانی دووەم رەخنەکانی رووبەڕوی حزبی شیوعی فەرەنسی بوون. هاوکات لەودەمەدا بیرمەندی دیارتر. لە دیارترینی ئەوانەی کە لە رەوگەی رەخنەییدابوون، بریتی بوون لە رۆجیە گارودی‌و لوی ئالتۆسێرو هێربرێت مارکوزەو بودریلار. لیوتار پەیامنێری رۆژنامەیەک بوو، کە گروپەکە لە وڵاتی جەزائیر دەری دەچوواندو زیاتر جەختی لە سەر رووداوەکانی پەنجاو شەستەکانی جەنگی جەزائیر دەکردەوە. ئەوەی نومایان کراوە لەسەر ناوەڕۆکی وتارەکانی ئەو دەمی لە رۆژنامەکەدا، بریتیبوون لە چەندین وتار لەبارەی هزرو سیاسەتی نێوان مارکسییەت‌و ئەرسەدۆکسییەت، یاخود لە نێوان هزری سیاسی‌و تیۆریدا، پێداگری فرەی

کردووە .

لیوتار بەتەواوی رەخنەی لە جۆری مامەڵەی حزبی کۆمۆنیستی فەرەنسی هەبوو، لەتەک شۆڕشگێڕانی جەزائیردا، پارتی کۆمۆنیستی فەرەنسی شۆڕشەکەی لە وێنای خۆیدا، هەستانی دەنگە نارەزاییەکان و پرۆلیتاریا بوو دژ بە سەرمایەداریی، لە کاتێکدا لیوتار پێیوابوو شۆڕشی جوتیارو خەڵکی ناو کێڵگەکان، هیچ پەیوەندییەکی بە ململانێی چینەکانەوە نەبوو، وەک ئەوەی شرۆڤەی مارکسی بۆ وڵاتە پیشەسازیەکانی دەکرد. هەروەک چۆن لیوتار هەڵوێستی حزبی کۆمۆنیستی فەرەنسی لە راپەرینی خوێنکارانی فەرەنسادا دایە دواوە، ئەو راپەرینەی کە لەساڵی 1968 دا فەرەنسای هەژاندبوو. هەر لەو دەمـەدا بوو، کە بەتەواوی لە گروپی مارکسی هاتە دەرێو لەو پەیوەستیەی بە کۆمەڵەی مارکسیو بەربەرییەوە هەیبوو لێکدابڕا. ئەو دابڕانە ساڵی 1964 بوو، ئەوەبوو پەیوەندی کرد بە گروپێکی تری چەپەوە، وەلێ لەتەک ئەوانیش تا دووساڵ بەردەوام بوو، دواجار ساڵی 1966 وازی لە وانیش هێنا. پاشتر بە تەواوی لە مارکسیەت جودا بوویەوە، ئەوە کاتێک بوو، کە پەرتووکە نوێیەکەی بەناوی ئابوری لیبیدۆیی، یان ئابوری شەهوانی خستەروو. وەک وترا لیوتار لە قوستەنتینەی جەزائیر وانەی فەلسەفەی دەوتەوە. لە دەستپێکی حەفتاکانیشدا لە زانکۆی پاریس حەوت وانەی دەوتەوەو تا لە ساڵی 1987 بووە ئوستادی فەخری ئەو زانکۆیە. لەو میانەدا وانەکانیشی بردە دەرەوەی فەرەنساو لە وڵاتانی دیکەدا سیمیناری بۆ سازدەکراو وانەی دەوتەوە. بەشێوەیەکی سەرەکی وەک مامۆستای تیۆری رەخنە لە کالیفۆرنیا وانەی دەوتەوە، هەوەها وەک مامۆستای وانەبێژ لە گەلێ لە زانکۆکانی دیکەدا وانەی دەوتەوە لەوانە: زانکۆی کون هوبکنز، زانکۆی کالیفۆرنیای بیرکلی، زانکۆئ ئییل، زانکۆی ستونی بروک، زانکۆی کالیفۆرنیا لە سانتدیگۆ، زانکۆی مۆنتریال لە کویکبیکی

کەنەدا، زانکۆی ساولۆ پاولۆی بەرازیل، هەروەها بەڕێوەبەری دامەزراوەو ئەندامی ئەنجومەنی پەیمانگەی جیهانی بوو بۆ فەلسەفە لە پاریس. ماوەی پێش مەرگی لە نێوان فەرەنسا و ئەتڵانتادا دەگوزەراند، کە وانەی فەلسەفەو زمانی فەرەنسی لە زانکۆی ئیموری دەوتەوە. لیوتار بەتەواوی لە تیۆرو بۆچونکەکانیدا دەگەڕایەوە سەر چەمکو تێگەیشتن لە پۆست مۆدێرنەو تەواوی وتارەکانو پەرتوکەکانی کراونەتە ئینگلیزی یان بە ئینگلیزی بوون، گرنگترینی نوسینەکانی لەم کایانەدا خۆی بینیوەتەوە، شیکاری پۆست مۆدێرنە بۆ زارۆکان، بەرەو پۆست مۆدێرنە، چیرۆکی پۆست مۆدێرنە بۆ زارۆ، لیوتار وەختێ مەرگ بەرۆکی گرت لە کۆنگرەیەکی زانستیدا بوو بە ناوی پۆست مۆدێرنە و میدیا. پاش ئەوەی دووچاری شێرپەنجەی خوێن ببوو، بەشێوەیەکی خێرا ئەو نەخۆشییە پەشێوی کردبوو، ئەوەبوو دواجار ساڵی 1998 ماڵئاوایی یەکجارکی لە ژیان کرد.

### دووەم: ژان فرانسوا لیوتار و پۆست مۆدێرنێتە (1998/1924)

ژان فرانسوا لیوتار وەک فەیلەسوفێکی پۆست بونیادگەرا، گەڵاڵە کاریگەرو باڵاکەی پۆست مۆدێرنیزم، باشترین ناوبانگی لە کایەی پۆست مۆدێرنەدا پێبەخشی. هەر ئەو گەڵاڵەیەش بوو، کە هێنایە پێشەوەو بە بڕوا سەرنجڕاکێشەکانی توانی بەشێکی بەرینی نوسەرانو لێکۆڵەرانی بواری سیاسیی و ئابوری و کۆمەڵایەتی، بهێنێتە ناو بازنەیەکەوە، کە خودی خۆی پێشەوایەتی هەمووانی دەکرد.

هەرچەند لەم لێلێکۆڵینەوەیەدا بەشێوەیەکی سانا شەنو کەوی ژیانو کارەکانی ئەم فەیلەسوفە کراوە، وەلێ فەیلەسوفی بە ناوبانگی ناو کایەکانی جوانناسیو سیاسەتو فەلسەفەیە، ئەزمونێکی باڵای لەتەک گەلێ

لە ڕەوگەو ڕێبازەکاندا هەیە. لێرەدا بەشێوەیەکی گشتی، دەکرێت کارەکانی ناوبراو بەسەر سێ جۆر کاری سەرەکیدا دابەشبکەین. نوسینە سەرەتاییەکان بریتین لە نوسین لەبارەی دیاردەناسیی، سیاسەت، ڕەخنە لە بونیادگەرایی، فەلسەفەی ئارەزووی شێلگیر، کاری دواتریشی فەلسەفەی چێژو ئارەزووی شێلگیربوو، پاشان کاری لەسەر پۆست مۆدێرنیزم‌و جیاوازیی کرد. هەرچەند زۆرترینی کارەکانیشی هاوتای ڕوانگەیەکی جێگیرە، کە لەواقیعدا پێکدێن لە ڕووداوگەلێکی دەگمەن، کە ناتوانرێت لە ڕووی تیۆری عەقڵانییەوە فرە بەوردی نومایان بکرێن. ئەمەیش لەلای لیوتار، دارای هاوردەیەکی سیاسی قوڵ‌و پڕواتایە. لەوێوە سیاسەت ئەوە دەخوازێ، کە لەسەر بنەمای نوێنەرایەتییەکی دروستی واقیعی نومایان بکرێت. لێرەدا فەلسەفەی لیوتار بابەتگەلی باو و هاوبەش لەبەرامبەر بونیادگەرایی‌و بیری پۆستمۆدێرنیزم نیشاندەدات. لێرەدا هێزی عەقڵ دەخاتە ژێر پرسیارەوە، هاوکات پێداگری دەکات لە بایەخی هێزە نا عەقڵانییەکانی وەک هێزی سۆزو هەستەکان. هاوکات هیومانیزم‌و بیری فەلسەفەی کلاسیکی، مرۆڤ وەک بابەتێکی چەقگیرو سەرەکی ماریفە دەداتە دوواوە. هەروەها بەرگری‌و پشتیوانی خۆیشی بۆ فرە ڕەگەزیی و جیاوازیی دووپاتدەکاتەوە. هاوکات ئەوەیش نیشاندەدات، کە تێگەیشتنی کۆمەڵگە لە چەمک‌و چوارچێوەی پێشکەوتنی گۆڕانە سیاسی و زانستی و تەکنەلۆژی و کەلتوریەکانی کۆتایی سەدەی بیستەم سڕاونەتەوە.

لیوتار لەتەک ئەو بابەتە هاوبەشانەدا بە ڕێگەیەکی فرە بەهادارو باڵاو ڕەسەن، مامەڵەو دەستوپەنجەی نەرمدەکات، هاوکات کارەکانی گەلێ لە چەمک‌و دەستەواژە باو و گشتییەکانی پۆستمۆدێرنیزم، لە کایەکانی خەیاڵ‌و وردو وریایی‌و قوڵیدا تێدەپەڕێنێت، لەبەرئەوە هزرو هێزی لیوتار، هێشتا لە کایەکانی مشتومڕە هاوچەرخەکانی دەوروخولی سیاسەت‌و فەلسەفەو تیۆری

کۆمەڵایەتی و توێژینەوە کلتورییەکانو هونەر و جوانناسیدا، بایەخێکی بەرزو پێناوێکی زیندوویان هەیەو شوێنی خۆیان پاراستووە.

چونکە پۆست مۆدێرنە لەگەڵ لەکایەکاندا ئەودیوی مۆدێرنەکانی گرتووەو لەبەشی جوانیو هونەرو تەلار ناسیو ئەندازیاریشدا ستایلو شێوازو نەخشی تایبەت بەخۆی هەیەو میکانیزمێکی بەهێزی راچەنین ئەو زانستانەیشی گرتووەتەوەو لە زانستەکانی پێشخۆیو لە تەوەری مۆدێرنەی خۆرئاوا، بە تەواوی جیایکردووەتەوە، لەبەرئەوە دەتوانین بڵێین لیوتار، نەک هەر سیاسیو رۆژنامەنوسو سۆسیۆلۆژ و فەیلەسوفی هاوچەرخ بووە، بەڵکو جوانناسو هونەرمەندو پەی بە زۆربەی کایەکانی زانست بردووەو ئاشنایان بوە و بە سەلیقەو سیمایەکی لۆژیکییەوە، توانیویەتی شوێنیان لە نوسینەکانیدا بکاتەوە.

ژان فرانسوا لیوتار لە ڤینسینی فەرەنساداو لە 10ی مانگی هەشتی 1924 چاوی بەژیان هەڵهێناوە. بابی ژان بێر لیوتار نوێنەرو نمایندەی کڕینو فرۆشی بازاڕ بوو. ناوی خانەوادەی دایکیشی مادلین کاڤالی بوو. بە زارۆیی لە بۆڤۆنو لوی لوجرادی پاریس نرایە بەر خوێندن. لە نەوجەوانیدا کەڵکەڵەی بوونە راهیبی دۆمینیکان، تابلۆکێش، مێژوونوس، یاخود رۆماننوس لە سەریدا بوو، وەلێ دواجار رێی فەلسەفەی دایە بەرو ئەو کایەیەی لەژیانی خۆیدا هەڵبژارد .

ئیدی توانی لە زانکۆی سۆربۆن هەریەک لە فەلسەفەو ئەدەب بخوێنێت، دیارە ئەوە کاتێک بوو، کە دوو کەڕەت لە تاقیکردنەوەکانی چونکەە ناو خوێندنی مامۆستایانی باڵا شکستیهێنابوو. ناوبراو لە زانکۆی سۆربۆن بوویە هاوەڵی جیل دۆڵوز.

یەکەمین بایەخی خۆی لە فەلسەفەی رواڵەتی و ئاسانکار دەبینییەوە، ئەمەیش بوویە ئاکامی پایاننامەکەی لە ماستەردا کە خۆی لە ناجیاوازیو

سادەکاری یاخود بێ موبالاتی فەلسەفە دەبینییەوە، وەک چەمکێکی ئەخلاقی. لیوتار لە پێناسەی بوونی خۆیدا، هەتاوەکو جەنگی جیهانی دووەم، خۆی لە رەوشێکی شاعیرانەو گۆشەگیرو وابەستەو رۆچوو دەبینێتەوە، ئەمەش لە شێوازی بیرکردنەوەو رەوشی ژیانی خۆیدا، هەڵسەنگاندنی بۆ کردووە. وەلێ جەنگ هۆیەک بوو تا هەردوو رەوگەی ژیانو بیرکردنەوەو ئەندێشەی تێکبشکێنێتو لەگەڕیان بخات. چونکە ئەویش مژوڵبوو بە شەڕەوە، لیوتار لە مانگی هەشتی 1944دا وەک خۆبەخشێکی فریاگوزاری سەرەتایی لەبەرەکانی جەنگدابوو، لە رزگارکردنی کوچەو شەقامەکانی پاریسدا، لەکارەکەی بەردەوامبوو. لەودەمەدا ناوبراو وازی لە بیرکردنەوەی جیاوازی هێناو روویکردە هەڵسەنگاندنی واقیعگەرایی‌و لەرێگەی کاردانەوە کۆمەڵایەتییەکانەوە، خۆی گلاند لەو رەوشە نوێیەی بیرکردنەوە. لیوتار بەزوویی‌و هەر لەتەمەنێکی لاویدا ژیانی هاوسەری لەتەک ئەندرۆ مای دا پێکهێنا، ئەوێ دەم ساڵی 1948 بوو، دووابەدووای ئەوە، بووە خاوەنی دوو زارۆ، بە ناوەکانی کۆرین‌و لۆرانس. هاوکات توانی لەتاقیکردنەوەی تایبەت بە وتنەوەی وانە لە فەرەنسادا سەرکەوتووبێتو توانی بڕوانامەی پەیوەست بە وتنەوەی وانە فەلسەفییەکان بەدەستبهێنێتو بە تایبەت لە خاکی داگیرکراوی جەزائیردا، کە ئەوێ دەم لەساڵی 1950 دا، لەژێر دەسەڵاتی فەرەنسادا بوو. بەمجۆرە توانی لەساڵی 1952 تا 1959 لە قوتابخانەدا و لەشاری فلیشدا وانەی، تایبەت بە نەوەی سەربازەکان بڵێتەوە. ناوبراو لەشاری قوسنەتینیەدا مارکسی خوێندەوەو بە تـەواوی ئاشنابوو بە رەوشی سیاسی جەزائیر، هەربۆیە لەو بڕوایەدابوو، کە ئەو کیشوەرە ئیدی ئامادەو سازە بۆ شۆڕشێکی سۆشیالیستی، هەربۆیە لەساڵی 1954 دا لیوتار پەیوەندی کرد بە رێکخراوی شۆڕشگێرانی سۆشیالیزمەوە (سۆشیالیزم، یان بەربەرییزم) ئەندامانی دیکەی رێکخراوەکە هەموو ئەم کەسایەتیانەی لەخۆدەگرت، کە بریتی بوون لە

کۆرنلیوس کاستۆریادیس، کۆرن لوفر و پیر سۆیرس. لیوتار له کۆبوونەوەی یەکێتییەکە له کۆتایی 1950 چاوی کەوتبوو به سۆوریس، هەربۆیه ئەوان دارای پێوەندییەکی نێزیکو دۆستانه بوون، وەلێ دواتر به بوونی ناکۆکییه تیۆری‌و سیاسییەکان، تەنگژەو ململانێ له نێوانیاندا سەریهەڵدا. لەم کاتەدا لیوتار ببووه هەڵسوڕاوێکی پەڕگیری بیرمەندو بۆماوەی پازده ساڵ له خەم‌و خولیای شۆڕێکی سۆشیالیستیدا بوو.

ئەو تەنها رێگەیەکی عاشقانه پێناسەی ئەو رێبازەی دەکردو پێیوابوو، ئیدی بوارێکی تر بۆ ژیان بەبێ ئەو بواره بوونی نییه، هەربۆیه لەو نوارین و نەزمەدا خۆی دەبینییەوە. نوسینەکانی لیوتار لەو قۆناغەدا تەنێ لەدەوروخولی سیاسەتی شۆڕشێکی چەپگەرای پەڕگیرو توندا دەخولانەوە. لەم پێناوەدا به تەواوی جەختی له رەوش‌و رەوگەی سیاسی کیشوەری جەزائیر کردبوویەوە. به وردی‌و به ئەمەکەوە باری سەرنجی خۆی لەو کیشوەرەدا چڕکردەوەو بەراوردی ئەوێی بەکیشوەرەکانی تر کرد، زانی ئەو سیاسەت‌و ویژدانەی کیشوەری فەرەنسا پێشدەخات، هەر ئەو سیاسەت‌و ویژدانەیە، که لەم وڵاته دواکەوتووەدا ژیانی پەک خستووە، لەوێدا تایبەتمەندی‌و دەرهاویشتەی عەقڵی مۆدێرنەی بەچاوی خۆی بینی، بینی چۆن ئازادی کڵۆم دراوەو چۆن بەسانایی خوێن دەڕژێت‌و چۆن سیاسەت گەمەی بێ مانای خۆی، به تەواوی مرۆڤی ریسواو شەرمەزار کردووە. زانی ئەوە مۆدێرنەیه ئاڵاوەته ئاسودەیی مرۆڤ و ئەوە عەقڵه پەڵپ به هەناسەی ئازادی دەگرێت.

ئەوکات لەساڵی 1954، جەنگی سەربەخۆخوازی ناوی سەندبوو. ناوبراو لەوکاتەدا رۆڵی هەبوو له بەشداریکردن له رەوشەکەدا، چونکه توانی گۆڤاری سۆشیالیزم، یان بەربەریزم دەربکات‌و بەسەر فەرمانبەر و پاڵەو کرێکاراندا دابەشی بکەن‌و نوسراوەکان به دەرگاو دەروازەی کۆمپانیاکاندا هەڵبواسن. یەکەمجار لەرێی گۆڤارو کاری رۆژنامەوە پەنجەی له هۆشیاری

کۆمەڵگە وەرداو ئوانی بە بڵاوکراوەکان شۆڕبێتەوە بۆ ناو ئەو دونیاو ڕاستییەکان، کەم تا زۆر بدرکێنێت. لەساڵی 1964 دا ناکۆکیو ململانێ سەریهەڵداو لەناوەندی شۆسیالیزمو بەربەریزمدا گروپی نوێ لەسەر بنەمای تیۆری سیاسیی کاستۆردیاسدا بۆ ناو گروپەکە هاتنەئارا. لەم کاتەدا لیوتار هاوڕابوو لەتەک سۆوریسدا. ئەوەبوو بووە ئەندامی گروپێکی جیابووە لە ڕەوتی سۆشیالیزم بەناوی هێزی کرێکاران. وەلێ فرە بـەردەوام نەبوو، چونکە لەساڵی 1966 دا وازی لەو گروپە هێناو دەستی لەکارکێشایەوە. لێرەوە لیوتار باوەڕو متمانەی خۆی بە مارکسگەرایی لەدەستداو پێیوابوو وەک تیۆرێکی گشتگیرو هەمەشت ناکرێت پشتی پێببەسترێت، هەربۆیە دیسانەوە گەڕایەوە بۆ لێکۆڵینەوە و قوڵبوونەوە لە فەلسەفەو لەو بارەیەوە نوسینەکانی خۆی چڕکردەوە.

لیوتار لە ماوەی 1959 بۆ 1966 لە زانکۆی سۆربۆندا وەک مامۆستای یاریدەدەر دەستبەکار ببوو، پاشان لە بەشی فەلسەفەی زانکۆی پاریس ئێکس نانتیر، توانی پۆستێک بەدەستبهێنێت و دەست بەکاربێت. ناوبراو بەشداریی لە چالاکییە سیاسییەکانی مانگی پێنجی 1968دا کرد. یەکێک بوو لە ڕێکخەرانی خۆپیشاندانەکانی بزووتنەوەی 22ی مارس لە فەڕەنسادا. لیوتار هەر لەو قۆناغەداو لە ناوەندی شەستەکاندا توانی، لە سیمیناوۆرک شۆپەکانی جاک لاکانی شیکەرەوەی رادیکاڵی بواری دەرونیدا ئامادەبێت، ئەو سیمینارو کۆڕانەی، گەرمو گوڕی دابوویە تیۆرە باوەکانی ناو رۆشنبیرو سەوداکەرانی فەلسەفە لەو قۆناغەدا، هەڵچونکەو وەڵامدانەوەکانی لیوتار بۆ جاک لاکان لەبارەی گوتارو شێوە و شکڵە تیۆرییەکانی، بوونە هۆی ئەوەی، کە بتوانێت لەو بوارەدا پلەی دکتۆرای میریی بە دەستبهێنێت. لە ساڵی 1968 بۆ 1970 لیوتار بوویە بەرپرسی ناوەندی نەتەوەیی فەرەنسی بۆ توێژینەوەی زانستی. ئەم کارەی لیوتار بوارو بایەخێکی مەزنی لەبەردەمدا کردەوەو بەتەواوی

خۆی بۆ دنیای نوسینو چڕکردنو پتەوکردنی تیۆرەکانیو بەهێزکردنیان بە بەڵگەو مانای دروست یەکلاییکردەوە. هاوکات لە دەستپێکی حەفتاکاندا، لیوتار وەک مامۆستای زانکۆی پاریسی هەشت، ڤینیسین دیاریکرا، لەوێ شۆرەتی پەیداکردوو، بووە نوسەرێکی پڕبەرهەم و ناوازەی ناو ئەو قۆناغە. لەساڵی1972 دا چەند کۆنفرانسێکی بەست، دواتر لە کاری فەلسەفەدا، ناو شۆرەتی فرە رۆیشتبوو، لە ساڵی 1987 دا لە ڤینیسین نازناوی پرۆفیسۆری فەخری پێبەخشرا.

لەساڵی 1979 دا بڵاوکراوەکانو چاپەمەنی لەسەر رەوشی پۆست مۆدێرنیزم، بەتەواوی لیوتاریان لەسەرانسەری جیهاندا کردە قەڵەمو قەلەندەرێکی چوستو چالاکی ئەو مەیدانە، هەربۆیە لەهەشتاکانو نەوەدەکاندا، لیوتار وانەی لە ئاستێکی بەربڵاوی دەرەوەی فەرەنسا دەوتەوەو بە تەواوی رۆشنبیران ئاشنابوون بە تیۆرو نوسینو سیمینارو رەخنەکانی لە رەوشی پۆستمۆدێرنەدا، بوونە یەکەمین مشتومڕی گەرمی کایەی فەلسەفە.

ئەم شۆڕبوونەوەیە بۆناو دەزگا ئەکادیمییەکانو ئەم دەرهاویشتەیە لە ئەنجامی کارو نوسینەکانیدا لیوتاری ناساندو کردیانە پاڵەوانێکی هاوچەرخی فەلسەفەو ئیدی لە تەواوی کێشە سیاسیو ئابووریو کۆمەڵایەتییەکاندا، دەستی ئاتاج بۆ لیوتار دەبراو قوتابخانەکانی سەر بەباڵی ئەم لەپێشترین پەناو پێناوی رۆشنبیران بوون. بەدەر لەو کایانە، لە زمانەوانیشدا شوێنی دیاربوو، چونکە هاوکات پرۆفیسۆری فەرەنسیو ئیتاڵی بوو لە زانکۆکانی کالیفۆرنیا، ئیرفین، رۆبەرت دەبلیۆ. پرۆفیسۆری ودرۆف لە زانکۆی ئیمۆری، هاوکات ئەندامی دامەزرێنەرو هەندێک کاتیش سەرۆکی کۆلێژی نێونەتەوەیی فەلسەفە بوو. لەگەڵ ئەوەشدا ئوستادی سەردانکەرو خوازراوی گەلێ لە زانکۆ بەناوبانگە جهانیەکان بوو، لەوانە زانکۆی کالیفۆرنیا لە بیرکلی، سانتیاگۆ، زانکۆی مینیسوتاو مۆنتریاڵی کەنەدا، زانکۆی سیگن ئەڵمانیای

خۆرئاواو زانکۆی سان باولۆ لەبەرازیلو چەندین زانکۆی تر. ئەو لەساڵی 1993 دا دووەم خێزانی خۆی پێکدەهێنێتو لە تەک خانمێکدا بە ناوی (دولوریس) ژیانی هاوسەری پێکدەهێنێنەوە. دواتر لە 21ی مانگی چواری 1998 دا بەهۆی نەخۆشی شێرپەنجەی خوێنەوە لەشاری پاریسدا ماڵئاوایی لە ژیان دەکات..

**دووەم: کارە یەکەمینەکانی**

**1 . دیاردەگەرایی:**

یەکەمین پەرتوکی لیوتار ساڵی 1954 بڵاوکرایەوە، ئەم پەرتوکە بە پێشەکییەکی کورتەوە، هەڵسەنگاندنو شەنو کەوی دیاردەگەرایی تێدا خرابوویەڕوو. لە بەشی یەکەمی کتێبەکەدا دیاردەگەرایی لە رێگەی کارەکانی (ئیدمۆن هوسرێڵ)ەوە خرابوویەروو. لەوێدا بەوردی دیاردەگەرایی پێشنیازکرابوو، بەڵکو ریشەو رەونەقو کاریگەرییەکانی لەناو کایەی فەلسەفەدا داڕێژرابوونو پەیوەستیش کرابوون بە ئاگایی کۆمەڵگەوەو بەوردی لەسەر پرەنسیپە سەرەکییەکانی دیاردەگەرایی، وەستانی هێمنانە کرابوو، هەربۆیە ئەو نوسینە پێشینەکانی تایبەت کرد بەو پێناوەو لەوێوە زەمینەی بۆ گەلێ کایەو کەناری تر رەخساند.

2. بەشی دووەمیشی زێدەتر هەڵسەنگاندنو تاوتوێکردنی پەیوەندی دیاردەگەرایی بوو بە زانستە مرۆڤایەتییەکانەوە، بەتایبەتی لەتەک زانستەکانی مێژوو، دەروونناسی، کۆمەڵناسی. هەر لەبەشی دووەمدا سەرنجی وردی نوسەر لەسەر هوسرێڵ لادەچێتو زێدەتر کارەکانی مۆریس مونرۆ بۆنتی شرۆڤە دەکرێن. هەرچەند کە لیوتار پەیوەستبوو بە هەوڵی دیاردەگەراییەوە تا لەوێوە رێگەی سێهەم بدۆزێتەوە، کە لە نێوان خودگەرایی و ماددەگەرایدایە

و هەوڵیداوە لە گرفنەکانو کۆسپەکانی هەرکامێکیان قوتاری بێتو خۆی بەدوور بگرێت. بەتایبەتی لیوتار بایەخداربوو بەوەی کە لەئاقار ئەو گرفنەدا پشودرێژبێت، کە لەپرسو جۆی ئەوەدابوو، ئایا دەتوانێت لەبەرامبەر دیاردەگەرایدا بەشێوەیەکی سیاسیی بیر لە مێژوو بکرێتەوە ، چونکە بەم نەزمە دەکرا بەشداربێت لە رەوگەی مارکسیزمدا.

دیـارە ئـەم بابەتە کە برێتییە لە پەیوەندی دیـاردەگـەرایـی بە مارکسیزمەوە، تەواوی بیرمەندانی فەرەنسای لە پەنجاکاندا مژوڵو مۆڵەق کردبوو، لەبەرئەوە پەرتوکەکەی لیوتار بە دۆکیۆمێنت کردنێکی بەسودو ئاتاجێکی خوازراوی ئەو دۆزو دژوارییەی ناو ئەو پرسە بوو. هاوکات زۆرێک لە شرۆڤەو شیکارەکانی پۆزەتیڤو ئەرێنی بوون. لێرەدا لیوتار پێداگریو پەی بەوە دەبات، کە دیاردەگەرایی دەتوانێت بەشدارییەکی بەهاداری هەبێت لەتەک زانستە کۆمەڵایەتییەکاندا. کە دیارە لەوێدا دەبێت لەخزمەتی ئەم دوو ئەرک و ئەدایەدا بێت:

یەکەم، ناوەڕۆکی ئامانجی زانستەکە پێناسە دەکاتو دەیخاتە روو، ئەمەیش پێش هەمووو ناوەرۆکو پێش هەمووو ئەزمونو تاوتوێکردنێک. دووەم: بەشێوەیەکی فەلسەفیش ئاکامەکانی هەڵسەنگاندنو ئەزموونەکە هەڵدەسەنگێنێتو تاوتوێیدەکات. بۆنموونە لیوتار ئەوە دەخاتەڕوو کە سۆسیۆلۆژی دارای پێویستی بە پێناسەو شوناسی دیاردەگەراییو ناوەڕۆکی کۆمەڵایەتییە، پێش ئەوەی بتوانێت وەک زانستێکی کاراو کاریگەر خۆی نومایان بکاتو بخرێتە گەڕ. لەبەرئەوە لیوتار لەو ماوەیەدا سودمەندیی دیاردەگەرایی لەگەڵێ لە دیسپلینەکاندا دەبینێت. هەرچەند کە ئاکامگیرییەکانی لیوتار لەبەرامبەر سودمەندیی دیاردەگەرایی بۆ مارکسیزم بەشێوەیەکی بەرین، نێگەتیڤ نومایان کراون. ئەو لەوبارەیەوە مشتومڕ دەکات، کە دیاردەگەرایی لەبەرامبەر مارکسیزمدا هیچ پێشڤەچونکەێک پیشانناداتن، بەڵکو لەراستیدا

ئەوە هەنگاوێکە بەرەو دواوە، لەبەرئەوە لەلای لیوتار دیاردەگەرایی ناتوانێت گەڵاڵەیەکی رێکو پێکو تەندروست لەبەرامبەر دنیابینی مادیو سروشتی بابەتی پەیوەست بە پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان نیشانبدات، لەبەرئەوە ئەو رەوشە ململاناو خەباتی چینایەتی وەک ئەوەی لە ئاگاییدا روودەدات، کۆتایی پێدێنێت، بۆیە لیوتار هەوڵی دیاردەگەرایی بۆ دۆزینەوەی رێگەی سێهەم لەنێوان خودیو بابەتگەرایدا دەداتە دواوەو پێداگریدەکات، کە مارکسیزم لە نومایانی خودگەراییدا باڵاترە، هەروەک ئەوەی کە لە خودی خودگەراییدا ئەو رەوشە بەرجەستەبووە.

**2 · جەزائیر**

لە پانزە ساڵی نێوان هەردوو پەرتوکە یەکەمینەکانی لە بەرامبەر فەلسەفە، لیوتار هەمووو هەوڵەکانی نوسینی خۆی تەرخانکردبوو بۆ دۆزی سیاسەتی شۆڕشگێڕیی. بەرچاوترین نوسینەکانی ئەم قۆناغەی بەشداربوون لە گۆڤاری سۆشیالیزم، یان بەربەریزم کە لەبارەی رەوشی سیاسیی جەزائیرەوە بوو. رەوشی سیاسی جەزائیر بۆ ئەو تاقیکردنەوەیەکی کرداری بوو، لەو رەوشەدا رووی دروست، یان نادروستی فەلسەفەکەی خۆی دەبینییەوە، هەربۆیە لەو ماوەیەدا بازدانو راچەنینو گواستنەوەو رەخنەی لە رابردووی خۆی بەهێزترتر بوو.

دیارە کە زۆرترینی ئەوانە لە نوسینە سیاسییەکاندا کۆکراونەتەوە. پرۆژەی گۆڤارەکە خۆی لەوەدا دەبینییەوە، کە سەرچاوەگەلێکی تیۆریی بهێنێنەگۆڕێ بۆ بەشداریی لە شۆرشێکی سۆشیالیستیداو هاوکات رەخنەو پلاری لە رەوتو رەوگە سۆشیالیستییەکانی دیکەی کردبووە بنێشتە خۆشەی ناو نوسینەکان، بەتایبەت رەخنەکانی لەسەر ستالینیزمو پارتی کۆمۆنیستی فەرەنسی بوو. ئەوەی ئەو بڕوایەی لەلای خەڵکی بەهێزتر کرد، بریتی

بوو لەوەی دەمارگیرو پەڕگیر نەبوو، بڕوای بەهیچ رەوگەیەکی باژۆیش نەبوو، بەڵکو لێبوردانەو پێکەوەییانەو جەسورانە بڕیاری دروستی دەداو زمانێکی کۆمیدی توندترین هێرشی بوو لەسەر نەیارانی بۆچونکەەکانیو ئەنێ بەزمانێکی کۆمیدی مەهزەلەی بە ئایدیا، یان واقیعێک دەکرد، کە دووربوو لە واقیع یان راستییەوە. هەر بۆیەش تامو چێژێکی سەیر لە گەلێ لە وتارەکانیدا خۆی حەشار دابوو، کە هەوێنی هەموویان بریتی بوو لە مرۆڤ دۆستیو ئاشنایەتی بە راستییەکان. ئەو لەبەرامبەر ستالینییەکان وای نیشاندابوو، کە پێیانوابوو کۆسپو کرمی ناو داری شۆڕشو خەباتن، هاوکات رەخنەشیان لە بیۆکراتییەت دەگرتو شرۆڤەی نەرێنییەکانیان دەکرد، چونکە رەخنەکانی تەنیا ئاڕاستەی رەوتو رێبازو دوژمنێکی پێشتر بڕیار لەسەردراو نەبوو، بەڵکو چرکە بەچرکە نیازو نواڕینی بەرامبەرەکانی دەخوێندەوەو لەسەریان دەپەیڤا.

لە بابەتەکانی پەیوەست بە جەزائیر، لیوتار روئیای خۆی لەمەڕ داگیرکاریی فەرەنسا دەخستە روو، هاوکات هەوڵەکانی بۆ دەستنیشانکردنی ئەگەریی شۆڕشێکی سۆشیالیستیو راپەرینێک دژ بە رەوشەکە تاوتوێ دەکرد. هاوکات سەرنجی وردی خستبووە سەر هێزە ئابوورییەکانی ناو رەوشی داگیرکاریی جەزائیر و ئەوەی خستبووە روو کە لە بەرژەوەندی ئابوری فەرەنسایە کە وڵاتی جەزائیر لە رەوشی دواکەوتوویی‌و هەژاریو بندەستی دا بهێڵێتەوە. هەر ئەمەیش بوو باوەڕی ئەوی بەهێزتر کرد لەبەرامبەر نەنگییەکانی مۆدێرنەو عەقڵی بەرژەوەندخوزی مادیو ململانێی شەهوەتو غەریزە لە بندەست کردنی ئابوریو ئامانجی ئەوانی تردا.

زیاد لەوەیش لیوتار دێت و چەمکی تیرۆر ئاشنا دەکات، دیارە ئەم چەمکە لەناو نوسینەکانی تری داهاتوویدا فرە بە چڕوپڕی پەرەپێدەدات. هاوکات دەستنیشانی بن دەستکردنو چەوسانەوەی کەلتووریی جەزائیرییەکان

به سەپاندنی فۆرمەکانی کەلتوری غـەوارەو غەریبی فەرەنسییەکان لە سەریاندا. لە کۆتاییدا لیوتار دێتە سەر ئەوەی، کە پێویستە داگیرکاریی کۆتایی پێبهێنرێت، ئەوە لە کاتێکدا ئەگەر خەڵکی جەزائیر ئامادەییان هەبێت، وەلێ لیوتار لەو رەوشەدا بە دڕدۆنگی لە بەرامبەر تواناو تینی شۆڕشێکەوە ئێمابوو، چونکە نەیدەزانی چۆن ئەو باوەڕە نەرێنیانە لە بیری خەڵکیدا دەربهێنێت، کەلایان وابوو باوەڕی شۆڕشگێڕی  خۆیانیان بۆ دەکردە قوربانی. هۆشیاری لەو کاتەیشدا ئەستەم بوو، دەنگی میدیاو نوسینو راپۆرت کەمتر گوێی بۆ دەگیرا، کەلتورەکە ماندو بوو، هۆکاری بیستن و حاڵی بوون فرە، کەم کاری خۆی دەکرد. هاوکات لیوتار لەو باوەڕەدابوو، کە شۆڕشی ناسیۆنالیستیو دیموکراتی هۆکاری سەرهەڵدانی فۆرمە نوێیەکانی نایەکسانی کۆمەڵایەتیو سەپاندنو ستەمکاری دەبێت و لەسەر ئەو بڕوایە سور دەبێت، کە شۆڕشی سۆشیالیستی ئاتاجی کۆمەڵگە بندەستەکانە. بەمجۆرە ئەم بگرەو بەردەیە لە سەر ناوەڕۆکی هزریو سیاسی شۆڕشەکان، لە لاپەڕەکانی گۆڤاری سۆشیالیزمو بەربەریزمدا بەتەواوی رەنگی دابوویەوەو ئەوە تاوتوێدەکرا کە بەڵێ یان نەخێر بۆ پشتیوانی جەنگی جەزائیر بۆ سەربەخۆیی. ئەوەیش خۆی لەوەدا دەبینییەوە، کە ترس لە خواستە دیموکراتی و ناسیۆنالیستییەکان بەجۆرێک شرۆڤەدەکرا، کە نەکا ئاکامەکانی بەو شێوەیە نەبێت، کە خواستەکانی شۆڕش شیمانەیان دەکات.

لە جەزائیری راگوێزراودا کە  لەپاش دومایی هاتنی داگیرکاریی جەزائیر نوسراوە، لەوێدا لیوتار بە جەخارەوە دەپرسێت بۆچی شۆڕشێکی سۆشیالیستی رووینـەدا. ئەنجامگیرییەک دەکـات کە ئاڵۆزییە سیاسیو کۆمەڵایەتییەکانی ئێدا وابەستەکردووە بە ململانێی هەلپەرستی بۆ گەیشتن بە دەسەڵات لەبری ئەوەی کاربکرایە، لەپێناو چینەکانی ئەو کۆمەڵگەیەدا. کۆتا ئەنجامی کاری لیوتار لەمەڕ کیشوەری جەزائیرو نائومێدیو وەڕس

بوونی لەبارەی روونەدانی شۆڕشێکی سۆشیالیستیو داهاتووی ئەو رەوشو رێبازە، بە تەواوی کەمەندکێشیان کرد، تا واز لە بیرۆکەی سۆشیالیزمی شۆڕشگێڕیو مارکسیزمی ترادیشناڵ دا بهێنێت، چونکە لە زەمینەیەکدا، کە واقیعی کۆمەڵایەتی فرە ئاڵۆزوبڵۆزە، تا هەر ئاشناییو ئامانجێکی ئەو رەوگەیەو گوتارێکی ئەو فەلسەفە سیاسییە بتوانرێت لە زیهنییەتی خەڵکیدا زیندوو رابگیرێت.

### 3. شکڵ و گوتار

دووەمین پەرتوکی فەلسەفەی لیوتار دژوارو دورودرێــژ بوو. پەرتووکەکە بابەتگەلێکی بەرینو هەمەچەشنی لەخۆگرتبوو. لەوانە دیاردەگەراییو شرۆڤەی دەرونی، هۆنراوەو هونەر، دیالێکتیکی هیگڵیو نیشانە شوناسیو فەلسەفەی ژیان. نیازو مەبەستی سەرەکی ئەم پەرتوکە، هەرچەندە خۆی لە رەخنە لە بونیادگەرایی دەبینییەوە، بەتایبەتی خۆی وەک شیکارو شیکەرەوەی دەرونی جاک لاکان نومایان کردبوو. پەرتوکەکە دابەشکراوە بۆ دوو بەش، یەکەم دیاردەگەرایی مۆرلۆ پۆنتی بەکاردەهێنێ بۆ دیاریکردنو بەرجەستەکردنی بونیادگەرایی. دووەمیش شیکاریی دەرونی فرۆیدیی بە کاردەهێنێت بۆ دیاریکردنی هەردوولایەنە دیاریکراوەکانی دیاردەگەراییو شیکارە دەرونییەکانی لاکانییەکان.

لیوتار بە خستنەرووی ناتەباییو نەگونجاوی لە نێوان گوتاری پەیوەست بە دیاردەگەراییو تێکستی نوسراو دەست پێدەکات، لەگەڵ فۆرم یاخود وێنەو بینراوی پەیوەست بە دیاردەشوناسییو بینین. ئەوە نیشاندەدات کە بیری وێناکراوی ئەبستراکو پێکهێنراو لەزەمەنی ئەفلاتونەوە بەسەر فەلسەفەدا زاڵەو کاریگەرە، لێرەشەوە شۆرەتو شێوەی ئەزموونی هەستو هێزی هەستەوەریی شێواندووە. تێکستی نوسراو و ئەزمونی خوێندنەوە

پەیوەندیدارە بە پێشووەوە و هاوکاتێ وێنەو شکڵو شێوە و ئەزموونی بینین، وابەستەیە بە دواترەوە. بەشێک لە ئامانجی لیوتار، بۆ ئەوەیە کە پشتیوانیو داکۆکی بکاتێ لە ئەزموونی هەستییو شکڵیی وەک بینین. لیوتار لەوکاتەدا بەردەوام دەبێتێ لە تێکشکاندنو هەڵوەشاندنەوەی ئەو جیاوازی و ناکۆکیانە. هەرچەندە هەوڵەکان بۆ نیشاندانی ئەو شکڵو شێوەو گوتارانە، هەوڵگەلێکی دوو لایەنەو بەرچاووبوونو زەمینەی وەک یەکیان لەو قۆناغە مێژووییەدا بۆ رەخساوە. گوتارو گوفتمان رەگەزەکانی شکڵی (شیعرو تێکستی رەوان نمونەگەلێکی فرە باشن) لەخۆدەگرێتێ، هەروەها لە فەزای بینراودا، دەتوانرێتێ هاوشێوەی وتار بسازێنرێتێ. ئەوە کاتێک هەڵدەوەشێنرێنەوە، بۆ ئەوەیە رەگەزە کلاسیکییەکان و رێکخراوەکان تێکدەشکێنێتێ، ئیدی بابەتگەلی دیدەنی زێدەتر لە دنیابینی تاکەکاندا دەرویان لەبەردەمدا واز دەبێتێ.

ئایدیای شکڵی وەک هێزێکی تێکشکاو پێشدەخاتێ، کە لەپێناو وەستانو پچڕاندنی بونیادە دامەزراوەکان کاردەکاتێ، دیارە ئەمەیش لە زەمینەی هەردوو بینینو خوێندنەوەدا دەبێتێ. لە کۆتاییدا نوکتەی باسەکە لەوەدایە کە هیچ بایەخێکی شکڵی بەسەر لۆژیکیدا نییە، بەڵام خاڵی سەرەکی لێرەدا ئەوەیە، کە چۆن ئەم رەگەزانە لەتەک یەکتریدا بسازێنو بگونجێن. هەڵەی بونیادگەراکان لەوەدا بوو، کە شرۆڤەی شکڵییان بە تەواوی لە زەمینەی گوتارییداو لەناو لۆژیکدا دەبینییەوەو رەچاوی جیاوازی رێگەو نەزمی هەریەک لە رەگەزەکانیان لە ناو زەمینەی کاریاندا نەدەکرد. لەبەشی دووەمی شکڵو گوتارو بونیادو خەرقو پێشێلکاریدا، کە پەیوەستن بە هێزو بزووتنەوە ئارەزوگەراییەکانی فرۆیدییەکانەوە، هەمووو ئەمانە رێگەخۆشکەرن بۆ فەلسەفەی ئارەزووگەراییو شەهوانی، کە لە ئابووریی ئارەزووگەراییدا یان ئابووری شەهوانیدا پێشخراوە.

**سێهەم: فەلسەفەی شەهوانی**

لە دەستپێکی حەفتاکانەوە لیوتار زەمینەی فەلسەفەی لەسەر بنەمای تیۆرە سێکسیو ئارەزووگەراکانی سیگمۆند فرۆیدا پێشخست. لەلای لیوتار ئینو ئاو و وزەی سێکسو ئارەزوو، یاخود شەهوەت دەتوانرێت وەک خەیاڵو وێنای تیۆریی بەکاربهێنرێت، کە تەواوی ئەو ئاڵوگۆڕو گۆڕانکاریانەی، کە لە کۆمەڵگەدا روودەدەن پێناسە دەکات. ئیدی پاش دابڕانی لە مارکسیزمو دانەدواوەی تیۆری تێکڕاگەرایی، یان تۆتەڵیزم، ئیدی لیۆتارد لە تەقەلای پێشخستنی تیۆرێکدا بوو، کە دارای هێزە هەمە چەشنو جیاوازەکان بێتو بتوانێت، یاخود لە زەمینە سیاسیو کۆمەڵایەتییەکاندا شوێنی خۆی بگرێتو هەوێنی رووداوەکانی ناو هەلومەرجەکان بێتو تەنیا لە گۆشە نیگایەکەوە بۆ رووداوەکان نەڕوانێت، واتە ئەمە رێگەخۆشکردن بوو بۆ نوسینی تیۆرەکانی لە سیاسەتی شۆڕشگێڕییەوە بۆ ئابوورییەکی گڵۆباڵو گەردوونی. بەمجۆرە فەلەسەفەی شەهوانی لیوتار لە کاری سەرەکی ئابورییەکی شەهوانیدا پێشدەخرێتو هاوکات لەگەڵ لە وتارە بەناوبانگەکانیدا لەسەر مارکسو فرۆید بەتەواوی تیۆرەکەی خۆی شوێندەکاتەوەو وتارەکانیشی بۆ گەڵ لە زمانە جیاوازەکانی دونیا وەردەگێڕن. دیارە کە ئابووری ئارەزووگەراو شەهوانی کارێکی دژوارو نا نۆرماڵەو هاوکاتو هاوتەریبە بە چەندین تیۆری ئاڵۆزی پەیوەست بە سیاسەتو ئابووریو تیۆرو ستایلی ئەکادیمیو خوێندنەوەگەلەکانی پەیوەست بە مارکسو سیگمۆند فرۆید.

دیــارە ئــەم نــوســراوانــەیــش لــە تێکسمڕاندنی بابەتگەلێکو پەیوەندیدارکردنی نەزمو ستایلەکانەوە بوو، زۆرجار خوێندنەوەی نوسراوەکان زیاتر لە رۆمانێک دەچونکە، تا لە دەقێکی فەلسەفیی. ئەو مینۆدەی لیوتار پێیدەنوسی هەولێک بوو بۆ شکاندنو زاڵبوون بەسەر کۆتو بەندەکاندا، چونکە لیوتار لە تیۆری ئەکادیمی ترادیشناڵو کلاسیکدا، هەم ئەو کۆتو

بەندو سنوردانانەی دەبینی. فەلسەفەی لیوتار دەستپێدەکات بە پەیوەستی گشتی لیوتار بۆ ئۆنتۆلۆژی رووداوەکـان. کە دیارە هەر ئەمەیش زەمینە خۆشکەربوو بۆ فەلسەفەی پۆست مۆدێرن، کە لەکاتەکانی دواتردا، لیوتار دەستی بۆبرد. لیوتار واقیع لە زەمینەی رووداوگەلێکەوە دەبینێت، کە توانای پێشبینیکردنیان نییە، نەک لە زەمینەی رێکخراوێکی بونیادنراوی رێکو پێکەوە. ئەو رووداوانە دەتوانرێت لە رێگە گەلی جیاوازەوە شرۆڤە بکرێن. نەوەک تەنها تەفسیرێک بۆ رووداوەکان بژنەورێتو قوڵبونەوەی تێدا بکرێت. هەمیشەو هەردەم رووداوەکان لە شرۆڤەو شیکارێک زێدەتر هەڵدەگرنو شیکارو شرۆڤەکان تێدەپەڕێنن. هەمیشە شتێک لەپشت تەفسیرو تەکبیرەکانەوە جێماوە کە شرۆڤەکان ناتوانن پەی بێبەرنو قسەو قەراری لەبارەوە بدەن. لەفەلسەفەی شەهوانیدا لیوتار ئایدیای وزەو تینو تاوی شەهوانی بۆ شوناسو ناساندنی رووداوەکان بەکاردەهێنێت. رێگەیەک کە پێی شرۆڤەکراون، یاخود بەکاردەهێنرێن.

هەروەها لیوتار فەلسەفەی کۆمەڵایەتی لە زەمینەی تینو تاوی ئابوری ئارەزووگەراو شەهوانیدا برەوپێدەداتو پێشی دەخات. هاوکات لیوتار چەمکو دەستەواژەکانی تێروتەسەلیيو چربوونەوەی ئـارەزوو و کاریگەرییەکانی لە ئاماژە بۆ رووداوەکان بەکاردەهێنێت. ئەم چربوونەوەو کاریگەرییانە زیاتر خۆیان لە چەمکگەرایيو هەستو سۆزو مەیلێکی هاوبەشو باودا دەبیننەوە.

لیوتار هەمووو ئەو دەستەواژانە بەشێوەیەکی مەزاجی بەکاردەهێنێت، هەرچەندە بۆئەوەی کارەکانی واقیعو کۆمەڵگە بناسێنێت، بەتەواوی لەوان جودا دەبێتەوەو لە هەمووو ئەو شتە باوانەی کە نوساون بە مرۆڤەوە دادەبڕێت. لیوتار لە زەمینەی سۆزو هەستەکاندا، کەسایەتيو ناکەسایەتییەکان بە تەواوی دەناسێنێتو شوناسیان وەسفدەکات. هەروەک چۆن وێنەو وێنای

جیهان دەکێشێتو وەک ئەو وێنایە دەیانبزوێنێت، کە هەستو سۆزەکان چۆن خەڵکی دەبزوێنن. هاوکات لیوتار دان بەوەدا دەنێت، کە وەسفی هەرشتێک لە زەمینەی شەهوەتو ئارەزوودا، بریتییە لە خەیاڵێکی تیۆریی. پێیوایە بە تەنها زەمینەی قسەکردن زەمینەو دۆخێکی بەسودمان پێدەبەخشێت، تاوەکو بتوانین ئەوەی لە جیهاندا دەگوزەرێتو ئەو رووداوانـەی کە روودەدەن تیۆریزەیان بکەین. بەشێوەیەکی میتافیزیکیانە، لیوتار کەسێکی مادییەو لەلای ئەو کاریگەرییەکان پێویستەو دەبێت وەک یەکەگەلێکی مادی مەلموس تێبگەیەنرێن. کاریگەرییەکان دەکرێت دەنگێک، رەنگێک بزەیەک، یاخود نەوازشێک بێت. هەرشتێک کە دارای توانایەک بێت بۆ بزواندنو جوڵانو کاریگەری لەسەر هەست و سۆزو نەست دابنێت. کاریگەرییەکان بونیاد دەنرێنو شرۆڤەدەکرێن لە سیستەمگەلێکی پێکهاتوو لە هەڵسوکەوتوو ئەتواری شەهوانیو ئارەزووگەریدا، کۆمەڵگەیش لە چەندەها ئەتوارو هەڵسوکەوتی جیاواز پێکدەهێنرێت، کە کێبرکێی بەکارهێنانو قۆستنەوەی وەزەو تینو تاوی رووداوە شەهوانییەکان دەکەن. لیوتار پەرە بە زنجیرەیەک شێوەو ژمارەی ئاڵۆز دەدات، تا بتوانێت وەسفی چۆنیەتی رووداونی ئەو بکات.

ئابوری شەهوانی بە شکڵو شێوەی پێکهاتەو لاشەیەک دەستپێدەکات. لیوتار هەڵدەستێت بە وەسفی ناوچەیەک، کە تێیدا بەرژەوەندی شەهوانیو ئارەزووەکان روودەدەن. کە لەوێدا دەگەنە هەڵسوکەوتو رەفتارێک لە کەناڵێکی وزەو هێزی شەهوانیدا خۆی دەبینێتەوە. ئەم هەرێمو ناوچەیە مادەو مەوادێکە وەک پێکهاتەو لاشە وایە، وەلێ هێشتا رێکنەخراوەو بەم شێوەیە شکڵو شێوەکە دابڕاوە. تەختایی باندێک خولدەخوات، کە رووی لاشەی بونیادێکەن ئیدی شێوەی شریتێک وەردەگرێت، کە دارای تەنها روویەکە، ئەویش بەهۆی زۆر پێچ خواردنو بەردەوامبوونی لەسەر پێچ خواردن، هێڵێک شان بەشانی رووەکە دروستدەکات، بەبێ ئەوەی لە رووەکە

جودا بێنەوە، ئەم شرینە دواتر دەجوڵێت و زۆربەخێرایی دەخولێنەوەو هاوکات رەنگێکی درەوشاوەو سورو گەرمی هەیە . دیارە ئەوە برینییە لە گرۆو باندی شەهوانی کە هەندێکجار بە پێستی شەهوانیو ئارەزوو ناو دەبرێت. ئەوە پرۆسەگەلێکی سەرەکیو یەکەمین نومایان دەکات لە بەهێزیو ئارەزووی شەهوەتدا، کە وزەیەکی شەهوانی لەخۆی دەردەخاتو دەخولێنەوەو خۆو بەختی شێوەیەک نیشاندەدات کە هەتا ئێستا هیچ شتێکی لێهەڵنەهێنجراوە، لەبەرئەوەی باندی شەهوانی شرینێکی موبیوسە، وەزەی شەهوانی دابەشدەبێت بە سەر روویەکدا، ئەو نە لە دەرێدایە و نە لەناوێدا، لەم کاتەدا باندەکە هێواش و خاو دەبێتەوە، کە لیوتار ناوی دەبات بە بارێکی دولایەنە. هەروەکو بارەکە نیشاندەدات هەندێک کات لەو ناوچەیەدا دەخرێتەگەڕ. ئیتر دەبێتە دوولایەنو جیادەبێتەوە و تایبەتمەندییەکانی ئەمە نین.

ئەم قۆناغی گواستنەوەیە لە باندی شەهوانیدا گەڵاڵەی بیرێکی لۆژیکی نومایان دەکاتو لەلایەن لۆژیکێکی دوولایەنەو یاسایەکی بێ لامو جیمو نا ناکۆکەوە هەیمەنەی بەسەردا کراوە. لەکۆتایدا شرینەکە دەوەستێتو بە جیابوونەوەیەکی جێگیر فۆرم دەردەگرێت.

لیوتار شرینەکە وەسفدەکات بە سوڕانەوەی بە دەوری خۆیدا، پاشان دروستکردنی بۆشاییەکی داخراوی لێدەکەوێتەوە. ئەمەیش گواستنەوەیەکی تایبەتە لە باندی شەهوانیدا، یاخود دەورگرتنێکی دیاریکراوە لە باندی شەهوانیدا، کە برەو دەبەخشێت بە نمایندەگیو تیۆرێکی دیاریکراو. دیارە فەزایەکی شانۆیی دارای ناوەکیو دەرەکی خۆیەتی، کە دابڕانێکی روونو رەوان لەنێوان ئەمو ئەودا هەیە. لیوتار تیۆرەکە وەک شانۆیەک کە لەسەر بنەمای پێوەندیداریی ریشەناسی نێوان دوو بنچینە وێنا دەکات. کە هەردووکیان لە شانۆی گریکییەوە سەرچاوەیان گرتووە، کە بەواتای رامان

دێن لە هزرو روانگەدا. لێرەدا تیۆریست وەک چاودێرێکە، کە دەڕوانێتە نواندنێکی جیهانی دەرەوەی شانۆ.

هاوکات لەسەر تەختەی شانۆیش دەڕوانێتە ناو شانۆکە. وەسفی لیۆنارد لە گواستنەوە، یان ئاڵوگۆڕی باندی شەهوانیدا، بریتییە لە خەیاڵێکی تیۆریی، و ئەوە فەراهەمدەهێنێت، کە ئەژمارێک بکات چۆن جیهان کاردەکات لە رێگەی کارلێکێکی چڕو پڕەوە. وزەگەلی شەهوانی وروژێنەرو بونیادگەلی جێگیر بەکاردەهێنرێن‌و چڕی‌و توندییان بەرە بەرە لاواز دەبێت‌و کەم دەبێتەوە.

**چوارەم: روئیاکانی فرانسوا لیوتار لەسەر پۆست مۆدێرنە**

لە چـواردەی ئۆکتۆبەری ساڵی 1979 دا رۆژنامەنووس‌و نوسەری بەناوبانگی (فەرەنسی کریستیان) دوکان لە رۆژنامەی لیمۆندی فەرەنسی دەقی تەواوی چاوپێکەوتنێکی رۆژنامەنوسی بیرمەندی دیاری فەرەنسی لیوتاری بڵاوکردەوە. ئەوێ دەم ژان فرانسوا لیوتار لە زانکۆی پاریسی هەشتدا، مژولی وانە وتنەوە بوو. هەر ئەو کات ناوبراو بە پێشەنگی رەوگەی پۆست مۆدێرنە ناوی رۆیشتبوو، هەر لەو ناوبانگەیشدا دەناسرایەوە. تەواوی دیدارەکە لەدەورو خولی بۆژوون‌و هزرو بنەما تیۆرییە بنچینەییەکانی لیوتارا دەسوڕایەوە. کە لەبارەی رۆشنبیرو کۆمەڵگەو ژیانەوە بوو، لیوتار وەک ئامادەیی باڵای لە کایەی پۆست مۆدێرنەدا، بۆچونکەکانی لەو مەیدانەداو لەو کاتە دا ئێجگار جێ بایەخ‌و بەهێز بوون.

هاوکات لەو بزووتنەوەیەدا بەشداربوو، لەبەرئەوە بەدەمەوەچونکەی جیهانی، دەبوو لەبەردەم بۆچونکەە نوێیەکانی هەڵبسەنگێنرێت. وەک ئێبینی دەکرێت ناوبراو لە دیدارەکەدا قۆناغێکی تایبەتی گوزەر دەخاتەڕوو، کە ناوی دەبات بە تەقینەوەی پێوەندیی و وابەستەیی لە ئایندە. چونکە ئەو ئاگاداری

رووخانو هەڵوەشانەوەی مەزهەبو رەوگەو ئایدیا مەزنەکانە لە مەیدانی مەعریفەی ئەدەبیو زانستیدان، هاوکات پێیوابوو مرۆڤایەتی بەدەستی غیابی فۆرمانی بیروباوەرو ئاوەزو تیۆرەکانەوە دەناڵێنێ هەمووو ئەو باوەڕانەی کە لە مەیدانی بیرکردنەوەو رەفتارو پەیوەندییانەوە بە یەکترییەوە رووبەرووی مرۆڤ بوونەتەوە. هەمووو ئەم دیاردانەی کە لەم سەردەمەدا دەرکەوتوون، لە گرنگترین جیاکەرەوەکانی ئەم قۆناغەن، یاخود ئەم رەوشی پۆست مۆدێرنەن، کە ئێستە تێیدا دەگوزەرێین.

لیوتار لە دەستپێکی دیدارەکەدا دان بەوەدا دەنێت، کە چەمکی پۆست مۆدێرنەی لە کەڵک وەرگرتن لە هزری ئەمریکییەوە هەڵهێنجاوە، چونکە ئەمان لە رەوشی ئەمڕۆدا گوزارشت لە هەلومەرجی رۆشنبیری دەکەن. بەو پێیەی کە کۆمەڵگە نوێیەکان ئەوانەی لە دوای سەدەکانی ناوەڕاستەوە دەرکەوتن، چونکە کۆمەڵگە گەلێکی پەیوەست بە راستگۆییو دادوەرییەوە بوون، ئەوەیش لە سەر بنەمای کۆمەڵێ چیرۆکو سەرگوزەشتەی مێژووی مەزن بوون کە ئەوەیش بەپێچەوانەی ئەم قۆناغەی پۆست مۆدێرنەیە، کە رۆژگاری ئەمڕۆ پێیدا تێدەپەڕێت، چونکە بە رەوشێکدا تێدەپەڕین کە نازانین کێ راستگۆو کێیش دادوەرو بە ویژدانە، هەربۆیە ئەو رەوشە سەریکێشاوە بۆ هاندانو هێنانە پێشێی بزووتنەوە گەلێکی تیرۆریستی، کە زۆرێکیان پەلدەکێشن بۆ چونکەە سەر مەیلو میزاجی ستالینیو مادیگەراو هەتا دوایی، هەربۆیە دەشبینرێت، کە سەرمایەدارو سەرمایەداری رووبەڕوی واقیعێکی کوشندە بوونەتەوە، کە دەزانرێت چۆن هەنگاوگەلێکی بەرو پێشەوە نراو پێشکەوتن هاتە گۆڕێ، بەڵام ئەم پێشکەوتنە نەک هەر لەوەستانایە، بەڵکو لە گەلێ بواردا وەختە بەرەو دوواوە هەنگاو دەنێین، هەربۆیە لیوتار بەوتەی خۆی، پێیوایە قەیرانەکانی ئەمڕۆ وابەستە نین، تەنێ بە قەیرانی پترۆڵو بەرزبوونەوەی نرخەوە، بەڵکو قەیرانەکان برێتین لە خودی ئەو

چیرۆکو حیکایەتە مەزنانەی مێژوو. ئەو دەستەواژەو دەربڕینانە، کە لە لیوتار دەخوێنرێنەوە و راستیەکەمان پێدەڵێت، کە لەمیانی ئەو رۆژگارەدا زۆرێک لە پەڕتوک و نوسراوەکانی نوسەران لە ئەمەریکاو ئەوروپا وابەستە بوون پێیانەوەو داکۆکیان لە قۆناغێک دەکرد بە ناوی پۆست مۆدێرن، کە گەلێکیان بە تامەزرۆوە داکۆکیان لێیدەکردو لە نمونەی بیرکردنەوەیاندا رەنگدانەوەی هەبوو هەروەک چۆن بەشێکیش بە رەخنەوە ئەو رەوشەیان دەدوان، تەنانەت هەندێکیش بە شۆخییەوە باسیان لەو رەوگەیە دەکرد.

بیرمەندەکانی تریش لە سەر پێناسەیەکی روونو رۆشن بۆ پۆست مۆدێرنە کۆک نەبوون. وەلێ بیرۆکەی بنچینەیی پشت ئەم چەمکە، بریتییە لە بیروباوەڕگەلێک ئەوە دەخاتە روو کە شێوازی دنیای خۆرئاوایە لە و گۆڕانە گەورەی، کە لەبواری مەعریفەو مەیدانی پێشکەوتنی ئابووریو سەرنجی کۆمەڵگەکان روویـداوە، کە لەدەرهاویشتەی ئەو شەپۆلی پێشچونکەەی میدیاو پەیوەندیو بیناکاریدا، شێوە بیرکردنەوەی نوێو هەڵوێستەو بەخۆدا چونکەەوە سەریهەڵداوە.

**کۆمەڵگەی نوێ**

کۆمەڵگەی نوێ لە نواڕینی پۆست مۆدێرنەدا بریتییە لە بزووتنەوەیەکی هزری، کە لەسەر بنەمای رەخنە وەستاوە، وەلێ هەمووو پێودانگو بنەمایەکی شارستانییەتی خۆرئاوای مۆدێرن دەداتە دواوە. هەروەک چۆن هەمووو ملدانێک بۆ ئەو ژیارە پەسەند ناکات، بەلایەنی کەمیشەوە گەرەکیەتی بڵێت ئەو قۆناغە تێپەڕیووە، یان قۆناغێکە لێوان لێوە لە هەڵە، هەربۆیە زۆرێک لە بیرمەندانی پۆست مۆدێرنە، پێیانوایە کە بزووتنەوەیەکە باڵاترە لە سەرمایەداری و بە مۆرکی بنچینەییو جیاکەرەوەی ئەم شارستانیەتە دادەنرێت.

بەڵام هەندێکیش پێیانوایە کە سەردەمی مۆدێرنە بە تەواوی و بە کردارەکی کۆتایی هاتووە. هاوکات قۆناغی پۆست مۆدێرنە لە خۆشهاتندایە ئەوەیش بە پێودانگی مەفهومە رەخنەییەکانیان لە هزری پێشوودا. هەربۆیە پێیانوایە بۆ بونیادی کۆمەڵگەیەکی نوێ، پێویستە پێداگری لە سەر بونیادو بنەمای نوێ بکرێتەوە، کە بەدەربن لەو بنەمایانەی کۆمەڵگەی ئەوروپی نوێو مۆدێرن دەستی بۆ بردوون، هەربۆیە دەکرێت بڵێین بیرمەندانی پۆست مۆدێرن لەم سەرنجانەیاندا بەتەواوی لە ژێر کاریگەری فەیلەسوفە ئەڵمانیەکانی وەک نیچەو هایدگەردان. ئەوانەی کە بە تەواوی لەوەدا قوڵبونەوە، کە بیرێکی نوێ بۆ کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی ئاتاجێکی ئەم قۆناغەیە.

بەڵام ئەمە بەو واتایە نییە، کە رێگری لە ئاراستەکانی تر بکرێت، کە وا دەبینن، ئەم رەوشو قۆناغە هیچ نییە جگە لە رێکخستنو تاوتوێکردنی هەندێک بنەمای شارستانیو ژیاری خۆرئاوای مۆدێرن. هەروەک ئەوەی لە تەواوی شارستانییەتو سەردەمە مێژووییەکاندا روویداوە، ئەم ریفۆرم و گۆڕانانە ئاکامی گۆڕانی هەلومەرجن، ئەو هەلومەرجانەی کە بە رۆشنبیری نوێ گەمارۆ دراوون. بەهەر نرخێک بێت، گۆڕانی رووکەشو ناوەڕۆکو جەوهەری شارستانیو مۆدێرنەی خۆرئاواو بنەما سەرەکییەکانی مۆدێرنە لەق ناکەنو لە رووکەشی گۆڕانکارییەکاندان. لەبەرئەوە جیاوازی مەزن لەنێوان هەردوو ئاراستەکەدا هەیە، کە نەیارانی پۆست مۆدێرنە، پێیانوایە درێژەی سەردەمی مۆدێرنەیەو پێیانوانییە سیما جەوهەریەکان و سەرەکی هەبێت، لەبەرامبەردا داکۆکیکارانی پۆست مۆدێرنەش بە سەردەمێکی نوێی دەزانن، بە تەواوی رەگەزە سەرەکییەکانی هزرو بیرو باوەڕو کەلتورو سەرنجەکانییەوە.

وەلێ لێرەدا جیاوازییەکی فرە هەیە لەنێوان ئەو بیرمەندانەی کە قسە لەسەر پۆست مۆدێرنە دەکەن، بە جۆرێک هەندێک لەو نوسەرانە ئەرنۆلد توێنبی مێژوونوسو تیۆریستی بەناوبانگی خاوەن کاری فەرهەنگی

بەناوبانگی خوێندنەوەی مێژوو، بە یەکێک لە پێشەنگە دیارەکانی ڕەوتی پۆست مۆدێرنە دەژمێرن. با مەزهەب‌و تیۆرەکانیش نەڵێین، هەڵوێستی نوێنبی لە بارەی ژیارو شارستانی خۆرئاوا لە سەدەی بیستەمدا.

کە بەتەواوی هۆکارەکانی هەڵوەشانەوەو ڕوخانی‌و بۆگەنبوونی دەخاتەڕوو، بەڵام ڕەوشەکە لای هەندێک گەیشتۆتە ئەوەی، کە وادادەنێن پۆست مۆدێرنە نوێنەرایەتی ئەو بۆشاییەیە، کە جیاوازی دەکات، یان کەلتورو فەرهەنگی باڵاو شاز کە خۆرئاوا تێیدا باڵا دەستە جودادەکاتەوە، بەتایبەتی لە سەدەی نۆزدەوە، تاوەکو نیوەی ئەم سەدەیەی کە تێیدا دەگوزەرێین، ئەو فەرهەنگە جودا دەکاتەوە لە فەرهەنگی ڕەشۆکی و خەڵکی گشتی، یان فەرهەنگ‌و ڕۆشنبیریی خەڵک، وەک ئەوەی لە خۆرئاوادا باوە. بەو واتایەی ڕەوشی پۆست مۆدێرنە، نوێنەرایەتی ڕەوشی داڕوخاوو پچڕانی ئەخلاقی‌و داخورانی کەلتوریدایە، یاخود ئەم مەسەلەیە تەنها سروشتێکی زەمەنی، یان مێژوویی نێوان مۆدێرنە، پاشان پۆست مۆدێرنە نییە، بەڵکو ئەم مەسەلەیە جیاوازی جەوهەری نێوان دوو حاڵەت‌و دوو ڕەوشە لە فەرهەنگ‌و کەلتوردا، کە بۆ هەریەکەیان تایبەتمەندی‌و جیاکەرەوەو پاڵنەری تایبەت بە خۆی هەیە. هەرچەندە بیرمەندانی سەر بە ڕەوگەی پۆست مۆدێرنە لەسەر ئەوە کۆک نین، کە کەی و چۆن ڕەوگەی ڕۆشنبیری خۆرئاوا، تەنانەت لەسەر ئەوە کۆک نین، کە ئایا مانای ڕۆشنبریی‌و کەلتور چی لێدێت لە داهاتوودا بە تایبەتی لەو ڕوانگەوە، کە خۆرئاوا بەتیژی لە گۆڕانکارییدایەو قۆناغەکان تیژتر دەبڕێت. تاوەکو ئێستا لە ڕەوشی دۆزینەوەو تێگەیشتنن لە بوارەکەو دیاریکردنی تایبەتمەندییەکانی ڕۆشنبیریی‌و فەرهەنگی کۆمەڵگەکاندان، لەبەرئەوە ئەو چەمکە بەتەواوی چەمکێکی ئاڵۆزوبڵزە لە زیهنی خاوەنەکانیاندا. لێرەدا مانای فراوانی لق‌و پۆپ‌و بیرکردنەوەی مرۆ لەبەرامبەر ڕەوشێکدا دەبەخشێت، کە پەیوەستە بە ژیار و بیرکردنەوەو ڕۆشنبیریی خۆیەوە.

**شارستانیەتی پۆست مۆدێرن**

پرسیارێکی گرنگ کە لە زیهندا سەرهەڵدەدات ئەوەیە: ئایا ئەم گۆڕانکاریانە بەو واتایە دێت، کە ئیتر سەردەمی مۆدێرنە کۆتایی هاتووەو ئیدی ناگەڕێتەوە. ئایا شارستانیەتی مۆدێرن هێشتا لە بوونی خۆیدا بەردەوامە، یاخود وەستاوە. ئایا مۆدێرنە هۆیەکە لەئێستادا لە گەرمەی لەناوچونکەی دەستکەوتو دۆزینەوە زانستییەکانو بەهای کۆمەڵایەتیدایە، یاخود لە دەرگای شارستانیەتێکی نوێدایە، کە برێتییە لە شارستانییەتی پۆست مۆدێرن.

بەشێوەیەکی گشتی تایبەتمەندییەکانی ئەم شارستانیەتە، چینو چ کاریگەرییەکیان لە سەر داهێنانو خودی سروشتی کۆمەڵایەتی هەیە. تائێستە وەڵامێکی جێگیرو کۆک نییەو جیاوازی روانین لەنێوان لایەنگرانو نەیارانی ئەم شارستانیە لە گۆڕێدایە. لایەنگرانو شوێنکەوتوانی پۆست مۆدێرن، گەلێ لە رەخنەو روانگەی نەیار ئاڕاستەی دەستکەوتەکانی سەردەمی مۆدێرنە و هەڵوێستی مۆدێرنە دەکەن لە بوارەکانی هونەرو سیاسەتو هزرو ژیان. لە مۆدێرنەدا عەقڵ سەرچاوەی پێشکەوتنو سەرچاوەی بەرەوپێشچونکەی مەعریفەیەو بنچینەی راستگۆییو بنەمای مەعریفەیەکی میتۆدییە.تەنها عەقڵ توانای بەسەر دۆزینەوەی پێوەرە تیۆرییو عەمەلییەکان هەیە، کەتێیدا رێنوێنی هزرو کار دەکرێت. لە وەختی خۆشیدا دانیان بەوەدانا، کە بنەماکانی فەلسەفەی رۆشنگەریی یارمەتیدەربون بۆ شۆڕشە دیموکراسیەکان لە فەرەنساو ئەمریکاو کۆتاییان بە سەردەمی دەرەبەگایەتی هێناو تێیدا رژێمێکی کۆمەڵایەتی وایان دانا، کە بڕوای بە یەکسانیو دادپەروەری هەبێت، هەروەها دانیش بەوەدا دەنێت، کە دەستکەوتەکانی سەردەمی مۆدێرنە لە زۆربەی رووەکانی ژیانی مرۆڤدا دوچاری پەکخستنو شێواوی هاتووە.

بۆ نمونە لە تەکنەلۆژیای جیاوازو شمەکی بەکارهێنراو هۆکارەکانی هاتوچۆو گەیاندن، کە بوونەتە هۆی ململانێی کەسیو ئاراستەی عەلمانیو عەقڵانیو بیۆکراتی لەو پێودانگانەوە قوت بوونەتەوە، کە دواجار سەریانکێشاوە بۆ بەباڵاتر زانینی کەلتوریو جیاوازی لە شیمانەی ئەو رەوشەدا پێدا بووە.

لەگەڵ ئەوەدا پۆست مۆدێرنە وا دەبینێ، کە ئەو زەمەنە دەگۆڕێتو ئەم رەوشە گشتییە هەمووو ئەو دەسکەوتانە تێدەپەڕێنێت، بەتایبەتی ئەوەیش لە ئاکامی بەرەوپێشچونکەی هۆکارەکانی گەیاندنو راگەیاندنەوە دێتە گۆڕێ  ئەم رەوشەیش سەردەکێشێ بۆ دەرکەوتنی دیاردەیەکی نوێ لە مێژوودا، کە دەخوازێ تیۆرگەلی نوێ بێنێتە گۆڕێو چەمکگەلو تێگەیشتنی گونجاو لەمەڕ شێوە مەعریفییە نوێیەکان و ئەو گۆڕانکاریانەی لە خودی سیستەمی سەرمایەداریدا روودەدەن بێتە گۆڕی، بە تایبەتی دوای ئەوەی لە روانگەی زیاتر بەرەو جیهانگیری هاتووەتە پێشێو زەمینەسازی زیاتر لەو مەیدانەدا کراوەو تێیدا ئەزمونو شارەزایی مرۆڤایەتی ئاڵۆزتر دەبێت. فرەیی ئاڕاستەی رۆشنبیریو هەمە چەشنی هەڵوێستی هزری لەو رەوشەدا سەرهەڵدەدەن، بەڵام دەرکەوتنی ئاراستەگەلی نوێ لە هونەرو  زێدەڕەویو سنوربەزاندن لە قوتابخانە نوێیەکانی وەک تەعبیریو سریالیو هتد. هەمووو ئەوانە لە تەواوی کۆتو بەندە کلاسیکیەکان ئازاد دەکرێن، بە تایبەتی لە بیناکاریدا، کە دەزانین چۆن رەگەزە جوداکانی کۆکردووەتەوە، ئەمە لە بواری تری هونەردا رەنگدانەوەی هەبووە و سنورەکانی نەهێشتووە، بە تایبەتی لە هونەری تەعبیری، وەک سەمای باڵێو فیلمی سینەمایی.

دەکرێت بڵێین پۆست مۆدێرنە لە گومانەوە دەستی پێکرد، گومان لە گەلێ لە بنەماکانو باوەڕە گشتییەکان، کە لە سەردەمی رۆشنبیریدا باو بوونو رووبەڕوی سەردەمی نوێ بوونەوە، یاخود وەک دەستەواژەی ژان فرانسوا لیتار پۆست مۆدێرنە لە ئارەزووەوە دەستپێدەکات، ئارەزوو لە گومان خستنە

سەر هەمووو ئەو شنانەی ناو دەبرێن بە چیرۆكو حكایەتەكانی رۆشنبیریی باڵا یاخود ئەوەی لە پشت حیكایەتەكانەوەیە، كە هزری نوێ میراتگریەتی لەو سەردەمەدا. هەروەها ئەوە دەداتە دواوە، كە مل بداتە بۆ باوەڕو سەرنجی نوێ و تایبەتمەندیەكانی هزر، كە تێیدا داهێنەرەكانی سەردەمی نوێ بە سەریدا زاڵن.

چونكە مۆدێرنە وادەبینێ كە تیۆری گشتیو تەواو رەنگدانەوەی واقیعە، وەلێ پۆست مۆدێرنە بە پێچەوانەی ئەو تیۆرەوە وادەبینێت كە تیۆر لە باشترین رەوشدا پێشناكەوێت، جگە لە روانگە گەلێكی لاوەكی لە بابەتەكە، كە بە دەورو خولی خۆیدا قەتیس ماوە.

هەندێك لە نوسەران پێیانوایە كە جیاوازییەكانی نێوان مۆدێرنەو پۆست مۆدێرنە جیاوازی بەرینو بڵاو نین. پێیانوایە جیاوازییەكان لە پلەدایە نەك لە جۆردا، بەڵام هەندێك لە سەرخەرانی تیۆری مۆدێرنە پێیانوایە، كە پۆست مۆدێرنە شتێك نییە، جگە لە گەمەیەكی زمانەوانی، یان گەمەیە بە زمان بە شێوەیەكی بەهرەدارو فەلسەفیانە.

## پێكەوەنانی عەقڵی هاوچەرخ

نوسینەكانی لیوتار باشترینن، كە لە هەمووو تایبەتمەندییەكاندا شتانێكمان بۆ دەخاتەڕوو، لەگەڵ ئەوەشدا شتانێكی بە شاراوەییو ئاڵۆزی دروست، وەك نوسینی نوسەرانی پۆست مۆدێرن هێشتووەتەوە. ناوی لیوتار لە مەیدانی هزری فەلسەفیدا، لە پەنجاكانی سەدەی رابردووەوە دەركەوتووە، كاتێك پەرتوكی فنومنولۆژی لەساڵی 1954 دا خستەڕوو، ئەو دەم لە سییەكانی تەمەنیدا بوو. وەلێ گرنگترین كتێبەكانی لە حەفتاكاندا بڵاوكردەوە، كە ئەو پەرتوكانەی هۆشداریان خستە سەری.

ئەوێ دەم دوو پەرتوکی دەرکرد، کە هەریەکەیان پشکی بەرچاوی لەو ڕەوەندە فەلسەفیو ئەڤگەرەدا هەبو، یەکێک لەوانە کە ناونیشانێکی نامۆو سەیری هەبوو بەناوی ئابوری شەهوانیەوە. وشەی لیبیدۆی بەکارهێنا کە بە واتای چێژی سێکسی دەهات. ئەم پەرتووکەی ساڵی 1971 بڵاوکردەوە، کتێبی دووەمیشی بریتی بوو لە حاڵەتی پۆست مۆدێرن، ئەم پەرتوکە ساڵی 1979 دەرکەوت، کە ناونیشانێکی لاوەکیشی پێدابوو، بەناوی راپۆرتێک لە بارەی مەعریفەوە. لەنێوان ئەو دوو پەرتوکەدا چەندەها وتارو نوسینو پەرتوک دەرچونکە، کە هەڵگری سروشتو بۆنو بەرامەی پۆست مۆدێرنەو کاریگەرییان دەدا، بەتایبەتی لە پەنجاو شەستەکانیشدا، دیسان ئەو ڕەوگەیە کەوتبووە خۆی.

لیوتار لە ساڵی 1992 دیسان پەرتوکێکی نوێی بەناوی شرۆڤەی پۆست مۆدێرن بڵاوکردەوە، پێشووتر لەساڵی 1986 بە واتایەکی کۆمیدی پەرتوکێکی بەناوی شرۆڤەی پۆست مۆدێرن بۆ زارۆکان بڵاو کردبوویەوە. تێیدا باوەڕی قوڵی بەو بزووتنەوە هزریە هەیەو پێیوایە رۆڵی گەورە لە پێکهاتەی عەقڵی مرۆڤی هاوچەرخدا دەگێڕێت.

هەربۆیە چاودێران پێیانوایە کارەکانی لیوتار لە ڕەوگەی پۆست مۆدێرنەدا، زیاتر لە هاوپیشەکانی شوێنی داناوە، لە بواری تیۆری ئەخلاقو سیاسەتو جوانناسی. پێشەنگی ئەو نوسەرو بیرمەندانەیەو لە لوتکەی هەمووانداپە کە پەیوەندی تیۆری مۆدێرنەو مینۆدی مۆدێرنەی دابڕیووە و کاردەکات بۆ بڵاوبوونەوەی شوێنگرەوەکانی پاش مۆدێرنە. هەرچۆنێک بێت لیوتار لە کارەکەیدا هەوڵیداوە، پەیوەستی لەنێوان ئابوری سیاسیو ئارەزوودا بدۆزێتەوە، هەروەک چۆن گەرەکیەتی لە نێوان تیۆرو چێژدا هەمان شت بکات، یاخود لەنێوان هونەرو غەریزەو هەستو سۆزو ئارەزووی قوڵدا. لیوتار لە ڕەهەندیداو لە نوسینیدا شۆڕبووەتەوە بۆ ناو ژیانی رۆژانەو

زانستو وردەکاریەکانی زانستو تەکنەلۆژیا، کە پەیوەستن بە کۆمەڵگەوە و بە وردی هەمووو کایەکانی شەنو کەو کردوون. بۆ خۆی لە خێزانێکی کراوە چاوی بە ژیان هەڵهێناوە. لەسەرەتاوە مێشکی دەجولا، گەلێ کایەی تاقیکردەوە تا تیایاندا ببێتە شارەزاو پسپۆر لە هونەرو مێژووەوە گرتی تا ئەوەی ببێتە پیاوێکی ئاینی دوواتر خۆی لە فەلسەفەدا بینییەوە.

بۆخۆی دەیوت لەو کایانەدا نەیتوانی سەرکەوتوو بێت، بۆ نمونە دەڵێت شەوقو شۆرو ئارەزووە سێکسییەکانی نەیدەهێشت رەوگەی راهیببوون بگرێتە بەرو نەیتوانی. چونکە ناچاربوو کە هاوسەرگیریی بکات. هەرچەند دارای هونەرو تواناو بەهرەی وێنە کێشان بوو، بەڵام نەیتوانی بەردەوام بێت، هەروها دەشیوت ناتوانێت یادەوەری بەهێزی بخاتە گەڕو ببێتە مێژووناس، هەربۆیە ملی بەفەلسەفەوە نا. سەرەتا مامۆستایانی باڵای ساڵی 1958 خوێندو ساڵی 1971 دکتۆرای دەولەی لە سۆربۆن بە دەستهێنا.

ئەوێ دەم لە تەمەنی 47 ساڵیدا بوو، بە تەواوی مەیلی بەلای فەلسەفەی هوسرێڵو هایدگەرو هیگڵ چووبوو. هەروەک چۆن دەستی دابوویە نوسینی شیعرو هۆنراوەی دڵداری. بۆ چەند ساڵێک لە ئامادەییەکانی فەرەنسادا وانەی فەلسەفەی دەوتەوە. دواتر لەتەک خێزانەکەیدا، چووە وڵاتی جەزائیر بۆ وانەوتنەوە، ئەوێ دەم لەساڵانی 1950 بۆ 1952 دا بوو، کە ئەو گەشتەی دەستپێکرد.

ئەزموونی لە وڵاتی جەزائیردا کاریگەری فرەی لە سەر رەوگەی فەلسەفی ئەو و بیری سیاسی هەبوو، بە تایبەتی لەو روانگەیەوە، کە بۆخۆی ناوی ناوە ویژدانی سیاسی. بۆخۆی شاهیدی کاریگەریو شوێن دەستی داگیرکاری فەرەنسا بوو لە نەزمی دروستکردنی تەفرەقەو جیاوازی رەگەزیو برسیکردنو چەوساندنەوەی خەڵکدا، هەر ئەمەیش وایکرد کە ناوبراو رەوگەی کۆمۆنیزم بگرێتو بچێتە ناو گروپی بەناوبانگی کۆمۆنیزم،

یان بەربەرییەت. ئەو کۆمەڵەیە ساڵی 1966 هەڵوەشایەوە. هاوکات ئەو سەر بە بیری کۆمۆنیزم بوو، فرە لەژێر کاریگەریو رەوایەتی بزووتنەوەی خوێنکارانو کرێکارانی ساڵی 1968ی پاریس بوو. بۆ ماوەی بیست ساڵ لە زانکۆکانی فەرەنسادا دەرسی وتەوەو دواتر بووە مامۆستایەکی خۆتەرخانکەر بۆ زانکۆی پاریسی هەشت. هاوکات ئەندامی ئەنجومەنی کولێژی دەوڵەتی بوو بۆ فەلسەفە، تاوەکو ئەتلانتاو لە زانکۆی ئاموری دەرسی وتووەتەوەو وانەی زمانی فەرەنسی یەکێک بووە لە وانە کاریگەرەکانی، کە پێشووتر لە کالیفۆنیا وتبوویەوە، دواتریش تا ساڵی 1959 لە ئاموری بەردەوام بوو. تا ئەو کاتەی کۆچی دوایی دەکات، هەرچەند گیرۆدەی شێرپەنجەی خوێن بوو، بە تەواوی تێکشکاوبوو، بەڵام هێزی عەقڵیو رامانو داهێنانی تادوا ساتەکانی ژیانی وەک خۆی بە بەهێزی مابوونەوە.

تێگەیشتن لە کتێبەکانی لیوتار هەروا سانا نییە. هەروەک چۆن پەسەندکردنو ملدان بۆ هەندێک لە بۆچونکەو پێشنیازو سەرنجەکانی لیوتار ساناو ساکار نییە. بۆ هەموووشتێک سەرنجی هەیەو پێوەرو بەرنامەی خۆی پێیەو لە سەر هەموو خاڵێک بە سانایی تێنەپەڕیوەو بۆ هەر رووداوێک خوێندنەوەی تایبەت بە خۆی هەبووە.

### پێنجەم : مارکسیزمو شرۆڤەی سایکۆلۆژی لەلای پرۆژەکەی لیوتار

ئەو رەهەندەی لیوتار دەستی بۆ برد، لەلای مارکسییەکان چەندین خاڵی لێکچونکەو لەبەرامبەردا چەندین خاڵی ناکۆکو ناتەبای لێکەوتەوەو هەرزوو رۆشنبیرو فەیلەسوفانیشی لە بەرامبەر ئەم پرسەدا دابەشکرد بۆ دووبەرە، لێرەدا لە روئیاو نیازی پۆستمۆدێرنەدا، بەراوردێک لەنێوان روئیاکانی لیوتار و مارکسیزم، یان کۆمۆنیزم بەشێوەیەکی گشتی دەکەین. لە دەستنوسەکانی 1844 دا، کارل مارکس چارەسەری هۆکارەکانی نامۆبوونی مرۆڤی لە

کۆمەڵگەی سەرمایەداریدا کردووە، کەواتە تواناگەلی داهێنانکاریی، کە وەک دەربڕینێکی کار پێیگەیشتوون، دەرهاویشتەکەی شێواندنی بە قیسمەت بووە ، کە هێزێکی راپەڕێنەری بوونی مرۆڤایەتییە. بەم پێیەش مرۆڤ دەبێتە کۆیلەی کۆمەڵگە، کە ئەویش بریتییە لە نەوە و نەوەمەکانی خۆی.

لە کۆمەڵگەی سەرمایەداریدا، کار گۆڕانکاریی بەسەردا دێت. بەو دەربڕینەی کە گەورەترین سەرچاوەی داهێنانو ئافەرێن دەگۆڕێت، بۆ ئەرکێکی رۆتینی قێزەون و ململانێیەکی رۆژانـە، کە کەسەکان تەقەلای خۆدوورخستنەوە دەکەن لێی، هەروەک چۆن لە رشانەوە هەڵدێن. دیارە ئەمە بە گوێرەی دەربڕینی مارکس بەو جۆرە شرۆڤە بۆ کار کراوە لە کۆمەڵگەی سەرمایەداریدا.

بـەڵام بـە دەربـڕیـنـی سیگمۆند فـرۆیـد، نامۆبوونی مـرۆڤ، دەرهاویشتەیەکە، کە شارستانییەت خۆی لێقوتار ناکات. شارستانییەتیش لەلای ئەو هەمیشە بریتییە لە شارستانیەتی خۆرئاوا، هەروەها لە روانیندا رەشبین بوو بەرامبەر بە شارستانیەت، ئەویش لەبەر پێشکەوتنەکانی. ئەمە بە گوێرەی بۆچونکەکانی. چونکە بە گوێرەی پێداویستیەکانی سەردەکێشێت بۆ خواستی زیاد لە رادەو بە شێوەیەکی بەرچاو مرۆڤ بندەستدەکات، ئەوەش لەپێناو غەریزەو ئارەزووەکانیدا، لەبەرئەوەی گەشەی شارستانیەت پشت دەبەستێت بە پێداویستی زیاتر بۆ کارکردن. لەداهاتووشدا لەسەریەتی رێ و شوێنی غەریزەکانی کۆنترۆڵ بکاتو بیانوەستێنێتو بۆماوەیەکی درێژ بەدەمیانەوە نەچێت. دیارە کە ئەمەش سەردەکێشێت بۆ پێکدادانی دەرونیو هەستکردن بە نائومێدیو وەڕسبوون، لەبەرئەوە کە شارستانییەت لە لای فرۆید شتێکی تر نییە، جگە لە نائومێد بوونو خۆونکردنو وەڕسبونی مرۆڤەکان .

هەربۆیە دەبینین هەمووو ئەو پێشبینیو دووربینیانەی فرۆید، لەلایەن ڕێکخراوی تەندروستی جیهانیەوە پشتڕاستکراونەتەوەو سەلمێنراون. ئەم پشتڕاستکردنەوەیە لە دیاریکردنی زیاد لە دە جۆر لە نەخۆشی دەوونی دێت، کە ڕاستەوخۆ پاش جەنگی جیهانی دووەم سەرەداوەکانیان دەرکەوتوون، بەتایبەتی دیارترینی ئەو نەخۆشییە دەروونیانە بریتین، لە کەئابە و بێزاریی و بێهودەیی مرۆڤەکان لە خودی ژیانیان. ئەمەش لەکاتێکدایە کە هەنگاوی گەورە لەبارەی دیاریکردنی نەخۆشییە دەرونییەکانو چارەسەریان نراوەو ڕێو شوێنی زانستی تەواویان لەبارەوە گیراوەتە بەر. هاوکات سەرەڕای باوەڕی تەواوی فرۆید بە ئامانجە مارکسییە سامییەکان (یەهودییەکان)، وەلێ لەتەک ئەودا جیاوازە، بە تایبەتی لەوبارەیەوە، کە مارکس پێیوایە نامۆبوونی ناهێڵرێت، یاخود کەمدەکرێتەوە، لەبەرئەوەی تەواوی ئەو پاڵنەرە دووژمنکارو شەڕەنگێزانەی لای مرۆڤ، کە مارکس گەرەکیەتی کەمبکرێنەوە یاخود نەیانهێڵێت، فرۆید پێیوایە ئەوانە دەستکاری ناکرێن چونکە پاڵنەرگەلێکی سروشتیو بیۆلۆجین، لەبەرئەوە سروشتە بیۆلۆجییەکان ناتوانرێت گۆڕانکارییان تێدابکرێت، هەر بۆیەش پێیوایە کە سەرکوتکردنو بندەستکردن بە هەمووو جۆرەکانیەوە بۆ هەمیشە دەمێننەوەو بەردەوام دەبن، کەواتە نەک هەر لەگەڵ پێشکەوتنی شارستانیەتدا، ئەوانە لەناو ناچن، بەڵکو خواستو پێداویستی زێدەتری کار، ململانێی توندو تیژو توڕەییو ئیستغلالکردنی زێدەتر لە ناو مرۆڤەکاندا بەرهەمدەهێنێت. هاوکات بیرمەندی کۆمۆنیستی گرامشین، ئەویش دووبارە دەگەڕێتەوە سەر بۆچونکەەکانو شرۆڤەی کارل مارکس ، ئەو دەڵێ هەر لەوکاتەوە مرۆڤ نامۆ بووە، کە لە سەرەتاوە مرۆڤ بڕوای بەوە پەیداکرد، کە بونیەی ئایدیۆلۆژی ریشەدار بە ژیانی کۆمەڵایەتیو سیاسیی کاردانەوەی رژێمێکی سروشتی سەرمەدییە، کە دواتر هیچ بوارێکی بۆ گۆڕانکاریی

تێدا نییە. دیارە بە سروشتی حاڵ، ئەم تێگەیشتنە نادیدە گیراوە، چونکە سروشتی کاتی لە ئایدیۆلۆژییەکانداو نەهێشتنو پەکخستنی مەیلو خواستی مرۆڤ بۆ کار، لەپێناو بونیادنانی دامەزراوەیەکی کۆمەڵایەتی مرۆڤانەترە. گرامشی دوپاتی کردەوە لە بواری بایەخو گرنگی سەرخانو ژێرخانە، کە رۆڵی هەیە لە دیاریکردنی رژێمی کۆمەڵایەتیو گۆڕانکارییەکانی. دیارە ئەمەش پێچەوانەو نەیاری مارکسییەتی کلاسیکییە، کە پەسەندی ئەوە دەکات، بنەمای ئابوری رۆڵێکی یەکلاکەرەوە دەگێڕێت لە مانەوەی نامۆیی یاخود چارە سەرکردنیدا.

هاوکات رەخنەگری ئەدەبی بونیادگەری کە بارتە، شیکاری ئەوە دەکات، کە چۆن سیفەتی سروشتی بەرهەمدێت. دیارە لێرەدا ئاماژە بۆ گرامشی دەکات . بیروباوەڕە بۆرژوازیەکان لەلای ئەو لاموبالاتیو بێ بایەخیی لە خۆدەگرن، کە ملکەچن بۆ پرۆسەگەلو بونیادێکی زمانەوانی لاشعوری ئاڵۆز، تاوەکو سروشتی سەرمەدی خۆیان بەدەستبهێنن.

بەمجۆرە سیستەمە ئایدیۆلۆژیەکان دەبنە سیستەمگەلێکی دەرێی ئەوەی کە لە مێژوودا گوزەراوە، ئەوکات ئەوەش بە بنەمای سیستەمێکی سروشتی هەمیشەیی دادەنرێت، بە واتایەکیتر نامۆبوونو بندەستکردن، شتانێکن خۆ قوتارکردن لێیان ئەستەمە. ئەمەش فرۆید، تەنانەت ئەو بیرمەندانەش وای دەبینن، کە نەک هەر وەک فرۆید بیر ناکەنەوە، بەڵکو لە بۆچونکەکانیشیاندا جیاواز لە فرۆید بیردەکەنەوە. لە چەندین نوسراودا، بارت ئەوەی خستووەتە روو، کە پرۆسێسی ناخود ئاگای زمان، هۆیەکە بۆ چێکردنی داستانگەلێکی پەرتو جیاواز لە مێژوو و سیاسەت. هاوکات بەشێوەیەکی جیاواز پشتی بەستووە بە هێما زمانەوانییەکان، ئەوەی کە لە زانستی نمونەناسی، یاخود ئاماژەدا دەخوێنرێت. ئەوەش لەپێناو خستنە رووی باکگراوندی مێژوویيو سیاسیی هەمووو ئەو داستانانەو ئەرکو

پێگەیان لە درێژەدان بە رەوشی ئێستایی، کە بەو جۆرەیە هەیە. هاوکات هۆلۆب، بەهیچ جۆرێک دان نانێت بە کاریگەریی فۆکۆ بە سەر دانراوە هزرییەکانیدا.

دیسانەوە شیکەرەوەی دەروونی لاکان(1901 – 1981) ، دەگەڕێنەوە سەر شرۆڤەی دانراوەکانی سیگمۆند فرۆید ، هەروەها ئەویش زانستی نمونەناسی بەکاردەهێنێت بۆ پێشنیازو خستنە رووی وێنایەکی نوێ لە هەڵسوکەوتو رەفتارو کارلێکی مرۆیی. هەرچەند کە مارکسی نەبوو، وەلێ شرۆڤە نوێیەکەی بۆ سیگمۆند فرۆید رێگەیەکی لەبەردەم چێکردنی پێوەندیەکی نوێ لەنێوان مارکسیزمو شیکەرەوە دەروونیەکان رۆشنکردەوە. بەوەی لەتەک پێشنیازی مارکس لەبارەی فیورباخ سازانی کرد، چونکەکە ئەوان پێداگرییان لەسەر ئەوە دەکرد، کە هەڵەیە وابزانرێت مرۆڤ کائینێکە و، بە تەنها لە رەفتاریدا دارای سروشتێکی سەرمەدییە، بەڵکو پێیانوابوو کە هەمووو تاکێک دارای تۆڕێکی ئاڵۆزە لە پەیوەندی کۆمەڵایەتیو سیاسی، کە لە زەمەنێکی مێژوویی دیاریکراودا بۆی دێنەپێشێ، هەروەها تێگەیشتنی لاکان بۆ دەرونی مرۆڤ تارادەیەکی زۆر لە تێگەیشتنی مارکسەوە نزیکە. لەبەرئەوەی لاکان تارادەیەکی زۆر دەروونی مرۆڤ دادەنێت بە دەرهاویشتەی مەنزومەو تەرکیبێکی کۆمەڵایەتیو شارستانیو مێژوویی، کە کاریگەریەکانی خۆی بەرە بەرە لە مرۆڤدا نومایان دەکات، ئەوەیش لەو سۆنگەیەوە دەسەلمێنێت، کە مرۆڤ لەمیانی گەشەدا زمان وەردەگرێتو رەوتی کەسایەتی خۆی لەو دەربڕینانەوە بۆ قۆناغەکانی داهاتوو دیاری دەکات. وەلێ بە گوێرەی لاکان زۆرێک لە بیروباوەڕو نەریتەکان، بەشێوەیەکی ناخود ئاگا دەگوازرێنەوە بۆ زیهنی مرۆڤ.

هاوکات لاکان زۆرتر لە مامۆستاکەی فرۆید، گەشبینە. لەکاتێکدا فرۆید ئاماژە دەکات بۆ ململانێکانی نێوان تاکو شارستانییەتو پەیوەستی

دەکاتْ بە فاکتەرە بیۆلۆژیەکانەوە، لاکانیش ئاک لە چوارچێوەی مەنزومەیەکی کۆمەڵایەتیو سیاسیدا دادەنێتْو پێیوایە پێویستْ دەکاتْ کە لێکۆڵینەوە بکاتْو لێیان تێبگاتْ، ئەوەش لەپێناو توانای مرۆڤ دێتْ بۆ گۆڕانکارییو وابەستەنەبوون بە تەنها رەوشێکەوە .

**پڕۆژە بۆ چارەسەری نامۆبوون**

لێرەدا پڕۆژەیەکی تیۆری بۆ چارەسەریی بێگانەییو نامۆیی خراوەتە ڕوو. کە تیۆرەکە پشتبەستووە بە دەرخستەکانی مارکسیزمو شیکەرەوە دەروونیەکان لەتەکیدا. دیارە درێژەو تانوپۆی ئەم پڕۆژەیە، هێشتا خامەو پێویستی بە لێلێکۆڵینەوەو لەسەر وەستانی فرەتر هەیە. سەرەڕای شرۆڤەی لۆژیکی ئەم پڕۆژەیە، هێشتاش لە هەڵەتێگەیشتنی هەندێ لە باوەڕدارە مارکسیەکان بۆ شیکاریی دەروونـی بەریەک کەوتن ڕوودەداتْ. ئەوەش سەریکێشاوە بۆ بوونی کۆسپێک لەنێوان گفتوگۆی هەردوولادا بۆ گەیشتن بە ئاکامو ڕاستییەک سەبارەتْ بە پرسەکە. ئەمە سەرەڕای بوونی ئیستسناگەلێکی گرنگ لە بەرامبەر هەردوولادا .

1 . شیکاری دەرونی وەک چارەیەک بۆ عەقڵیەتی کارگەرایی(براگماتیزم)، یان بەرژەوەندگەرایی مارکسیزمی کلاسیکی، هەڵوێستێکی دوژمنکارانەو نەیاریی لە بەرامبەر شیکاریی دەروونییەوە نیشانداوەو وادادەنێتْ کە هێزێکی نا لۆژیکیو میسالیەو دوواجار پێویستە بدرێتە دوواوە. ئەم دانە دوواوە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی، کە پێیوایە مارکسییەتْ بەرز راگرتنی دەنگی عەقڵ لە رەوشەکەدا لەپێشچاو دەگرێتْ ( مەبەستْ لێرەدا لایەنی ئاگایی عەقڵەو هاوکاتْ پایماڵی تەواوی لایەنی نا ئاگایی عەقڵ دەکـاتْ). زۆرێکیش لە مارکسییەکان پێیانوایە کە شیکاری دەروونی بیروباوەڕێکە، کە بۆرجوازەکان لەپێناو دەستدرێژیکردنە سەر عەقڵو ئاوەز بە ئامانجیان گرتووە .

لێرەدا مارکسیزم خۆی یەکسان کردووە بە عەقڵو لەبەرامبەردا بۆرجوازییەتی یەکسان کردووە بە ناعەقڵانییەت. دیارە شیکاریی دەروونی عادەتەن بایەخ بە نا عەقڵانییەتو ناخود ئاگایی دەدات، هەربۆیە مارکسییەکان پێیانوایە کە ئەم زانستە وەک سەکتەیەک وایە بۆ پێنوسی زانستو لە هەمانکاتدا بە زانستی بۆرجوازیو ئیمپریالیەکان دەیشوبهێنێت. هاوکات وەک ئێستا تێبینی زیاتر دەخەینە سەر کە لە واتای زانست دایدەبڕێت.

لەبەرامبەردا هەمووو ئەو مارکسیانەدا باوەڕی تەواو بە عەقڵانییەتی مارکسیزم دەهێنن، پێیشیانوایە کە بەکارهێنانی عەقڵ، دواجار برەو بە بیرو باوەڕی مارکسیزمو سەرکەوتنی سۆسیالیستی دەدات، واتە لێرەدا کۆمۆنیزم وەک حەتمیەتێکی مێژوویی چاوی لێدەکرێتو وەک گەشبینیەکی شۆڕشگێڕیی بە سەرکەوتنی عەقڵ دادەنرێتو بە زاڵبوون بەسەر تاریکیدا نومایان دەکرێت.

مارکسییەت لێرەدا بەرهەمی پاش رێنیسانسە، کە بە لایەنی ئاگایی عەقڵ داندەنێت. ئەم بیرکردنەوەیە رێگە بۆ ئەوە دەکاتەوە مرۆڤ دابنرێت بە بوونەوەرێک کە دارای توانایەکی لە رادەبەدەرە لە تێگەیشتن و لێلێکۆڵینەوە لە زانستەکان، کە دەتوانێ لە خواستی یاساگەلێک بکات لە دەرەوەی مێژوودا. بۆ نمونە لە خواستی یاساگەلی زانستە سروشتییەکان، بەتایبەتی فیزیای کلاسیکی، هاوکات شوێنکەوتنی زانستە کۆمەڵایەتیەکان، لەشوێنکەوتنی ئەو زانستانەدا هەڵهێنجراوە، کە لێرەدا بە درێژی لەسەریان رادەوەستین. زانستەکانی پاش رێنیسانس، یاخود زانستەکانی مۆدێرنە بە تەواوی مەبدەئی برەودان بە عەقڵانییەتیان بە ئامانج گرتو ئەوانەش کە نەیاری ئەم رەوتە بوون بە دواکەوتوو و میسالی ناو زەد کران. لێرەدا زانستەکانو چالاکییە سیاسییەکان، لەسەر بەرمەبنای مۆدێرنە وەستابوون و لەدەرەوەیاندا بە دواکەوتوو و میسالی دادەنراو هەوڵێک بوون بۆ لەباربردنی

سەردەمی رۆشنگەریی . شیکەرەوە دەروونیەکانی بۆ نمونە وینیکوت وای دەبینی شیکەرەوەی دەرونی وەک چالاکی چارەسەریی، یاخود پرۆژەیەکی زانیاری ئەوەی لە هەگبەدا بوو، کە مرۆڤ والێبکات زیاتر تواناى هەبێت لە گەمەکردن و پەیوەندیکردن بە لایەنە ناعەقڵانیەکانەوە لە ناو کەسایەتی خۆیدا. لێرەدا وینیکوت دەستەواژەی گەمەی بەکارهێنا لە دژی بیرکردنەوە عەقڵانیەکانو بەرژەوەندیەکان. ئەوەش کاتێک دەبێت، کە ئەو دەستەواژەیە ناوەڕۆکێکی چێکراو بۆ خۆی بسازێنێت.

زانستەکانی مۆدێرنە بەتایبەت زانستە کۆمەڵایەتیەکانی، دیسانەوە وەک هەمیشە لایەنە نا عەقڵانییەکان لە سلوکو رەفتاریی ئادەمیزاد دەداتەدواوە. هەر بەم نەزمەیش تواناو شایستەگی مرۆڤ لە سەر داهێنانەکان پێوست دەکات. لاکان بۆ ئەم مەبەستە هەمووو ئەو دەردو نەخۆشیانەی کە کۆمەڵگەی ئەمەریکی پێوەی گیرۆدەیە، وەک نمونە هێناوەتەوە. ئەوەیش بەو سیفەتەیە، کە ئەوان کۆمەڵگەی مۆدێرنەن.

هەربۆیە پێیوایە دووچاری نامۆبوونو بێگانەییو بەشمەک کردنی مرۆڤو دوو روویی نێوان تاکەکان بوون. وەلێ هەمووو ئەم نەخۆشیانە بریتین لە سیفەتگەلێک، کە تەواوی چالاکیەکانو پرۆژە سیاسیەکان پێوەی وابەستەن، ئەوە بەشێوەیەکە، کە مەمفۆرد ناوی ناوە عەقڵانییەتی تەقەنیو پراگماتیکی . ئامانجی سەرەکی لە نمونەی ئەم عەقڵانیەتەدا، بە کۆنترۆڵکردنو هەیمەنەی حوکمگەلێک بەسەر مرۆڤدا نوێنەرایەتی دەکرێت، ئەویش بە بەکارهێنانی ئامرازگەلێک، کە پێشکەوتنی تەکنەلۆژی دابینیکردون، کە بەهیچ کلۆجێک ناکرێت ئینکاریی لایەنە ئەرێنییەکانی بکرێت. دیارە عەقڵانیەتی پراگماتیکی و کارگەرا، کە دەرهاویشتەیە بۆ کۆمەڵگەی مۆدێرنە و ئەوەی لە هەگبەیدایە کەیفخۆشی عەقڵانییە لە رەفتاریی مرۆڤ دا. ئەمەیش لەلایەن هێزو کاری هێزە شۆڕشگێڕەکانەوە زیانی پێگەیەنراوە.

هەربۆیە زۆرێک لە چاودێران تێبینی کورتکردنەوەی ئـارەزووی مرۆڤ دەکەن بۆ کاری سیاسیی. هەندێک لە مارکسیەکان ئەمە کورتدەکەنەوە لە چالاکیەکانی  هێزە نەیارە بۆرجوازیەکانو ئایدیۆلۆژیا گومڕاکەیاندا. لەبیریان چووە کە کاری داهێنراو ئافەریدە، حەتمەن  لاوازی بەرۆکی دەگرێت، مادام پارتە سیاسیو دامەزراوەکان، بەتەنها پشتبەستوون بە عەقڵ، دیارە لێرەدا عەقڵ وەک نەیارێکی ناهۆشیاری دێنە ئەژماردن. نمونەی ئەم میتۆدەیش ئامەزرۆیی خەڵکی بۆ کاری سیاسی لاوازو هێواش دەکاتەوە. بەبۆچونکەی مەمفۆرد دەکرێت ئەم لاواز بوونو خەمساردییە لەم فاکتەرانەی خوارێدا بخەینە روو:

هەندێک لەناو پارتە سیاسییەکاندا بوونی خۆیانو کارەکەیان وەک ئامڕازێک بەکاردەهێنن، لەپێناو بەئاکام گەیاندنو تەحقیقی خودیدا. وەلێ وەختێک پارتەکە لەتەک عەقڵدا یەکسان دەکەین، ئەوێ دەم جیاوازیەکان لەتەک پارتەکەدا کەواتە جیاوازی لەتەک عەقڵدا. لێرەشدا ناکرێت ئەم نەنگیو جیاوازیانە بە ناعەقڵانیەت بچوێنرێت. لەلایەکی ترەوە، جیاوازی لەتەک عەقڵدا، بەواتای کۆتا جیاوازی دێ لەتەک پارتەکەدا، خۆ ناکرێت ئەمە سەربکێشێت بۆ هەستکردن بەمەترسیی لە سەر حسابی هاوسەنگی دەروونی لەلای تاکەکان.

هەوەک چۆن لوفۆرد تێبینی کردووە، سیاسەتی عەقڵانی ئارەزووی مرۆڤ بۆ کاری سیاسی لاواز دەکات . لایەنگرانی ئەم تیۆرە برەو بەوەدەدەن، کە خەڵکی ئاسایی ناتوانن دارای توانایەکی شایستە بن، ئەوەی کە لەسەریانە لە بەرێوەبردنی مەنزومەیەک، یان دامەزراوەیەکی عەقڵانیدا بەڕێوەی ببەن. بانگەشەکارانی ئەم تیۆرە سیاسەت لەبەرژەوەندی توێژێکدا دەهێڵنەوەو نایسپێرنە دەست خەڵک.

لە بنچینەدا سیاسەتی عەقڵانی، بەواتای شوێنکەوتنی رامیاریگەل،

یاخود جێبەجێکردنی بەرنامەی لاوازکردنی داهێنانە. لەکاتێکدا چالاکی سیاسی شۆڕشگێڕیی، پێشنیازی بەرنامەیەکی نوێ دەخوازێ، کە ناکۆکو نەیارە بە واقیع. نەوەکو وتاری سیاسی شۆڕگێڕی بداتە دواوە، رەتی سازشکردن لە تەک واقیعەکەیدا دەکات. جەماوەر، هەروەک چۆن زۆرێک لە تیۆریستە سیاسیەکان جەختی لەسەر دەکەنەوە، رەوایەتی نادەن بە کارێک لەپێناو دۆزێکدا، ئەویش بەهۆی عەقڵانیەتو رەوایەتی خۆیدا، بەڵام تەنها کاتێک هەستیکرد، کە هیوایەک هەیە بۆ سەرکەوتنی دۆزەکە، ئیدی میتۆدی خۆی بەرناداو دەیگونجێنێت. هەروەک چۆن بلوخو مولتمان باسیدەکەن پێویستە جیهان هیوای هەبێت لەپێناو گۆڕانکاریدا . لەبەر ئەوە سیاسەتی عەقڵانی سەردەکێشێ بۆ جۆرێک لە نامۆییو بێگانەیی، هەروەک چۆن مارکۆزە دەیناسێنێ بە بوونێکی یەک رەهەند دار . ئەمەیش کاتێک دەبێت، کە عەقڵ ببێتە سەرچاوەی سەرەکی فەرمانکردن بەسەر دیاردەو شتومەکەکان. وەلێ دەکرێت شیکاری دەرونی تواناو ئامرازگەلێکی هزری پێویست، بۆ تیۆریستە سیاسیو مارکسیەکان دابین بکات، ئەمەیش نە تەنها بۆ تێگەیشتن و دەرکی پاڵنەرە عەقڵانییە هۆشیارەکان، بەڵکو بۆ تێگەیشتن لە ئەنگیزە لا شعورییەکان، چون پاڵنەرو بزوێنەری یەکەمن بۆ تاکو کۆمەڵەکانی تریش، هاوکات یارمەتیدەری زیندوو راگرتنی هیوایە لای خەڵکی، بۆئەوەی رەوایەتی بدەن بە کاری داهێنەرانە، لە پێناو گۆڕانکاری واقیعدا.

### 2. شۆڕشگێڕیی زانست و پارێزگاریی میتۆدیی ئەزمونیی

وەک پێشتر ئاماژەمان پێدا، زۆرێک لە مارکسیەکان، شیکاری دەروونی تۆمەتبار دەکەن، بە هەوڵێک بۆ ناعەقڵانی بوونو نازانستی بوون. لێرەدا جەخت لەسەر ئەوە دەکەینەوە، نازانستی بوونی شیکاریی دەروونیو مامەڵەی ناعەقڵانی، ئەوە سەرەڕای ئەوەی ئەم دوو بابەتە دەستێوەردانی گەورە

لەنێوانیاندا بوونی هەیە. هۆکارگەلی سەرەکی لە تۆمەتبارکردنی شیکاری دەروونی بە نازانستی بوون بریتییە لە بەکار هێنانی فرۆید وەک پێشەنگی شیکارە دەروونییەکان. ئەوان فرۆید وەک نمونەیەکی بچوکی نەخۆشیەکان بۆ بونیادی تیۆرەکانیان دەهێننەوە. لەکاتێکدا بۆ پاڵپشتی بەڵگەکانیان، هیچ ئەو رەوگەیە بەکارناهێنن، کە ناودەبرێت بە میتۆدی لێکۆڵینەوەی زانستیو تەجریبی. وەلێ مارکسیەکان بە توندی پشتیوانی لە تیۆری زانای رووسی پاڤلۆڤ دەکەن. بەتایبەتی لەو بواردا، کە وابەستەیە بە کردارەکی کارەکانی لە بواری زانستی دەروونیدا. چون کارەکەی لە سەر کرداری فەسلەجیو دەمار وەستاوە. ئەوە سەرەرای ئەوەی، کە ئەو تاقیکردنەوەیە بەسەر سەگدا بەڕێوە چووە، نەک بەسەر مرۆڤدا.  ئەم بانگەشانە بۆ کرداریی تاقیکردنەوەکانی پاڤلۆڤ، دەکرێت ئەستەم بێت لە بواری فسیۆلۆژی و دەماردا، یاخود لە بواری بیۆلۆژیدا. چونکە ناکرێت رۆڵی بیۆلۆژیا لەشیکاری دەرونیدا بە هەند وەرنەگیرێت. وەک ئەوەی ئەم تاقیکردنەوەیە ئەنجامی کردارێکە کە بەسەر ئاژەڵدا هێنراوە، گەربێتو بەگشتی بکرێت بۆ مرۆڤیش، ئەوە دوچاری هەڵەیەکی فەلسەفیو زانستی دەبینەوە، هەروەکو هەڵەی بابەتێکی پێچەوانە، کە بێینو هەستەکانی مرۆڤیش بۆ ئاژەڵ بچوێنینو بسەپێنین. وەلێ بەتایبەت نازانستی بوونی شیکاری دەروونی، کە فرۆید یان زۆرێک لە شیکەرەوە دەرونیەکان  نەهاتوون میتۆدی لێکۆڵینەوەی تەجریبی لە توێژینەوەکاندا بۆ نەخۆشیەکان بەکاربهێنن.  ئەوە بەو واتای نازانستیبوونی میتۆدەکەیان نییە. فیراباند یەکێ لە گەورەترین فەیلەسوفی زانستی سەدەی بیستەم، لەمیانی شیکاری مێژوویی بۆ پێشڤەچونکەی زانستو ماریفە ئەوەی خستە روو کە پێشکەوتنی زانست رێگەیەکی هەڵەی نەگرتووەتە بەر ، چونکە لە پێشکەوتنی زانستو ماریفەدا، تەنێ رێگەیەک، یان میتۆدگەلێکی دیاریکراو نییە، بەڵکو پێشکەوتنی زانستو ماریفە بەشێوەیەکی بێ سەرە و بەرەیی لە

گوزەردایەو وابەسنە نییە بە میتۆدو مەنزڵێکی فەلسەفییەوە. هەروەک چۆن ژمارەیەک لە توێژەر بۆ نمونە گلیمور  ئەوەی خستەروو، کە ئەو میتۆدی توێژینەوەیەی فرۆید گرنییە بەر بەشێوەیەکی بەرچاو هاوتای ئەو میتۆدی توێژینەوەیە بوو، کە نیوتن لە پێکهاتەی تیۆرەکانیدا لە سەری دەڕۆی. کە دەشزانرێت بەشدارییکردووە لە بەروپێشچونکەی شیکاریی دەرونی زانستو زانستێکی مۆدێرنیشە. وەک ئەوەیش کە هەندێک لە مارکسیەکان هاوتای میتۆدی تەجریبی مەیدانی دەکەن، بە میتۆدی توێژینەوەی زانستی، ئەوا پشت بە بنەمایەکی هەڵە دەبەستن.

چونکە میتۆدەکانی توێژینەوەی زانستی، پێویستی میتۆدی توێژینەوەی تەجریبی لە زانستە کۆمەڵایەتیەکاندا بەکار ناهێنێت، بۆنمونە ئاتاجبوون بە گریمانەکانی توێژینەوەی تەجریبی، تەنها بە پشتبەستن بە توێژینەوەی میتۆدی وەزعی، یان تەنفیزی(بەگوێرەی میتۆدی فەیلەسوف پۆپەر) لە پێناو قبوڵی گریمانەیەک وەک تیۆرێکی کرداریی یان بەشێک لەو تیۆرە دێتە ئارا. بە پێچەوانەی ئەوە، هەڵهێنجانی یاسا زانستیەکان هیچ نیازێکی بە توێژینەوەی تەجریبی نییە، کەواتە توێژینەوەی تەجریبی لەپێناو دەرخستنی کارایی‌و کاری ئەو یاسایانە بەکاردێت. بۆ نمونە یاسای فیزیایی (ماوە یەکسانە بە خێرایی کەڕەتی کات) پێویستی بە تاقیکردنەوەی مەیدانی نییە، تاوەکو راست‌و دروستی بسەلمێنرێت .

ئەوەی لێرەدا گرنگە ئەوەیە، گرنگ نییە هەڵەی ئەو بۆچونانە بخەینەروو، کە نازانستی بوونی شیکاری دەرونی دووپات دەکەنەوە، هێندەی گرنگە کە تێبگەین  میتۆدی توێژینەوەی تەجریبی‌و ئاکامەکانی نزیکترن بۆ پارێزگاری لە غایەو ئامانجەکانی گرنگیدان بە لێکۆڵینەوەی واقیع‌و ریشەکانیشی پێکداادان لەتەک رابردوویدا دەکات. وەلێ زانست ئینتمای بە رابردوو ئێستە نییەو لە سەروی واقیعەوە خۆی دەبینێتەوە، کەواتە حەتمەن

دەبێت ریشەیی‌و شۆڕشگێڕیی بێت ، کەواتە داروخانی جەمسەرو بلۆکی سۆشیالیستی، بە واتای داڕوخانی تیۆری مارکسی نایەت، چونکە ئەزمونێک نابێتە سەنگی مەحەکی یەکەم و کۆتایی بۆ هەڵە، یان تەندروستی تیۆرو ئەزمونێک، بەڵام تەنانەت زانستی سروشتیش (لەوانە فیزیا، بەو پێیەی پادشای زانستە سروشتیەکانە) بە گوێرەی نیچە، بەو واتایە نییە، چون بۆ قسەکردن لە سەر گەردوون زیاد لە روانگە و شرۆڤەیەکی پێیە .

### 3. وزەی پاڵنەرە سێکسییەکان

فەیلەسوفەکانی وەک هێربێرت، مارکوزە، شیکەرەوە دەروونییەکانی وەک ئەریک فرۆم، فیلمە رایخ لە هەوڵی ئەوەدا بوون، کە مارکسییەت لەتەک شیکاری دەروونیدا ئاوێتە بکەن. چون بەتوندی رەخنە لە تیۆری مارکسیی دەگرن، بەوەی بواری غەریزەو هەوەسی فەرامۆشکردووە، ئەوەی کە لەشیکاری دەرونیدا گریمانەی بۆکراوەو لە چوارچێوەی غەریزەی ژیان‌و مەرگدا شوێنیان کراوەتەوە. لە شیکاری دەرونیدا غەریزەکان پێگەی یەکەمیان هەیە لە دیاریکردنی رەوگەی تاک‌و کۆمەڵگەدا. لیوتاری فەیلەسوف بۆ یەکەمجار دەستەواژەی ئابوری شەهوەتی بۆ جۆرە جیاوازەکانی پاڵنەرە غەریزییەکان داناوە . ئەو پێیوایە غەریزە بەشێوەیەکی ناخود ئاگایی، دێنە ناو مرۆڤەوە. ئەوە نەنگییە بۆ مارکسیەت کە رۆڵی غەریزەی بەهەند وەرنەگرتووە. چون پێیوایە ئەو پاڵنەرانە پاڵنەری ناعەقڵانین و لەتەک عەقڵانیەتی مارکسیی و رۆشنگەریدا یەکناگرنەوە، یاخود ناعەقڵانیەتی ئەو غەریزانە بەواتای نەتوانینی پێشنیازو پێشبینی دەرهاویشتەو زاڵبون‌و فەرمانبەرداری دێت. زیاد لەوەیش ئینکاری مارکسیەت لە رۆڵی پاڵنەرە غەریزییەکاندا، کارێکی سەپێنراوە، کە ملدەکێشێت بۆ نامۆیی چونکە ئەو پاڵنەرانە لە جۆرو شێوەو دیاردەی تردا سەرهەڵدەدەنەوەو کاریگەریی خۆیان

دەبێت . لە پەرتوکەکانیدا (گرێی ئۆدیب) دۆلۆزو وتارەکانی شرۆڤەیان کردووە چۆن پاڵنەرە جنسییەکان شکڵو شێوە دەگرنو دیاریدەکرێن و پەیوەست دەبن بە دامـەزراوە و پێگە کۆمەڵایەتیە دیاریکراوەکانەوە . وادانراوە ئەو ئارەزووانە بەشێوەیەکی دینامیکی دێنە گۆڕێو دێنە بوونو دارای توانایەکی هەمیشەیین لە خەونو بیرە نوێیەکاندا، هەروەها هاتنە گۆڕێی وزە سەرەتاییەکانی غەریزە دەکرێت، لەبواری بەرهەمهێنانی چەمکو تێگەیشتنەکاندا کەڵکیان لێوەربگیرێت.

یاخود لەبواری دامەزراوە هزریەکاندا، کە پێشووتر بوونیان نەبووە. هەربۆ ئەمەیشە، کە زۆرجار ئامانجی دەسەڵاتدارە ئاشکراو پەنهانەکان بەئێستاشەوە مژوڵی بندەستو سەرکوتکردنی ئەو غەریزانەن، ئەوەش تەنها بە هۆکاری بەڵگەو لەپێناوی جیا جیا. هاوکات لەپێناو بەردەوامی دەسەڵاتیانو سەرکوتی هەر بیرێکی رادیکاڵی بـەردەوام، ئەگەری زیان گەیاندن بەو غەریزەو توانا شاراوانەی ناخی تاکەکان سروشتی کۆمەڵگەو دەسەڵاتدارەکان بووە .

لەم میانەدا ژان فرانسوا لیوتار لە هێنانەناوەی ماهیەتو گرنگی پێدانی غەریزەو وابەستە کردنی گەلێ لە نۆرەباوەکان بەو ماهییەتەوە رۆڵێکی فرەی گێڕا. غەریزە بە لێکدانەوەی لۆژیکیو بە لێکدانەوەی دەروونی لە گوتارو نوسینی لیوتارا، شوێنی باڵا و فراوانی هەبوو دەروازەیەکی بەرینو چالاکی بەرووی شیکارو شرۆڤەی تەواوی زانستە کۆمەڵایەتییەکان کردەوە تا بتوانن زیاترو زیاتر لەو رەهەندەوە شۆڕببنەوەو کەڵک لە بایەخو چالاکی وزەکانی پاڵنەر لە غەریزەدا ببیننەوە. وێستگەی کارەکانی لیوتار لەو مەیدانەدا دەتوانین بڵێین یەکەم دەستپێک بوو، کە بە سەلیقەیەکی فرە لۆژیکیو بە ئاگاییەکی دەرونییەوە، واتاو شوێنی تایبەتی بۆ غەریزەکانی مرۆڤ کردەوەو بە زمانێکی وابەستە بە سروشتی مرۆڤەوە غەریزەکانی ئاشنا

کرد، بە پەیجورە زانستییەکانی دنیای سەردەمو گەلێ لە کونو کەلەبەری زانستیی، کە لە تیۆری فەیلەسوفە مەزنو زاناکاندا هەبوو، بە رەوگەی زانستی لیوتار پڕکرانەوەو دنیای ئاشنا کرد بە ماهییەتی غەریزە لە نەخشی ئابوریو سیاسیو کۆمەڵایەتی، تەنانەت بە هەڵچونی دەروونی ناو تاکەکانو شوێنی غەریزەی چ لە پێشکەوتنو چ لە داڕوخانو نەگبەتیەکانی ژیاندا، بە روونی دیاریکرد و ئاشنایکردو لەنامۆیی نوسینەکاندا قوتاریکرد.

## بەشی دووەم

### شەشەم: ئیسلام و پرۆژەکەی لیوتار

ئیسلام وەک ئاینێک و چەکێکی سیاسیو شۆڕەوەبوو بۆ ناو گەلێ لەیاساو دەستوورەکانو وەک ئابوریو کەلتورێک کە ئارادەیەکی ئەوتۆ توانیویەتی خۆی لە وڵاتانی رۆژهەڵاتدا شوێن بکاتەوە. ئەم ئایینە تایبەتمەندی لەوەدایە بووەتە کەلتوری گەلێ لەنەتەوەکانو لەسەر بنەمای ئایین گەلێ لە باوەڕە سیاسیو هزریو ئابوریەکان رەوەندی مێژووی ئەو ناوچە بەرفراوانەی رۆژهەڵاتیان ئاڕاستەکردووە، لەبەرئەوە بە جۆرێک لە جۆرەکان پێوەندییە مێژووییەکانو پێکدادان لەنێوان ئایینو ئاینداریداو لەتەک فەلسەفەو رەوتی رێبازە سیاسیەکانی خۆرئاوادا بەریەک کەوتن هەیە. ئەم بەریەککەوتنانە هەندێک جار بوارو بەرهەمێکی ئەرێنیان داوە بەدەستەوەو هەندێک جاریش مایەی گێچەڵو ناکۆکیو لێک تێنەگەیشتنو دووری بوون چ لەتەک مۆدێرنەو چ لەتەک پۆست مۆدێرنەدا.

لەبەرئەوە لێرەدا سەرنجی خۆمان خستووەتە سەر پرۆژەکەی لیوتار، وەک پۆست مۆدێرنەو کاریگەرییەکانی لە دنیای ئیسلامدا، یاخود دەنگ دانەوەکانی لە دنیای عەرەبیو ئیسلامیدا. گەرەکمانە بڵێین تاچەند ئاشنای ئەم تیۆرەیەو تاچەند سازانو نزیکی، یاخود دووری لەم کەلتورە ئایندارییەدا

دەدۆزرێتەوە لەتەک پۆست مۆدێرنەدا. گرفتو تەنگوچەڵەمەکانی نێوان ئیسلامو مۆدێرنە پیشینەیەکی مێژوویيان هەیە. ئەو گرفتە لە هەشتاکان، تەنانەت نەوەدەکانی سەدەی بیستەمدا بە تەواوی لە جیهانبینی ئیسلامیدا رەنگیدابویەوە. وەلێ بەریەککەوتنی ئیسلامو پڕۆژەی پۆست مۆدێرنە نەختێ دوواکەوت، چون پڕۆژەکە لە حەفتاکانەوە خزایە ناو واقیعی مشتومالە خۆرئاواییەکانەوەو دواتر درەنگتر بیرمەندو لێکۆڵەرانی رۆژهەڵات لەسەری وەستان.

یەکێکی تر لەو هۆیانەی کە زیاتر موسڵمانان ئاشنان بە مۆدێرنەو بایەخی کەمتریان لەسەر پۆست مۆدێرنە هەیە، بریتییە لە نەیارییەتیان بۆ پـڕۆژەی مـادیو مەعنەوی مۆدێرنە، ئەم نەیارییەتەیش هەتاوەکو ئێستە بەردەوامەو درێژەی هەیە. چونکە مرۆڤی موسڵمان، یاخود دنیای رۆژهەڵات بەهەمووو پێوەرە تیۆریو کرداریو فەلسەفیو زانستیو لۆژیکییە فەلسەفییەکان لە پۆست مۆدێرنەدا، خۆی نەبینیوەتەوەو ژيانیان بە جۆرێک لە جۆرەکان ئاوێزانو ئالوکەی دەرهاویشتەکانی مۆدێرنەیەو خۆی لە مۆدێرنەدا دەبینێت، هەتاوەکو ئێستەیش نوسینو لێکۆڵینەوە ئیسلامییەکان لە ئاستانەی ئەم چەمکو چەلەحانێ تیژەی دونیای ئەمڕۆدا فرە کەمن. بۆ نمونە زەکی میلادی بیرمەندی سعودیە لەم بارەیەوە دەڵێت «هەتاوەکو ئێستە نوسەرانو لێلێکۆڵەرانی ئیسلامی، بە پێی پێویست خۆیان لە قەرەی بیری پۆست مۆدێرن نەداوە، ئەوە لە کاتێکدایە کە ئەم بیرو بۆچونکەە، بە تەواوی بیرمەندانو عەقڵمەندانو ئەکادیمییەکانی خۆرئاوای بە خۆیەوە مژوڵو مۆڵەق کردووە».

وەلێ بایەخەکانی تیۆریستو نوسەرو کۆڵەرە ئیسلامییەکان بە پۆست مۆدێرنە بایەخگەلی زوو تێپەروو رووالەتین و بەشێوەی قوڵبوونەوەو لەسەر وەستان نیینو روانگەی روئیای ململانێو جەدەلیان لەتەک خۆیاندا پێ

نییە. هاوکات لە پەرتوکی ئیسلام و مۆدێرنەی (دکتۆر موستەفا شەریف) کە کتێبێکی بە بایەخە لەسەر ئیسلامو رایەڵەی لەتەک بیری مۆدێرنەدا، دەبینرێت لەشەنو کەوکردنی ئەو روئیا ئیسلامیانەدا، فرە بە لاوازی و لە کۆتاییدا ئاماژەیەکی لاوازی بە پۆست مۆدێرنە داوەو هیچ لەسەری رانەوەستاوە. ئەوەیش سەلمێنەری ئەو راستییەیە، کە ئەم بابەتەی کە لیوتار هێناویەتە گۆڕێ، لە دەرەوەی جەدەلو چەلەحانێکانی بیری عەرەبیدایەو روئیای عەرەبی بۆی روئیایەکی تاریکو تەریکە .

دیارە ئەو هۆکارانەی کە وایکردووە بیری ئیسلامیو عەرەبی بایەخ بە پۆست مۆدێرنە نەداتو نەهێنرێتە ناو کایەکانی نوسینی وانەوە بریتییە لەوەی کە خودی کۆمەڵگەی ئیسلامی، هێشتا لە قۆناغی مۆدێرنەدایەو مژوڵی دەستو پل نەرمکردنە لەتەک ئەو قۆناغەدا، کە خۆرئاوا بە بۆچونکەی دیارترین بیرمەندو فەیلەسوفو کۆڵەرەکانی تێپەراندووە. نەک هەر ئەوە، بەڵکو دونیای ئیسلام هێشتا پێی نەناوەتە دونیای هزریو زانستیو مەعنەوی پۆست مۆدێرنەیشەوە. بۆیە دەگەینە ئاکامێک، کە ئەوڕۆ نوسینو لێکۆڵینەوە لاوازو کەمە لەسەر ئەو پڕۆژەیەو ئەوەی کە هەیە بریتییە لە وەرگێڕانو روئیای بیرمەندانی خۆرئاوا، وەلێ بیرمەندانی عەرەبو ئیسلام بۆخۆیان مامەڵەیان لەتەک بیری پۆست مۆدێرنەدا نییە.

تەنانەت ئەو وەرگێڕانانەیش کە بۆ زمانی عەرەبی هەن، بریتین لە بابەتگەلێک لە بواری هونەرو ئەدەبی پۆست مۆدێرنەوە. هاوکات روئیای بیرمەندانی ئیسلامی، لەتەک پۆست مۆدێرنەدا روئیایەک نییە، کە پێمانبڵێت پڕۆژەیەکی شارستانی و رۆشنگەرییە، بەڵکو پێیانوایە پـڕۆژەی پۆست مۆدێرنە پڕۆژەیەکی عەبەسیو تەڵخو تاریکو نەهامەتئامێزی خۆرئاوایە. بۆ ئەم مەبەستەیش (زەکی میلاد)ی لێکۆڵەری عەرەبی، چەند هۆکارێکی هێناوەتەوە، کە گرنگترینیان ئەمانەی خوارەوەن:

یەکەم: روانگەیەک لە بەشێک لە نوسینەکانی ئیسلامیو عەرەبییەکاندا، ئەوەی لێدەخوێنرێتەوە، کە پـڕۆژەی پۆسـت مۆدێرنە، دەربـڕی واقیعی خۆرئاوایەو تێیدا رەوشێکی تایبەتو تەنهای پێیە کە لە بازنەی ئەوروپادا دەسوڕێتەوە، هەربۆیە پێیانوایە هیچ پێوەندییەکی بە کۆمەڵگەکانی ترەوە نییە، کە دیارە مەبەستیان کۆمەڵگە ئیسلامیو عەرەبییەکانە.

بۆنمونە وەختێک دکتۆر (فەهمی جەدعان) لە پەرتوکەکەی خۆیدا پرسیار لەبارەی ئەوەی پەیوەندی نێوان ئیسلامو پۆست مۆدێرنە هەڵسەنگێنێ دەکات، بۆخۆی لە کتێبەکەیدا رابردوو لە ئێستادا وەڵامدەداتەوەو دەڵێ پۆست مۆدێرنە رەوشێکی تایبەتە بە شارستانییەتی خۆرئاواوەو پێیشیوایە، کە لە خۆرئاوادا خودی مۆدێرنە لە جەوهەری خۆیدا گۆڕاوەو درێژبوونەوەیەکی مۆدێرنە لە هەناوی خۆیدا پەلی کێشاوە بۆ دونیای پۆست مۆدێرنە، کە ئەمڕۆ خۆرئاواییەکان باسی لێوەدەکەن.

دووەم: هەندێک لە نوسەرو لێکۆڵەرە عەرەبییەکانو ئیسلامییەکان وادەبینن، کە کۆمەڵگە ئیسلامییەکان هێشتا لەتەک مۆدێرنەو جوانییەکانی مۆدێرنە بەتەواوی ئاشنا نەبوونو بەشێکی بەرینی کۆمەڵگەکان، هێشتا گیرۆدەو گومەساری بەندوباوەکانی سەدەی نـۆزدەنو تامی کۆمەڵگەی پیشەسازییان نەکردووە، لەبەرئەوە لۆژیکی نییە، کە هێشتا هەنگاوی بەرچاو لە قۆناغی مۆدێرنەدا نەنراوە، کۆمەڵگەو ئاراستەی قەڵەمەکان بەرەو دونیای مۆدێرنە، کەمەندکێش بکرێنو لەو پێناوەدا قۆناغێکی ناکامڵو تەواو نەکراو وابەستە کەین بە قۆناغێکی ترەوە.

سێهەم : هەندێکیش پێیانوایە ئەوەی لیوتار پێشنیازکردووە هێشتا پڕۆژەیەکی تاریکو ئاڵۆزەو پڕ ململانێیەو روانگەو روئیایەکی تیرۆریستی لەبارەوە نەخراوەتە روو. هێشتا لەناو خودی ئەوروپیەکان خۆیاندا، پێناسەو پەیڕەوێکی لەباری بۆ نـەدۆزراوەتـەوەو بەدیاریکراوی پێماننالێن پۆست

مۆدێرنە چییەو چی دەوێتو لایەنەکانی کامانەنو چین. هێشتا بەشێک وادەبینن، کە پۆست مۆدێرنە برێتییە لە رەخنەی ریشەییو گۆڕانکاریو دەرچونکە لە قۆناغی نەرێنییەکانی مۆدێرنە، لە بەرامبەردا بەشێک پێیانوایە کە پۆست مۆدێرنە خودی درێژەدانە بە مۆدێرنەو درێـژەدانو ریفۆرمو تەواوکەری قۆناغی مۆدێرنەیە.

هەربۆیە پێیانوایە برێتییە لە مۆدێرنەی دووەم کە زیادو زیاتر مۆدێرنەترە لەو قۆناغەی کە بەشێک لە نەنگیو نەگریسی بۆ کۆمەڵگەی خۆرئاوا پێبوو، لەم قۆناغەدا هەمووو ئەوانە دووبارە نابنەوە، هەروەها روانگەی تر هەن پێیانوایە کە پێکدادانو پەیڕەوەکانی ناو مۆدێرنەو تەوژمی عەقڵانییەت، ئاڕاستەیەکی هەڵەی تری پێیەو مرۆڤی والێکردووە کە لە پۆست مۆدێرنەدا دوورکەوتنەوە لە عەقڵ بکاتە پێوەری جوانییەکان. هەمووو ئەو روانگانەو روانگەی تر لەم بارەوە پێشنیاز کراونو خراونەتە روو، هەربۆیە رۆشنبیرو کۆڵەری عەرەبیو ئیسلامی، نایانەوێت خۆیان لە قەرەی ئەو تەنگو چەڵەمەیەی مەیدانو میزاجی خۆرئاوا بدەن.

چوارەم: هاوکات بەشێکیش بەپێچەوانەی ئەو بۆچونکەانەی سەرەوە پێیانوایە بەپێی پێوەرو پەیڕەوی کایەی ئیسلامیو عەرەبی، یان کۆمەڵگە رۆژهەڵاتییەکان جیاوازییەک لە نێوان مۆدێرنەو پۆست مۆدێرنە دا نییەو پەیوەندی بەوانەوە نییە، هەروەها بۆچونێکی (دکتۆر تەها عەبدوڕەحمان) لەم بارەیەوە بۆ گرفتی نێوان پەیڕەوەکانی ئەو دوو قۆناغە دەهێننە پێشێ، بۆ نموونە پێیوایە کە جیاوازییەک لەنێوان واقیعی مۆدێرنەو واقیعی پۆست مۆدێرنەدا هەیە. وەلێ ئەگەر لە روانگەی رۆحی دوو قۆناغەکەوە تەماشا بکەین، دەکرێت بڵێین رۆحی پۆست مۆدێرنە بریتی نییە لەو رۆحەی کە لەناو هەناوی مۆدێرنەدا گەشەی کردوو دەرهاویشتەکەی خۆی لە شارستانییەتی خۆرئاوادا بینییەوە، هەربۆیە لە کۆی هەمووو ئەو بۆچونکەانەوە بۆمان روون

دەبێتەوە، کە پاساوگەلێکی فرە لەبەردەستایە، کە وایان کردووە بواری ئیسلامیو عەرەبیو بەگشتی رۆژهەڵاتی نایانەوێت بایەخ بەکایەی پۆست مۆدێرنە، یاخود گێچەڵی پۆست مۆدێرنە بدەن. لێرەدا چەند لێکۆڵینەوەیەک هەن لەبواری عەرەبیو ئیسلامیدا، کە تێیاندا خاڵیان لەسەر ئیشکالییەتی ئیسلامو پۆست مۆدێرنە داناوە، بۆ نموونە: (الکونیە والاصولیە وما بعد الحداثە) کە پەرتوکی (سەید یاسین)ەو لە ساڵی 1998 دا بڵاوبووەتەوە، دروست ئەو ساڵەی کە لیوتار تێیدا کۆچی دوایی دەکات، هەروەها پەرتوکی ( مابعد الحداثە والاخر: الإمبریالیە الجدیدە للثقافە الغربیە) کە ئەمیش (زیائەدین سەردار) نوسیویەتیو دیسان هەمان ساڵ کە لیوتار کۆچی دووایی دەکات بڵاوکراوەتەوە.

هەروەها پەرتوکی (الحداثە ومابعد الحداثة) کە هـەردوو نوسەر (عەبدولوەهابی مەسیری)و (فەتحی تورکی) نوسیویانە، پەرتوکی سالم قەمودی بە ناوی (الإسلام کمجاوز للحداثە ولما بعد الحداثة) لە ساڵی 2008 بڵاوکراوەتەوە، هەروەها پەرتوکی (الإسـلام وما بعد الحداثة .. الوعود والتوقعات) لە نوسینی نوسەری پاکستانی (ئەکبەر سەلاحەدین ئەحمەد) لە ساڵی 2009 نوسیویەتی. هاوکات پەرتوکە بەناو بانگەکەی (زەکی میلاد) بەناوی (الإسـلام والحداثة/ من صدمە الحداثة الی البحث عن حداثە اسلامیە) لە ساڵی 2010 دا بڵاوکراوەتەوە. لێرەدا بۆ تێگەیشتن لە خاڵی بەریەکەوتنی نێوان ئیسلامو پۆست مۆدێرنە، پێویستە بە روونی لە چەمکو دەستەواژەی پۆست مۆدێرنەو رەوەندی مێژوویی و گەشو نماکردنیو پێکهاتە، یان پێکهێنەرە پراکتیزەکردن و تیۆریو ماریفەتناسییەکانی ئەم پرۆژەیە تێبگەین. ئایا خاڵی ناکۆکیو بەریەککەوتنی ئیسلامو پۆست مۆدێرنە لە کوێدایەو هەڵوێستەکانی هەریەکەیان لەمەڕ یەکتریی چییە. لێرەدا بە وردی لەسەر ئەم پرس وجۆیە دەوەستینو شرۆڤەو شۆکاری ئەم دوو روانگە هزریو واقیعیو کۆمەڵایەتییە دەکەین.

## چەمکی پۆست مۆدێرنە

قۆناغی پۆسٹ مۆدێرنە لە نێوان ساڵانی 1960 بۆ 1990 دەخەملێنرێت. هەریەک لە رەوتو تیۆرەکانی بواری فەلسەفەو عەقڵو ئەدەبو کایەکانی دی، پێیانوایە لەناویدا پۆسٹ مۆدێرنەی بونیادگەراو ئاماژەناسیو زمانناسی برەوی پێدراوەو دەرکەوتووە. هاوکاٹ پۆسٹ مۆدێرنە بەرتەسککردنەوەی میتافیزیکیای خۆرئاوایی و ئەتوارو وتەزای ناوەندیی خۆرئاوای تێکشکاندووە ئەوانەی لە کۆنو نوێدا هەیمەنەو جوڵەیان بە سەر هزری خۆرئاوادا هەبوو لە بوارەکانی زمانو شوناسو رەسەنایەتیو دەنگو عەقڵ، هەربۆیە لەمپێناوەشدا لێکهەڵوەشانەوەو بەدگومانیو خۆنامۆبوونو ناکۆکی بەرهەم هێناوە.

هاوکاٹ هاوڕا بە پۆسٹ مۆدێرنیزم فەوزاو ئاژاوەو عەدەمییەتو بێ بەهایی و هەمووو ئەو پرسانە خرانە ژێر وردبینیو هەڵوێستە لەسەرکردن. تیۆرەکانی پۆسٹ مۆدێردنە بە هێزی دەرچونکە لە ناوەندگەرایی لە مۆدێرنە جودادەکرانەوە. هاوکاٹ دەرچونکە لە تەقلیدو دروشمو هەمووو ئەو شتانەی کەببوونە شوناس جەختٹ و پێداچونکەوەیان لەبارەوە کراوە. هاوکاٹ پەیڕەوی لە تێکدانو شیکارو جیاوازیکراو دیسانەوە، نومایانی جەوهەری هەمووویان کرایەوەو ململانێ بە دەرونو بونیادو زمانو هەمووو پێوەرەکان دەستی پێکردو گفتوگۆ بوویە رەهەندی سەرەکیو کرانەوە بوویە ئاتاجی کۆڵەران.

هاورێ لەگەڵ ئانەو تەشەر لە دامەزراوە خۆرئاواییە باڵادەستەکانو روونکردنەوەی ئایدیۆلۆژییەکانو خەیاڵو وێناو نامۆیی خزایە ناو باڵانسەکانی عەقڵەوە، هەروەها تەرکیزو چاودێریی لەسەر مێینە بوونو نەتەوەو رەگەزو ئایین کرایەوەو وتاری پاش ئیمپریالیزم جەختی توندی خرایە سەر، هەمووو ئەمانە بە لۆژیکێکی جیاواز لە لۆژیکی عەقڵگەرای مۆدێرنە پێوەرو رەخنەو

روانگەی نوێیان لەسەر هاتە بەرهەم. لەسەرووی هەموو ئەمانەوە دەستەواژەی پۆست مۆدێرنە لەتەواوی چەمکەکان رەهەندی لێڵایی‌و ئاڵۆزی‌و جەدەلی لەتەک خۆیدا هێنا. هەندێک دەرکەوتنی ئەم چەمکە بۆ رۆدۆلف بانتفز دەگەڕێنەوە کە ساڵی 1917 بەکاریهێناوە، بەشێکیش بۆ مێژوونوسی بەریتانی ئەرنۆڵد توینبی، کە لە شاعیری ئەمریکی تشارلز ئۆلسۆن وەریگرتووە بەکاری دەهێنن‌و مێژووەکەی بە پەنجاکانی سەدەی رابردووەوە وابەستە دەکەن.

ئەوە روونە کە بۆچونەکانی پۆست مۆدێرنە، بە شێوەیەکی رێژەیی لە تێگەیشتن‌و چەمکی مۆدێرنەی پێشوو جیاوازن. بەڵام بۆچونکەیش هەیە، کە جیاوازی ریشەیی لە مەفهومی مۆدێرنەو پۆست مۆدێرنەدا دەدۆزێتەوە. تیۆرەکانی فرۆید لەسەر ناخود ئاگایی بونێکی پێشینەیە، لەسەر بیری رۆمانسی ئەڵمانی، کە لەسەر هابرمانس پێداگریی کردووەو لەسەر ئەو خاڵە وەستاوە کە پێیوایە بیری مۆدێرنە شتێک نییە کۆتایی پێبێت.

دیارە هابرماس لێرەدا مەبەستی بەهای رۆشنگەری عەقڵ‌و عەدالەتی کۆمەڵایەتییە. هاوکات بەشێک لە چەمکی پۆست مۆدێرنەو دەستەواژە هاوشێوەکانی دەگەڕێننەوە بۆ رۆڵی هۆکارەکانی راگەیاندن لە کۆمەڵگە سەرمایەدارییەکانی کۆتایی سەدەی بیستەم. هاوکات لە فیلم‌و لە روانگە هزرییەکانەوە، پەلکێشی روانگەی مرۆڤ لە قۆناغی مۆدێرنەدا براوە بۆ روانگەیەکی خەیاڵی قوتاربوون لە نەهامەتیەکان عەقڵ، هەمووو ئەمانەو کۆی بۆچونکەکانی تر، لەبازنەی پۆست مۆدێرنەدا کورتکراونەتەوە.

دیارە روانگەیەک لە لێکۆڵەرانی پۆست مۆدێرن دروستبووە کە جەخت لەسەر هەڵوەشانەوەو بچووککردنەوە لەباری دەبەن. ئەم روانگەیەش لە فەلسەفەی ئەفلاتۆنەوە تا ئێستە هەر هەبووە. (داڤید کارتەر) لە کتێبی تیۆری ئەدەبیدا نوسیویەتی (هەڵوێستی پۆست مۆدێرنە بە هەڵوێستێکی بە گومان دەزانێت، لەسەر کۆی ماریفەتی ئادەمیزاد). ئەوەیش بەشێوەیەکی

گشتی کاریگەری لەسەر ژمارەیەک لە پسپۆرییە ئەکادیمییەکان دەبێتو هاوکات لەسەر مەیدانەکانی چالاکی مرۆڤ کاریگەریی خۆی داناوە. بۆ نمونە لە زانستی کۆمەڵناسییەوە بۆ یاساو لێکۆڵینەوەی رۆشنبیریو لە نێوان بوارو مەیدانەکانی تردا، رەهەندی گومان ئامێزی خۆی بەجێهێشتووە. زۆرێکی تر پۆست مۆدێرنە بە پوچگەراییەک دادەنێن، کە بەئاراستەیەکی ترسناکدا دەڕوات. ئەوان پێیانوایە مانا لەبەرامبەر هیچ سیستەمو هەیمەنەیەک ناهێڵێتو بێ بەها تەماشای هەر دەستکەوتێک دەکەنو رەشبینانە دەڕواننە کۆی دەستکەوتەکان .

بە کورتی دەکرێت پۆست مۆدێرنە لەسەر چوار روانگەوە قسەی لەبارەوە بکرێت، یەکەمیان برێتییە لە روانگەی فەلسەفی بەڵگەی بۆشاییەک دەهێنێتەوە، کە لە ناو ناوەڕۆکی مۆدێرنەدا دروستبووە. دووەمیش برێتییە لە روانگەی مێژوویی کە پێیوایە پۆست مۆدێرنە بزووتنەوەیەکی دوورکەوتنەوەیە لە مۆدێرنەو بەشێک لە لایەنەکانی مۆدێرنە بەم تێپەڕاندنی قۆناغە بەجێدەهێڵێت. سێیەمیش برێتییە لە روانگەی ئایدیۆلۆژی سیاسی، کە وادەبینێت پۆست مۆدێرنە داماڵراوە لە وەهمو وێناکانی ئایدیای خۆرئاوایی. هاوکات چوارەم برێتییە لە روانگەی ستراتیژیی دەقگەرا، کە پێیوایە پۆست مۆدێرنە لە بەراوردی دەقەکانیدا پێوەست نییە بە هیچ میتۆدێکەوەو بەها لە تەنها خوێندنەوەیەکدا نییەو دەکرێت روانگەو خوێندنەوەو دەرچونکە لە دەقو پابەندی بێتە گۆڕی.

### چوارچێوەی دەرکەوتنی پۆست مۆدێرنە

پۆست مۆدێرنە پێوەستە بە رەهەندگەلێکی مێژووییو مەرجەعیو چوارچێوەیەکەوە کە لە رووی ئابوریو رۆشنبیریو سیاسیو کلتورییەوە خۆی گرێداوە بەپێشکەوتنی سەرمایەداری خۆرئاواوە. هەروەک چۆن لەو

کیشوەرانەدا پەیوەستییەکی توندیشی بە پێشکەوتنی هۆکارەکانی راگەیاندنەوە هەیە. هەروەک چۆن پۆست مۆدێرنە کاردانەوەیەکی زمانەوانیو بونیادی زمانگەرایی‌و مەقولاتی ناوەندیی خۆرئاوایی بوو، کە هەیمەنەو دەسەڵاتو بەکارهێنانی خۆیان سەپاندبوو. هەروەک چۆن پۆست مۆدێرنە گەرەکییەتی بندەستی فەلسەفەی خۆرئاواو بەرتەسکی لە هەیمەنەیدا بکاتو جوانییەکانی تریش ببینێتو هەمووو دامەزراوە سەرمایەدارییەکانی خۆرئاوا کە تەحەکوم بە دونیاوە دەکەن داماڵێتو رووتیان بکاتەوەو نومایانی جەوهەریان بکات. هەمووو ئەو دامەزراوە سەرمایەداریانەی کە هۆکارەکانی بەرهەمهێنانیان مۆنۆپۆڵکردووەو بوونەتە خاوەنو میراتگری ماریفەی زانستیو هەمووو ئەوانە لەرێگەی رەخنە لە دروشمەکانیانو لۆژیکو عەقڵ کاردەکات، تاگومانو پەرتەوازەییو جیاوازیو لێک هەڵوەشانەوە لە بەرامبەریان بگرێتە بەر.

دیـارە پۆست مۆدێرنە لە رەوشێکی سیاسی دژوارو دورپیانێکی ناهەواردا سەریهەڵدا، کە رەوشی پاش جەنگی جیهانی دووەم بوو. بەتایبەتی لە چوارچێوەی دەستپێکی جەنگی ساردو شەڕی ساردی جەمسەرەکانو خۆپڕچەککردن بە چەکی ناوکی بەرامەی پۆست مۆدێرنە هاتە بوون. هاوکات هەر لەو دەمەدا لەدایکبونی بەندەکانی مافی مرۆڤو دەرکەوتنی شانۆی  نالۆژیکی سامۆیل بیکێتو یونیسکۆو ئەدامۆفو ئەراباڵ بوو. هاوکات دەرکەوتنی فەلسەفە گەلی ناعەقڵانی وەک سریالییەکان، وجودییەکان، یاخود بوونگەراکانو فرۆیدییو پوچگەراو عەبەسییەکان لە دەرکەوتندا بوون. دیارە بونیاد شکێنەکان بوونە سەرداری گواستنەوەی قۆناغی مۆدێرنە بۆ پۆست مۆدێرنە، هەربۆیە دواتر چەمکی پۆست مۆدێرنە، بوویە چەمکێکی ناکۆکو ناتەباو دژوار لە بەرامبەر چەمکی مۆدێرنەدا، هەربۆیە کەیفی پۆست مۆدێرنە لەوەدا دەبینرایەوە، کە لە سنورشکاندنو دەرچونکە لە

بەندو باوەکانەوە رەهەندی خۆی ببینێتەوە، هەروەها نائارامی و گومانی خستە بەر رەوتی پێشکەوتن‌و نمونەکانی گەردوون‌و گومانی لەپەیوەندی ئاکام بە هۆکارەکانییەوە دروستکرد. هاوکات شەڕی عەقڵ‌و ناعەقڵانی کردو بانگەشەی چێکردنی داستانگەلێکی نوێی هێنایە گۆڕێ. کە گونجاو بن لەتەک چەمکانێکدا کە رەدی نمونە باڵاکانی سەرێ بدەنەوە. هاوکات لە شوێنی هەموو ئەوانەدا پێویستییە رۆحییەکانی شوێن کردەوەو پێویستی بەدەمەوە چونکەی گۆڕانکارییە بەردەوامەکانی هێنایە پێشەوە. هەروەها ئەوەی دایە دوواوە، کە جیاوازی لە نێوان هونەرو ژیان هەبێت، تەنانەت ئەدەبی پۆست مۆدێرنە ئەوەی دایە دوواوە، مل بۆ تەئویل نەدات‌و شەڕی واتا جێگرەکانی ئەدەبی کرد.

تەنانەت پۆست مۆدێرنە یەکەم دەرکەوتنی خۆی لەبوارەکانی شێوەکاری‌و ئەندازیاری شارستانی و وێنەو بیناکاریدا بینییەوە، ئەوە پێش ئەوەبوو، کە بگوازرێتەوە بۆ فەلسەفەو ئـەدەب‌و تەکنەلۆژیاو زانستە مرۆڤایەتی‌و ماریفەکانی تر، واتە ناکرێت بە تەنها قسان لەبارەی پۆست مۆدێرنەوە بکرێت ، چونکە گۆڕانکارییەکان فرە بوار بوون‌و لقیان فرە بوو، مۆدێرنە گەلی خۆرئاوا قۆناغگەلی فرەی تێپەراند، کە خۆیان لە ئەدەب، زانست، هونەر، پەروەردەو تەکنەلۆژیاو سیاسەت‌و ئابوری‌و هتد دا بینییەوە.

لێرەدا بە وردی تەواوی پایەکانی پۆست مۆدێرنە پێشچاو دەخەین، دیارە لە رۆشنبیریی خۆرئاوادا، پۆست مۆدێرنە پشتبەستووە بە چەند پێکهاتەو پایەگەلێکی هزری‌و زەینی‌و هونەری‌و جوانی‌و ئەدەبی‌و رەخنەیی، کە دەکرێت لەم رەگەزو رەوگانەی خوارێدا کورتیان بکەینەوە:

**یەکەم:** لاوازکــردن، پۆستمۆدێرنە ئامانجییەتی بیری خۆرئاوا لاواز بکات‌و تاکی ناوەندی خۆرئاوا لە رێگەی گومان‌و پەراگەندەکردن‌و دواخستنەوە تێکبشکێنێت، بەو واتایەی پۆست مۆدێرنە پڕچەکە بە نوێڵێک

له هەڵتەکاندنو داماڵینی خۆرئاوا له گوتاره فەرمییەکانو ئەتکی ئایدیۆلۆژیا باو و گشتگیرەکان دەکاتـ، به بەکارهێنانی زمانێکی جیاوازو لێکدڕ و ناتەبا.

**دووەم:** گومان خستنەسەر، تایبەتمەندترین خاڵی پۆستـ مۆدێرنه بریتییه له دروستکردنی گومانو ڕاڕایی لەسەر ماریفه یەقینەکانو ڕەخنەگرتن له دامەزراوه خاوەندارو باڵادەستەکان له وتارو هێزو تواناییاندا. لێرەدا گومان له فەلسەفەی خۆرئاواو عەقڵو میکانیزمەکانیان هاتووەته گۆڕێ. له ڕاستیدا لێکهەڵوەشانەوەو پەراگەندکردنەکەی جاک درێدا، بریتی بوو له دروستکردنی گومان لەسەر میتافیزیکیای خۆرئاوا، که له ئەفلاتۆنەوه پێیدا هاتبوو، تاوەکو فەلسەفەی نوێو هاوچەرخ.

**سێیەم:** فەلسەفەی پوچگەرایی، دیاره له ڕۆچونکەکانی فەلسەفەکانی پۆستـ مۆدێرنەدا، دەگەینه فەلسەفەی پوچگەراییو ئاژاوەگەرایی، که وەستاون لەسەر بێ بەهاکردنو لەدەستدانی واتاو لاوازکردنی عەقڵو سیستەمو خۆگونجاندن. بەو واتایەی که فەلسەفەکانی پۆستـ مۆدێرنه فەلسەفه گەلێکن له جیاتی کـرداری واقیعیو پراگماتیکی پێشناکەون، بەڵکو فەلسەفەگەلێکی عەبەسیو نا لۆژیکیینو له ناو کۆمەڵگەدا گلەییو فەوزاو نائوێدی وەشاندەکەن. ئەم فەلسەفەیه له فەرەنسادا هاته پێشو قوتابخانەیەکی هزری لەبارەیەوه داکۆکیدەکردو ئەداو ئەرکانی خۆی لەناویدا ڕووندەکردەوه، دیاره دەرهاویشتەکانی جەنگی جیهانی دووەمو بێ نرخی مادەو بەرژەوەندییەکانو کوشتوکوشتاری مرۆڤ لەسایەی جدییەتـو جیدالی عەقڵدا ئەو سەرنجەی لای فەیلەسوفان پێشخستـ، که پوچگەرایی به ماهییەتی ژیان ئاشتکەنەوه و له زانستە کۆمەڵایەتییەکاندا شوێنیان بکەنەوه.

**چوارەم:** پەرتبوونو سازان، ئەگەر فەلسەفەی مۆدێرنەو ڕەوتەکانی بونیادگەراییو نیشانەناسی  به دووی سیستەمو سازانەوه بووبنو یەکخستنی دەقو وتارەکانیان به ئامانج گرتبێتـو له بونیادێکی کەونیو جیهانیدا گردیان

کردبێتەوەو لە بنەمایەکی وێنای باو و گشتیدا، نومایانیان کردبن، هەموویشی لە پێناو چێکردنی سازانو شێوەگیرییەکدا بووە، ئەمەیش بۆ مەبەستی بەئاکام گەیاندنی رەگەزێکی پەیوەستی گەردوونی بووە، وەلێ فەلسەفەکانی پۆست مۆدێرنە دژ بە سیستەمو سازانو نەیاری بیری شمولیو گشتگیرنو لەبەرامبەردا داکۆکی، یان بانگەشەی فرەییو جیاوازیو هەمەچەشنیو نا سیستەمی دەکەنەوەو نیازیانە ئەوە پەرتوبڵاوکەن، کە ناوی رێکخستنو سیستەمە.

هەیمەنەی وێنە: پۆستمۆدێرنە هاوتا بوو لەتەک پێشکەوتنی هۆکارەکانی راگەیاندندا، لەتەک زمانێکدا نەبوو، کە تەنها زمانی سیستەمی جیهانی بێت، بەڵکو وێنای کردە جوڵێنەرو پاڵنەری بنچینەیی گەیشتن بە راستیو بەدەستهێنانی مەعریفە. لێرەدا لاغرۆ گەیشتە ئاکامی جیل دۆڵۆز، کە بایەخی تەواوی بە وێنای سینەمایی دەداو دابەشیکردبوون بۆ وێنەی ئیدراکو وێنەی هەڵچون و وای دادەنا، کە وێنەو کار، فێڵ لە جیهان دەکەن، هەروەک ئەو فریودانەی، کە سینەما لە شوێن و کاتدا دەیکات، دیارە ئەوەیش لە رێگەی فریوی هەستەکانەوە دێتەگۆڕێ. هەموو ئەوانە لە پەرتوکەکەیدا بەناوی وێنەو جوڵەوە باسیکراوە، کە ساڵی 1983 بڵاوکراوەتەوە. هاوکات پەرتوکی وێنەو زەمانی بڵاوکردووەتەوە کە ساڵی 1985 چاپ بووە.

**پێنجەم:** بێگانەگەراییو لوغز، پۆستمۆدێرنە دیسان بە نامۆیی و رەمزو رازی نامۆ رووبەروو بووەتەوە و ئاوێنەی تایبەتمەندییەکانی بووە. کە تێیدا پەنهانیو شاراوەیی لە بۆچونکەو هەڵوێستدا بە دیاردەکەوێت. لە پەراگەندەییو پەرتبوونەکەی جاک درێدادا تاوەکو ئێستە پەنهانیو ئاڵۆزی دەخوێنرێتەوەو بەئاستەم تێگەیشتنو بینین پێشچاو دەکەوێت. تەنانەت دەستەواژەی پەرتبوونو لێهەڵوەشانو خودی ناوەکەی مایەی گفتوگۆ ململاناو

شرۆڤەو شیکاری فرەیەو لە کایە رۆشنبیرییە جیاوازەکاندا، تێگەیشتنی جودا جودای لەبارەوە دەکرێت. بەتایبەتی لە هەر یەک لە کیشوەرەکانی یابانو وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا، ئەوە بەروونی بەرچاو دەکەوێت، هەروەک چۆن فەلسەفەی جیل دۆلۆزیش ئاڵۆزو پەنهانو سەختەو ناکرێت بەسانایی لە شوێنێکدا هەڵویستو تێگەیشتنی جێگیری لەبارەوە بکرێت.

**شەشەم:** تێکست شکێنی، لەفەلسەفەی پۆست مۆدێرنەدا بەسانایی تێکست شکێنیو ئیلهامی روانگەی نوێو داتاشینی تێکسی خود ئاگاو ناخود ئاگا رەچاو دەکرێت. بەو واتایەی هەر تێکستێک بەسانایی لە تێکستی تر بەهرەمەند دەبێتو رەچاوی دەکاتو ئاوێزانبوونو تێکستی نوێ بەرهەم دێت، ئەمەیش لە ئایندەی نزیکی ئەو نەزمەدا سەردەکێشێت بۆ فرەیی بۆچونکەو نوێگەرییو ماریفەتی پێشین زیندوو رادەگیرێتو نوێدەبێتەوە. لێرەدا دەکرێت بڵێین دەق شکێنی بەشێوەیەکی تیۆریی لەلای کەسێکی وەک میخائیل باختین(M. Bakhtine) پەیوەستە بە رەخنەی دیالۆگییەوە.

**حەوتەم:** هەڵوەشانەوەی وتـەزاو گێڕانەوە ناوەندییە باڵاکان، پۆستمۆدێرنە ئامانجییەتی گێڕانەوە مەزنەکان لاواز کاتو وەک دال و مەدلولو زمانو کەلامو ئامادەو غیاب، هەمووو ئەمانە لە کایەی رەخنە لە چەمکەکانی تره وەک جەوهەرو کرۆک، هەقیقەتو عەقڵو بونو شوناس. هەمووو ئەمانە لە رێگەی لاوازکردنو شیکردنەوە و پەرتکردنو دواخستنەوە سەرچاوەی گرتووە، کە لە ئامانجی پۆست مۆدێرنەدا بوونی هەیە.

**هەشتەم:** کرانەوە، گەر فەلسەفەی مۆدێرنە جەختی لە سەر داخرانی ناوخۆییو باوەڕی بە فەلسەفەی بونیەوی بێتو رێگری لەواتاو چوارچێوەی کرانەوە بکات، ئەوا لە پۆست مۆدێرنەدا خواستی کرانەوەو کارلێکو رێگەو ئامرازی لێبوردەییو پێکەوەژیانو تێگەیشتن دەبینرێت. بۆ ئەم مەبەستەیش

ڕەچە شکێنیو دەق شکێنی لە کرانەوەدا ڕۆڵی بەرچاوی پێدەدرێت، هەروەک چۆن بایەخ بە کرانەوەی چوارچێوەی دەرەکی بەڵگەیەکی دیکەی کرانەوەی ئەرێنی هەمە لایەنە لە پۆست مۆدێرنەدا.

**نۆیەم**: هێزی قوتاربوونو ئازادیخوازی، فەلسەفەکانی پۆست مۆدێرنە لە هەوڵی قوتارکردنو رزگارکردنی مرۆڤن لە قەهرو قەمتی دامەزراوە خاوەندارییەکان لە وتارو هەیمەنەو دەسەڵاتیاندا. هاوکات هەوڵی رزگارکردنی مرۆڤ دەدات لە وەهمو دڵ خترخنۆکەی ئایدیۆلۆژیاو میتۆلۆژیای سپی، هەروەها قوتارکردنی مرۆڤەکان لە فەلسەفەی سەنتەرو رۆشنکردنەوەی هەموووان بە فەلسەفەکانی پەرێزو رۆژانەو رواڵەتییەکان.

**دەیـەم:** دووبـارە بونیادنانەوەی پێگەو چوارچێوەی هاوتەریب، بونایدگەراییو ئاماژەناسی، دوور بوو لە سیاقی دەرەکیو پێشینەو مرۆڤو کۆمەڵگەو مێژووی، لەو پێناوەدا کوشتبوو. وەلێ فەلسەفەکانی پۆست مۆدێرنە پێگەو رۆڵو بایەخی دانەرو نوسەرو خوێنەری گەڕاندووەتەوە، هەروەها رۆڵی باکگراوندی مێژووییو کۆمەڵایەتیو ئابووریو سیاسی گەڕاندووەتەوە، هەروەک چۆن رەوشی تیۆری تەئویلو تەفسیرو جوانی دەربڕینو مادییەتی رۆشنبیریی و رەخنەی رۆشنبیریو تیۆری پۆست ئیستیعمار و بە مێژووکردنەوەی لەئێستادا بایەخیان گەراوەتەوە.

**یازدەهەم**: تێکشکاندنی سنورەکان لەنێوان رەگەزە ئەدەبییەکاندا، ئەمەیش کاتێک هەر رەگەزێکی لە ئاستی پۆلێنو فرەیی خۆیو هەمەچەشنی خۆیدا شوێنی دەکرێتەوە، بۆ هەریەک لەوانە بنەماو رەگەزی ئەدەبی خۆی دیاری دەکرێتو بەهەند وەردەگیرێت. وەلێ لە پۆست مۆدێرنەدا داننانرێت بە سنووری رەگەزە ئەدەبییەکاندا. هاوکات هەموو بنەماو رەوگەکانی ناو رەگەزە ئەدەبییەکانو دیاریکردنیان تێکدەشکێنێتو لە تیۆری ئەدەبدا رەهایان دەکات، هەربۆیە لە ئێستادا لەبارەی بەرهەمو دەقو کارەکانەوە

دەدوێین کە سنورو ڕەگەزیان بەهیچ جۆرێک دیارینەکراوەو ڕەهان. هەربۆیە وابەستەیی یەکێکە لەو درمانەی کە لە پۆست مۆدێرنەدا شوێنی نەکراوەتەوە، هەمیشە گومانو ئەدگاری جوڵە پێکردنو ئاشنایەتی بە ئاوێزانبوون، یاخود دەستکاری کردنو وردبوونەوە پاشخانێکی گەورەی پۆست مۆدێرنە بووە. چونکە ناکرێت خولانەوە لە بازنەی تێکستێکداو متبوون لەئاست زانیارییەکدا یەکسان کەین بە وردبوونەوەو ڕۆشنبیری، بەڵکو تێگەیشتن کارێکە کە زاتی دەستبردن ئاسانو سانا بکاتو هەوڵبدات تێکست شکێنیو نەریت برین بکاتە داینەمۆی کرانەوەی عەقڵو زاتی هەنگاونانو پڕۆژەی بەرزو موجازەفە کردن لە ئاستانەی نوسیندا. ئەم بایەخە لە دەربڕینەکانی پۆست مۆدێرنەدا شوێنو پێگەو پێناوی دیاریان هەیەو وەک پرەنسیپێکی هەرە سەرەکی پۆست مۆدێرنە شوێنیان بۆ کراوەتەوەو وەک داهێنانێک تەماشایکراوە، کە لە قۆناغەکانی پێش ئەم فەلسەفەی لیوتارا ئەستەمو ناسۆر بووە، لە ئاستانەی تێکستێکدا جوڵانو دەستبردنو وردبوونەوەو شرۆڤەو شیکار کرابێتە پرەنسیپ.

**دوازدەهەم:** ئاماژەکانی غەرقبوون، دەقو وتارەکانی پۆست مۆدێرنە بەوە لە مۆدێرنە جودا دەبنەوە، کە ونو ئاڵۆزو پەنهانن. ئەمەیش بەو واتایە دێت، کە ئاماژەکانی ئەو تێکستو وتارو لێدوانانە بە شێوەیەکی ورد دیاریی نەکراونو هاوکات مەبەستێک، یان تەنها قەسدێکیان نییە، بەڵکو ئاماژەگەلی جیاوازو ناکۆکو فرە ڕەهەند هەڵدەگرنو جێگەی گومانو پەرتبوونو دابڕانو دوواخستننن، هەروەک چۆن لە ڕوانگەی لێکدابڕانو هەڵوەشانەوەکەی جاک دریـدادا بە ڕوونی ئەمە پێشچاو دەکەوێت، بە واتایەکی تر واتا هێند سانا نادرێتە دەسەوەو ڕەهەندگەلو خوێندنەوەی فرە جیاواز لەتەک خۆیدا هەڵدەگرێت.

**سیازدەهەم**: سەرووی هەقیقەت، لەفەلسەفەکانی پۆست مۆدێرنەدا، بە تەواوی هەقیقەتی یەقینیو جێگیر دراوەتە دوواوە، بۆ نمونە جان بۆدریار راستییەکان دەداتە دوواوەو پێیوایە راستی جگە لە مەکرو وەهم هیچی تر نییە، هەروەک چۆن نیچە پێوەستی غیابی هەقیقەت دەگەڕێنێتەوە بۆ هەڵەی زمانەوانی و وەهمەکانییەوە. وەلێ بۆدریار هەقیقەت وابەستە دەکات بە راگەیاندنەوە، کە زمانی مەکرو فێڵو شاردنەوەو ساختە بەکاردەهێنێت. سەرووی هەقیقەت قاڵبێک نییە، بەڵکو چوارچێوەیەکی ئازادە سەبارەت بە هەمووو شتەکانو دیسانەوە نومایانی جورئەتە لای بیرمەندو عەقڵمەندانی پۆست مۆدێرنە. چون ئەوان تیۆر بەو مانا لێکدەدەنەو، کە قابیلو شیاوی گۆڕانکارییەو هیچکات تێنەماون لەوەدا، کە لەسەر خاڵێک کۆک بن، بەڵکو بەردەوام سەرنجو روئیای جیاوازو تێپەڕو سنورشکێنیان پێبووە. لە پۆست مۆدێرنەدا سنور نییەو سنورەکان بەسانایی دەشکێنو دەستەواژەی یەک واتا نییەو واتای دی هەڵدەگرنو مانەوە بایەخی نییەو جوڵە خاڵی سەرەکیو تایبەتمەنی پۆست مۆدێرنەن، هەر بۆیە پرەنسیپێکی تری ئەم پڕۆژەیە قورەما نەمانە لەئاست رەوشەکانداو زیندوکردنەوەی وشەو دەربڕینو تیۆرەکانە بە گەشو نماو زاوزێی هزرو واتاو فەلسەفەو ئەخلاقو زانست.

**چواردەهەم**: پاکبوونەوە، یان قوتاربوون لە پێوەرو بنەماکان، لە تیۆرەکانی پۆست مۆدێرنەدا و لە بواری رەخنەو ئەدەبدا، قوتاربونیانە لە تیۆرو بنەما میتۆدییەکان. بۆنمونە میشێل فۆکۆ هەمووو ئەوانە بۆ چەند میتۆدو رەوگەیەکو رەوشێکی بێ بنەما قوتار دەکاتو وایش دەبینێت، گوتارو تێکستەکان هەڵگری واتاو ئاماژەی فرە بوارنو دەکرێت خوێندنەوەگەلی فرە بوارو هەمەجۆر هەڵبگرن. هەروەک چۆن درێدایش میتۆدێکی رەخنەیی ئەدەبی دەداتە دوواوە بەتایبەتی لە شێوەی وەسفێکی سیحری سەرکەوتوودا بۆ شیکردنەوەی دەقێکی ئەدەبیی. لێرەدا واتایەک نادا بەدەستەوە، مادام لە

ڕەهەندەکە دا پەرتبوونو ئاڵۆزیو شاردنەوەو گومان بوونی هەیە، هەربۆیە وەک چۆن جاک دریدا وتوویەتی دەکرێت ماناگەلی لێکجیاوازو نەیار بێنە گۆڕێ لە تەنها پرسێکی ڕەخنەیی ئەدەبیدا.

## جیاوازیو پێکهاتنەوە لەنێوان ئیسلامو پۆست مۆدێرنەدا

ئیسلامو پۆست مۆدێرنە لە چەند خاڵو دیاردەو لایەنگەلێکی هاوبەشی ئەرێنیدا پێکدەگەن، کە لە خزمەتی مرۆڤو ڕزگاریو ڕۆشنبیرییو فەرهەنگی مرۆڤانەدا دەسوڕێنەوە، لە هەمانکاتدا لە کۆمەڵێک ڕەگەزدا جیاوازو ناکۆکو نەیارن، لێرەدا ئاڕاستەکانی نزیکی ئیسلامو پۆستمۆدێرنەو دوورییان لەیەکترییەوە دەخەینە ڕوو.

## ڕواڵەتی نزیکیو نیانیی ئیسلامو پۆست مۆدێرنە لەتەک یەکتریدا

ڕواڵەتە لێکنزیکەکانی ئیسلامو پۆست مۆدێرنە، شتانێکی فرە سەرەتایینو بەزۆر وابەستەکردنی چەمکێکی ئیسلامییە بە چەمکێکی پۆست مۆدێرنەوەن، چونکە ناکرێت لە هەرشوێنێک وشەی پێکەوەیمان بینی، ڕاستەوخۆ وابەستەی ئەو وشەیە بکەین بە ئەو وشەیەی، کە لە پۆست مۆدێرنەیشدا بەکارهاتووە، چونکە پێکەوەیی لە تێگەیشتنی ئیسلامیدا، شتێکە ڕەنگە لە تێگەیشتنی پۆست مۆدێرنەدا دروست جودایيو بندەستکردنو سڕینەوەی ئەوانی تر بێت، بەڵام لێرەدا تەنها لـەڕووی ڕواڵەتەوە ئەو دەستەواژانەی، کە پۆست مۆدێرنە داکۆکییان لێدەکات لە نێو ئیسلامدا وەک نمونەیەک دەیانخەینە ڕوو و بە بەڵگەی کتێبی پیرۆز پشتڕاستیان دەکەینەوەو باری سەرنجی خۆمان لەبارەیانەوە دەڵێین.

لێرەدا چەند لایەنێک بوونیان هەیە، کە ئیسلامو پۆست مۆدێرنە کۆدەکەنەوە، بۆ نمونە بانگەشەی هەردوولا بۆ پێکەوەژیانو لێکبوردەییو

لێکتێگەیشتن لەتەک ئەوانی تردا. هاوکات باوەڕی هەردوو لا بە فرەیی‌و هەمەچەشنی‌و فرە رەگەزی‌و فرە ئینی‌و هەوڵدان بۆ سڕینەوەی جیاوازی چینایەتی‌و کلتوری، لەبەرئەوەی لە تیۆری ئیسلامیدا مرۆڤەکان بەرامبەرن‌و هیچ جیاوازییەک لەنێوان عەرەب‌و عەجەم نییەو جیاوازی ئەوان بەرەگەز نییە، بەڵکو بە خۆپارێزییانە، یاخود بە بەندایەتیانە بۆ خوا، یاخود موسڵمانان وەک دەنکەکانی شانە وەهان. بۆ نمونە لە قورئاندا هاتووە : «إن أكرمكم عند الله أتقاكم» یاخود پەیامبەری ئیسلام دەفەرموێت: « يا أيها الناس ! إن ربكم واحد، وإن أباكمواحد، ألا لا فضل لعربي على عجمي، ولا لعجمي على عربي، ولا لأحمر علىأسود، ولا لأسود على أحمر، إلا بالتقوى، ( إن أكرمكم عند الله أتقاكم،ألا هل بلغت ؟ قالوا: بلى يا رسول الله . قال : فليبلغ الشاهد الغائب. هاوکات هەریەک لە خواستەکانی پۆست مۆدێرنەو ئیسلام لە رووی تیۆرییەوە ئەو خواستەیان هەیە، کە توندوتیژی و رق بەکارنەیەت، بۆ نمونە خودا لەم پێناوەدا دەفەرموێت: «يأيها الذين آمنوا ادخلوا في السلم كافة ولا تتبعوا خطوات الشيطان إنه لكم عدو مبين». بەڵام لە ناوەندی تووێژینەوە خۆرئاواییەکاندا رەهەندی ئیسلامی بەپێچەوانەی ئەم بانگەشانەوە لێکدراوەتەوە، پێیانوایە توندڕەوی لە پراکتیکدا ئایین لێی بەرپرسیارەو مرۆڤی توووند بەرهەمدەهێنێت، بۆ نمونە لە شرۆڤەی ئایانگەلێکدا رەق مامەڵەیی دەخوێنرێتەوە کە دوواجار لەتەک مرۆڤدایە. بۆ نمونە لە قورئاندا هاتووە: :» وَأَعِدُّوا لَهُمْ مَا اسْتَطَعْتُمْ مِنْ قُوَّةٍ وَمِنْ رِبَاطِالْخَيْلِ تُرْهِبُونَ بِهِ عَدُوَّ اللَّهِ وَعَدُوَّكُمْ وَآخَرِينَ مِنْدُونِهِمْ لَا تَعْلَمُونَهُمُ اللَّهُ يَعْلَمُهُمْ ۚ وَمَا تُنْفِقُوامِنْ شَيْءٍ فِي سَبِيلِ اللَّهِ يُوَفَّ إِلَيْكُمْ وَأَنْتُمْ لَاتُظْلَمُونَ». هەروەها بۆچونکە گەلی فرەیش دیسانەوە لە بەرامبەر وێرانەیی‌و کوشتن‌و تۆقیندا، کە پۆست مۆدێرنە دژ بە سوتماکی زەوییە، باوەڕی ئیسلامی دەهێننەوە، کە هاتووە: :»هو انشاكم من الارچ واستعمركم فيها «. هەروەها لە مەبەستی زانیاری وەرگرتن‌و

ئاشنابوون بە کرانەوەی عەقڵو زانستیش دیسانەوە هاو هەڵوێستی دەبینرێت بۆ نموونە هاتووە : :» ان فی خلق السماوات والارض واختلاف اللیل والنهار لایات الاولی الالباب «. گرنگترین شتانێکیش کە لە پۆستمۆدێرنەدا پەسەندە ئاشنابوونو تێکەڵاییو نەبوونی رەگی رقەبەرایەتیو دیالۆگەو موسڵمانان ئەم ئایەتە هەمیشە بۆ داکۆکیان لە نزیکی لەو رەهەندە دەهێننەوە، کە دەفەرموێت: « يَا أَيُّهَا النَّاسُ إِنَّا خَلَقْنَاكُمْ مِنْ ذَكَرٍ وَأُنْثَىٰوَجَعَلْنَاكُمْ شُعُوبًا وَقَبَائِلَ لِتَعَارَفُوا ۚ إِنَّ أَكْرَمَكُمْعِنْدَ اللَّهِ أَتْقَاكُمْ ۚ إِنَّ اللَّهَ عَلِيمٌ خَبِيرٌ» هەرچەندیش لە بواری ئەئویلی تەفسیرو شرۆڤەی تێکستەکاندا موسڵمانان بۆ خۆ گونجاندن لەتەک پرەنسیپی تاویلی پۆست مۆدێرنە ئەم ئایەتە دەهێننەوە، کە دەفەرموێت :» هو الڑی انزل علیک الکتاب منه ێیات محکمات هن ام الکتاب واخر متشابهات، فاما الڑین فی قلوبهم زیغ فیتبعون ما تشابه منه ابتغاو الفتنه وابتغاو تاویله، وما یعلم تاویله الا الله والراسخون فی العلم یقولون ێمنا به کل من عند ربنا وما یذکر الا اولو الالباب»، بەڵام لە رووی پراکتیکییەوەو لە بەشێک لە تیۆرو تێکستە ئیسلامییەکاندا، بەتایبەت ئەو مەزهەبگەرییەی لە ئیسلامدا هەیەو ئەو کپکردنەوەی عەقڵ، کە لە قۆناغی جیاوازی مێژوویدا، بەتایبەتی لەسەردەمی عەباسییەکانداو تەسککردنەوەی پانتایی ئازادی لەبەردەم موعتەزیلەدا، هەموو ئەوانە ئیسلام وابەستەدەکەن بۆ پابەندبوون بە تێکستو دەقـەوەو خودی رەهەندی سەلەفییەت بۆ خۆی ئەو دروشمە زەنگیندەکات، کە بواری کرانەوەو دروستکردنی ئاکامی نوێ لە ئیسلامدا نییە. بەتایبەت لە پرۆژە ئیسلامییەکانی سەدەی بیستدا، بوارێک بۆ ئاسۆ نییەو بەتەواوی هەمووو رەوتە ئیسلامییەکان وابەستەن بە پێشینو تێکستەوەو دروشمی هەموویان پابەندبوونە بە قورئانو سوونەتەوە. هاوکات هەندێک پێیانوایە کە ئیسلام لەگەڵ شرۆڤەو شیکاردایە، کە لە پۆست مۆدێرنەدا جەختی لێکراوەتەوە، بەتایبەتی شرۆڤەو شیکاری کتێبی

پیرۆز، بەڵام ئەمە لایەنێکی باسەکەیە چونکە لە ئیسلامدا چەند زانایەک هەن، کە پابەندن بە ئێکستەکانەوەو پێیاندەوترێت بناژۆ، یاخود ئسوڵی. هەروەک چۆن پۆڵا ریکۆرو لیوتار لەو مەیدانەدا گەرەکیانە خوێندنەوە بکرێت بۆ رەهەندی کتێبو ئێکستو وتراوەکان. بەشێک دەڵێن ئیسلامیش ئەئویلدا بڕوای بە تیۆری هیمۆتریقی هەیە لە، کە پێیانوایە شیکاری زیاتر بۆ تێگەیشتنی باشتر ئاتاجێکی لە جێیە. کە دروست وەک هەنگاوەکانی گادامێر (H. G. Gadamer)، کە خۆی لە وردی تێگەیشتن و جێبەجێکردن و تەفسیر دەبینێتەوە. بۆ نموونە هەنگاوەکانی پۆل ریکۆر لەم مەیدانەدا بریتین لە: پێش تێگەیشتن کە خوێنەر ساز دەکات، پاشان تەفسیرو دواتر قۆناغی پەیڕەو دێتە پێشەوە.

**دیاردە ناکۆکو جیاوازەکانی نێوان ئیسلامو پۆست مۆدێرنە**

ئیسلام لەوەدا خۆی لە پۆست مۆدێرنە بە جیاواز دەزانێت، کە پێیوایە ئاینێکی تایبەتی مرۆڤایەتییە، بە پێچەوانەی پۆست مۆدێرنە دژی گومانو پەرتەوازەیی‌و شاردنەوەو غەرقبوونو نامۆییەو هاوکات دژی عەبەسییەتو پوچگەرایی‌و بێ باوەڕییە، واتە باوەڕبوون بەو شتانەی کە ئیسلام وەک بنەمای ئایین، یان رەگەزی ئایین تەماشایان دەکات. بۆ نمونە ئیسلام لەتەک فەلسەفەی فریدریک نیچە یەک ناگرێتەوە، کە ئیلحاد لە بونیدا بەرجەستە دەکرێت، یاخود لەتەک فەلسەفەی وجودی‌و بونگەرایی سارتەردا نییەو دژ بە تیۆری مارکسییەو لەم بارەوە ئەم ئایەتە دەهێننەوە کە دەڵێ : :» أَأَفَحَسِبْتُمْ أَنَّمَا خَلَقْنَاكُمْعَبَثًا وَأَنَّكُمْ إِلَيْنَا لَا تُرْجَعُونَ. فَتَعَالَى اللَّهُالْمَلِكُ الْحَقُّ لَا إِلَهَ إِلَّا هُوَ رَبُّ الْعَرْشِ الْكَرِيمِ»، هاوکات بۆ بەڵگەی زێدەتر ئەم ئایەتەی دی دەهێننەوە: :»وَلَقَدْ بَعَثْنَا فِي كُلِّ أُمَّةٍ رَّسُولاً أَنِ اعْبُدُواْ اللّهَ وَاجْتَنِبُواْ الطَّاغُوتَ»[41]، ویقول کژلک:» وۗاعْبُدُواْاللّهَ وَلَا تُشْرِكُواْ بِهِ شَيْئًا»، هەروەها

دیسانەوە لەبەرامبەر شکو گومانو دڕدۆنگیدا کە فەلسەفەی پۆسٹ مۆدێرنیزم جەختی لەبارەوە دەکاتەوە، موسڵمانەکان وەک بنەمایەکی ئیسلام ئەم ئایەتە بەنمونە دەهێننەوە: :» وَلَا تَيْأَسُواْ مِن رَّوْحِ اللّهِ إِنَّهُ لَا يَيْأَسُ مِن رَّوْحِ اللّهِ إِلَّا الْقَوْمُ الْكَافِرُونَ». دیارە لە فەلسەفەی پۆسٹ مۆدێرنەدا، دڕدۆنگی وەک ئەو چەمکە شرۆڤە نەکراوە، کە بە سانایی موسڵمانەکان شیکاریان بۆ کردووە، یاخود کوفرو شاردنەوەو پەنهانی وەک ئەوەی کە ئیسلام لە چەمکێکی دینیدا شوێنی کردووەتەوە جیاوازە لەو چەمکە قوڵە فەلسەفییەی، کە کەسێکی وەک لیوتار ئاماژەی پێداوەو، لە پێناو گەیشتن بە هەقیقەتێک لێکی داوەتەوە نەک هەقیقەتێکی تێکسمڕاو لە تێکستێکدا کە بۆنی خوێنو کوشتنوماڵوێرانی سەدەکانی سەردەمی مۆدێرنە بوو. دیسانەوە لەبەرامبەر شزوزو رەگەز بازیدا، ئیسلام وەڵامێکی پەیوەستی هەیەو بە هەڵە چەمکە فەلسەفییەکانیان ئاوەژوو کردووەو لە بوارێکی ئەخلاقیدا شرۆڤەیان کردووەو پەنایان بۆ ئەم دەقەی قورئان بردووە: :»وَلُوطًاإِذْ قَالَ لِقَوْمِهِ أَتَأْتُونَ الْفَاحِشَةَ وَأَنتُمْ تُبْصِرُونَأَئِنَّكُمْ لَتَأْتُونَ الرِّجَالَ شَهْوَةً مِّن دُونِ النِّسَاءبَلْ أَنتُمْ قَوْمٌ تَجْهَلُونَ». هاوکات گەلێ خاڵی تر هەن کە وادەکات بەوردی دورییەکی فرە لە ئاستانەی ئایینو پۆسٹ مۆدێرنەدا هەبێت، چونکە پۆسٹ مۆدێرنە قۆناغێکی پاش هۆشیاری مرۆڤو رۆشنگەرییەو سەرهەڵدانی ئایین لە قۆناغێکی پاش بێ ئاگاییو جەهلدا بووە. گەر نەنگییەکانی مۆدێرنە لە رۆشنگەرییەوە بووبن، ئەوا نەنگییەکانی پێش ئیسلام لە تاریکییەوە بوون.

پۆسٹ مۆدێرنە گۆڕانی ریشەیی لەکایەی ژیاندا دەخواست، وەلێ ئیسلام بوونی خۆی لە بەندایەتیدا دەبینێتەوە چونکە فەلسەفەی ئیسلام بۆ مێژوو بریتییە لە بەندایەتی، بەڵام لە پرۆژەی پۆسٹ مۆدێرنەدا، بەندایەتی رەوگەیەکی سەرمایەداریو کۆیلەییەو لە ناوەڕۆکەوە دژ بە بۆنو بەرامەی بەندایەتییەو لەم چوارچێوەیەشدا تەواوی فەیلەسوفەکانی قوتابخانەی سەر

بە پۆستــ مۆدێرنە، دژ بە وابەستە بوونی مرۆڤن بە ئایینو مەزهەبەوەو پێیانوایە ئایین دەرهاویشتەیەکی دنیای سەرمایەداری و قۆرخکارییەکانی بازاڕە و پیاوانی ئاینی راستکەرەوەی چەکوشی حاکمن بۆ سەر سەری میللەتــ، هەربۆیە بە هەموو پێوەرو پێناوێکو بە هەموو پێشینەو پەندێکی ئاینی پۆستــ مۆدێرنە قەڵسو نامۆیەو حاشا لە هەر خاڵێک دەکاتــ، کە ئاڕاستەی خۆی لەتەک ئاڕاستەی ئاییندا پێ یەکبخاتــ. نومایانی ئەو بەڵگانەیش لەو خاڵانەوە پێی ئاشناین، کە ئاینییەکانو نوسەرانی ئیسلامی ئەوانە نەبوون، کە ئاشنای فەلسەفە بن، بەڵکو ئەوانەن کە پسپۆڕن لە دین، هەر بۆیە ئەستەمە لە ئاڵۆزیو پەنهانیو دابڕانی پۆستــ مۆدێرنە تێبگەنو بتوانن چەمکە ئاینییەکان هاو واتای ئەو چەمکانە بکەن، کە پۆستــ مۆدێرنە خۆی بە داهێنەریان دەزانێتــ.

لیوتار بۆخۆی جیـاوازی لەنێوان پـڕۆژەی ئایندا نـەکـردووەو جیاوازییەکانیشی لـەرووی بەرنامەو ستراتیژو نەخشی بەندایەتییەوە گەڕاندووەتەوە بۆ غەریزەی تاکەکانو بەرژەوەندییە مادییەکانو پێو پێناوی جوگرافی ئاینەکان، هەربۆیە پێش مردنی سەرقاڵی پەرتوکێک بوو لەمەڕ کریستیانەکان، وەلێ مەرگ بواری نەدا ئەو پەرتوکە تەواو بکاتــ، ئەگینا بە بڕوای گەلێ لە چاودێران، دەبووە هۆیەک بۆ تەقینەوەی مشتومڕێکی مەزن لەمەڕ شوناس و پێویستیو ژینگەی ئایینەکان.

پێ ئەچێ کە زەینی و چەمکی و کلتوری ئیسلامو موسڵمان لە شنگەلێکی چونکە دیموکراسی و ئازادی و مافی مرۆڤ و هاوشێوەکانیان لەسەرەتای مۆدێرنەدا بەس نەبوون، هەر ئەوەش مۆڵەتی ئەوەی نەدا، کە هەر لەو سەرەتایە خواستی دیموکراسی لە ریزی داواکاریەکانماندا بێتــ، هەرچۆن ئێستە ئەبینین کە ماوەیەک درێژەی خایاند، تا کار بەوەی ئەمڕۆمان گەیشتــ و ئەم خواستە وردە وردە و پلە بە پلە لە نێوان گرنگترین

داواکاریەکانمان، تەنانەت لە پێشەوەی ئەوانیشەوە بێت، (بۆچییەکانی) ئەم مەسەلەیە تا حەدێک ئاشکرایە! یەکەم (کلتوری دینی) کلتورێکە کە (تکلیف اندیش)ەو(حق اندیش) نییە، ئەمە چەندجارێک پێداگریی لەبارەوە کراوەتەوە، فیقهو شارەزایانی ئێمە، فەیلەسوفەکانمان، تەنانەت عارفەکانی ئێمە، هەموووبان لە سنوورو چوارچێوەی (تەکلیف)دا قسەیان کردووە و هەروەها لە چوارچێوەی (تەکلیف)دا بیریان کردوەتەوەو ئەو خوایەشی، کە ناساندویانە، خوایەک بووە بەر لەوەی کە حەق و مافێک بدات بە خەڵکی، بەرپرسیارێتی و تەکلیفی ویستووە، (بێ لەوەی کە بمەوێ لە گرنگی ئەو بەرپرسیارێتی و تەکلیفە کەم کەمەوە.

بەڵام کە تای داواکاری و تەکلیفەکان زۆر قورسترن، لە تای حەق و مافەکان، بە شێوازێک کە مرۆڤێکی دیندار لە سەرەتاکانی باڵغبوونیدا بە مرۆڤێکی (مکلف) ئەزانرا، نەوەکو مرۆڤێکی خاوەن ماف و داواکاری.

ئەمە لەروانگەی کلتوری ئایینییەوە، کلتوری غەیرە ئایینیش، بەتایبەت کلتوری رۆشنبیری و ژێردەستەی بیری چەپە، لە بیری چەپدا بەواتای ماف بەرجەستە بوونێکی پێوە دیارە، نەواتای ئازادی و دیموکراسی، لە بنچینەوە ئەمانە گاڵتەیان بە ئازادی و دیموکراسی دەکرد و بەبەشێک لە فێڵ و تەڵەکەکانی بۆرجوازی ئەزانی، بۆ فریودانی کرێکاران و بێ ئاگا کردنیان لە پێگەی مێژووی و شۆڕش.

ئەم بیرۆکە لەراستیدا لە بیروخوێنی خوێندەوارەکانی ئێمەدا هاتووچۆی دەکرد.

تا رادەیەک کەوتنە شوێنی دیموکراسی، شێوازێک بوو لە عەیبە و کەم و کوڕی و نیشانێک بوو بۆ شۆڕشگێڕ نەبوون و هێمایەک بوو بۆ ئەمەریکایی و ڕۆژئاوایی بوون، هەمان تێگەیشتن و واتای رۆژئاوایی کە بەداخەوە لە وڵاتی ئێمەدا بەر لە شۆڕش جوانیەکی پێوەدیاربوو، واتە

ڕۆژئاوایان مەحکوم دەکرد، شتە باشەکانیان مەحکوم دەکرد زۆرێک لەم خاوەن بیرۆکانە ئەناسم، کە بەداخەوە گیرۆدەی جۆرەها گەندەڵی ڕۆژئاوایی بوون، بەڵام تا کەسێک بانگەشەی بۆ مافی مرۆڤ دەکرد ئەویان ئەدا بە حوکم و ئەویان بە ئاڵودەبووی ڕۆژئاوا دەستنیشان دەکرد و بە چەندان شێوە و ئابڕوو ناموسیان، کەواتە بە هەردوو بارەکەدا هەم تێگەیشتنی ئیسلامیانە بۆ مۆدێرنەو بۆ ئەو چەمکانەی دەرهاویشتەی مۆدێرنەن تێگەیشتنێکی دوورە لە بنەما فەلسەفییەکان، هەمیش تێگەیشتنی ئیسلامی لە پۆست مۆدێرنە، هێشتا بەتەواوەتی لەسەرەتای ڕەوەندی کاری خۆیدا دەسوڕێنەوەو نەیتوانیوە هیچ قوڵاییەکیان هەبێت لە مەڕ وردبوونەوەو تێگەیشتن لە چەمکە فەلسەفییەکانو خۆگونجاندنو قوتاربوون لە تێکستەکان، تەنانەت ناوەکانیش هەر وابەستەن بە ناوە پێشینەکانەوە، هەربۆیە ئیسلام گەر لەتەک مۆدێرنەدا بیەوێ وەک یەکی هەڵنەبژێرێ، ئەوا لەتەک پۆست مۆدێرنەدا گەر وەک یەکیش هەڵبژێرێت، هەر شتێکی نەگونجاوو نامۆو دوورە لە ڕاستی فەلسەفییەوە.

**خوێندنەوەی بەرهەمگەلێکی لیوتار**

سیمۆن مالباس ئوستادی فەلسەفەو ئەدەبی هاوچەرخو بیرمەندی بواری فەلسەفەی هاوچەرخ لە زانکۆی مانچستەر لە بەریتانیا، یەکێکە لەو قەڵەمو قەلەندەرە مەزنانەی لیوتار ناسیو لە پەرتوکەکەیدا توانیویەتی فرە بەوردی مۆخو مێنۆدو میزاجی فەلسەفی لیوتار بناسێنێت. ئوز لەوێدا توانیویەتی لیوتار وەک پێشەنگی فەلسەفەو دەستەواژەی پۆستمۆدێرن و تەواوی کارەکانی شەنو کەو بکات و بیانهێنێتە بەر باسو لێلێکۆڵینەوەی جدیی. دیارە ئەوە ڕوونە کە لیوتار دەستپێکی بوونی خۆی لە هەوێنو هێزی پۆست مۆدێرنەدا دەبینێتەوەو لەو سۆنگەیەشەوە ناوی دەرکردو لە

تەواوی ناوەندە کلتوری‌و رۆشنبیری‌و هونەرییەکاندا ناسێنرا. ئەو دەستەواژەو نوسینەکانی بە زمانی فەرەنسی وایانکرد، کە شکۆی خۆی وەک گەورەترین فەیلەسوفی فەرەنسی لەپاش قۆناغی جان پۆڵ سارتەر لەفەرەنسادا هاتووەتە پێشەوە، هەربۆیە زۆرێک بوونی لە خانەی فەلسەفەکانی پۆستمۆدێرنە دا شوێن دەکەنەوە. هاوکاتێ لە هێزی ناوبانگیدا هەریەک لە جاک درێداو میشیل فۆکۆو جیل دیلۆز براونەتە ناو ئەو دەستەواژە فەلسەفییەوە، کە خودی لیوتار خاوەنییەتی.

ماوەی ژیانی لیوتار و لەدایکبونی کاریگەریی فرەیان لە سەر ناو و ناوبانگی هەبوو. لە سەدەی بیستێ لە پایتەختی فەرەنسای پێش پاریس‌و لە ڤێرسایدا لە دایکدەبێتێ. هاوکاتێ تەمەنی زو دەستپێکردن‌و تێکەڵبوونی بەکایەی فەلسەفەو بوونی پێکدادان‌و ململانێ سەختەکان‌و هەیمەنەی شارستانییەتێ لەو قۆناغەدا بەتەواوی زرنگ‌و وریاکرد، لەو تیۆرەیدا کە زەمینەی فەلسەفەو واقیع فرە ئاتاجیان پێی بوو. هەرچەندە حەزوو خولیای وەک تاکەکەسێک لە وێناو تابلۆ، تەنانەتێ مەزهەبگەراو رەبەنبووندا دەبینرایەوە، یاخود گەڕانەوە بوو بۆ رابردوو بۆ مێژوو، هەروەها تێکەڵبوون‌و وابەستەبوونی لیوتار بە زانکۆی سۆربۆن هەنگاوێکی کاریگەربوو، چونکە سۆربۆن مەیدانی میشیل فۆکۆو جیل دۆلـۆزو فرانسوا شاتلییەو میشیل بوتور بوو، لەوێندەرەوە ئاڕاستەیەکی بەرینی فەلسەفەو هەنگاوی گەورەی عەقڵ‌و خاڵی بەبایەخی لەسەر وەستان دروستدەبوو. هاوکاتێ عەمەلی بوونی لەکارەکەیداو جێگۆڕینی مەیدان‌و تاقیکردنەوەی ئەزموونەکان فرە کاریگەریی گەورەیان لە رەوتی هزری‌و سیاسی‌و فەلسەفەی ئەودا هەبوو.

خاڵی گرنگ لێرەدا ئەوەبوو، کە پاش بڕینی قۆناغێکی ئەکادیمی توانی فەرەنسا بەجێبێڵێتێ‌و روو لە وڵاتی جەزائیری کۆڵۆنی فەرەنسا بنێتێ، ئیدی لەوێندەرو لە وڵاتێکی بندەستی باکوری ئەفەریقا تێکەڵ بە بگرەو

بەردەو گێچەڵی هزریو سیاسی و بە فەرمی تێکەڵ بە مارکسیزم دەبێتو لە سەر نەزمی ستالینییەکان ئەزمونێک ئاقیدەکاتەوە.

رەخنە و گلەیی لە پارتی کۆمۆنیستی فەرەنسی هەبوو، هاوکات بە نوسینو کاری رۆژنامەنوسیو گۆڤاری کۆمۆنیزم، یان بەربەریەت توانی ببێتە مەچەکێکی بەهێزی ناو رۆشنبیرە چەپەکانو هاوکات لە قۆناغی پەنجاکانەوە، ئاوەکو 1966 شانبەشانی گەل وەک هەڵوێستی رۆشنبیرێکی سیاسی لە سەنگەری خەڵکی بندەستی جەزائیردا بوو. ئەوەی زێدەتر ناوبانگیدا بە لیوتار برێتی بوو لە بڵاوبوونەوەی یەکێ لە پەرتووکەکانی بە ناوی مەرجی پۆستمۆدێرنە کە لەساڵی 1976 دا وەشان کرا، ئیدی بە هۆی ئەم پەرتوکەوە لیوتار بوویە فەیلەسوفێکی سنوور بڕو لە تەواوی دونیادا ناوی بەخێرایی بڵاوبوویەوە. لەو قۆناغەی حەفتاکانی سەدەی رابردوودا، بەتەوژمێکی بەرچاو نوسەرە مەزنەکانو رۆشنبیرانو هزری سیاسی بوویە پشتیوانی ئیۆرە نوێیەکانی لیوتارو لیوتارییەکان. دیارە پەرتووکی فرەبوون، بەڵام بەشێکیان هۆکاری ناو بڵاوبوونەوەی ئەو بوونەن.

بۆ نمونە لە دەستپێکی هەشتادا، توانی گرنگترین پەرتوکی خۆیو گەورەترین کتێبی بەناوی جیاوازی، یان ناکۆکی بڵاوبکاتەوە وەلێ ئەم کتێبە بەدەر لە نوخبەیەکی شارەزاو تایبەتمەند، هیچ بایەخێکی ئەوتۆی پێنەدراو لە ئاستیدا کاردانەوەی بەربڵاونەبوو، لە کاتێکدا هەوێنی بەشێک لە پرەنسیپە مەزنەکانی ئەو و هزری ئەو لەو پەرتووکەدا جەختی لەبارەوە کرابوویەوەو لەسەری راوەستابوو. یەکێکی تر لە کارە مەزنەکانی بریتی بوو لە دامەزراندنی دامەزراوەی فەلسەفەی جیهانی لە پاریس، ئەم کارەی تەنێ خۆی دەستی بۆ نەبرد، بەڵکو هاوشان لەتەک فەیلەسوفێکی مەزنی وەک جاک درێدا دەستی پێکردو لە ساڵی 1984 توانی پەیمانگا یان دامەزراوە فەلسەفییە ناونەتەوەییەکە دابمەزرێنن. هاوکات پلەی شەرەفی ئوستادی لە زانکۆیەکی

بەناوبانگی ئەمەریکی پێدراو و دواتر لە گەلێ لە زانکۆ ناوبانگەکانی دونیادا ڕۆڵی زانستی خۆی هەبوو، ئەو تا ئەوکاتەی کەماڵئاوایی لە ژیان دەکاتو بە بڕینی حەفتاو چوار ساڵ لە تەمەن، کە زیاد لە پەنجاساڵ یاخود نیوسەدە لەناو کایەی فەلسەفەدا بوو. ئەو تا ئەو تەمەنە لێنەگەڕاو دانەبڕا بەجۆرێک لەسەروبەندی توشبوونی بەنەخۆشی کوشندەی شێرپەنجەی خوێن، هەر لە کارەکانی بەردەوام بوو، بە مردنیشی کتێبێکی تەواو نەکراوی لە دووی خۆی بەجێهێشت، کە لەسەر یان دەربارەی قەدیس ئۆگستینۆس بوو.

بە بڕوای چاودێران ئەم پەرتووکە بایەخی ئێجگار فرەو هێزی وەرچەرخانی هزری هەبوو، لە بەرامبەر گەلێ لە ئایدیاو بۆچونکەە مەزهەبیەکاندا. بە کۆچی دوایی ئەو، سەرۆک وەزیران دێتە سەر خەت، لیونێل جوسپان لەم بارەیەوە وتبووی ئەو بە بێ هیچ دوو دڵییەک کەسێکی بەرزو میهربانو دەگمەن بوو، لە بواری فەلسەفەی هاوچەرخی فەرەنسیدا یەکێک بوو لە کەسایەتییە هەرە بەهێزەکانی دنیای هاوچەرخ. سیمۆن مالباس کە بۆخۆی کتێبی لەبارەی لیوتارەوە نوسیوە، پرسیارگەلێکی وروژاندووەو پێداگرییان لەسەر دەکاتو دەپرسێ بۆچی لیوتار دەستەواژەی پۆست مۆدێرنەی وروژاندو پێداگریی لەبارەوە دەکرد، بۆچی بە ڕەچەشکاندنی نومایانی ئەم پرسە ناوی دەرکرد، بۆچی ناودەرکردنی ئەو دەستەواژەیە لە ئاستێکدا بوو، کە وەخت بوو بەتەواوی دەستەواژەی مۆدێرنە لە گۆڕ بنێت. پێیوایە کە هەردوو سەدەکانی نۆزدەو بیست مرۆڤایەتیو هزری فەلسەفی مژوڵی ئازادکردنی ئینسانو ڕەوشی مرۆڤ بوو، لەم سۆنگەیەوە وەڵامی بۆچونکەکانی خۆی لە بەرامبەر پرسیارەکانییەوە دەداتەوە. دیارە دۆزی ئازادیخوازی مرۆڤو ڕەوشی مرۆڤ وەک بڕێک لە سەدەی هەژدەوە نومایان بووەو بەتایبەتی لە پاش شۆڕشی فەرەنسیو سەردەمی ڕۆشنگەری، کە دیسانەوە لە پاریسو فەرەنساوە سەرهەڵدەدات، ئیدی ئازادی خوازیو

ئامانجگرتنی خودی مرۆڤ دەبێتە بیری فەیلەسوفانو خاڵی مشتومڕەکان. دیارە تەواوی پرۆژە فەلسەفییەکان لەو سەردەمەدا نەبیلو نەستیلە بوونو وەڵامـدەرەوەی خواستی ناهەمووارو چەقبەستووی سەدەکانی ناوەڕاست بوون بۆ قوتاربوونو دارشتنەوەی پێگەو پێناوی عەقڵو لۆژیک، هەربۆیە لەو سەردەمەدا خەونی مەزن لەبەرامبەر پێشکەوتنی زانستو کرانەوەی عەقڵو تەکنەلۆژیاو کرانەوەو ئازادی سیاسیو لۆژیک هەبوو، ئەوەش شتێکە هیچ هێزو هیوایەکی مرۆڤ دۆستی نکوڵی لێنەکردووەو بە شێوەیەکی تایبەت ئاتاجێکی رووڵێنراوی کۆمەڵگەی خۆرئاوابوو. پێیانوابوو ئەو رێچکەو رێچکانە مرۆڤ کەمەندکێش دەکات بۆ پشتکردنە تاریکیو تانەی دواکەوتوویيو ئازادی سیاسیو قوتاربوون لە بندەستیو کۆیلەیی بەندو باو و ئایینەکان، هەربۆیە رۆشنگەریی هەنگاوێک بوو بەوەی مرۆڤ ئاڵودەبێت بە خوێنەواریی و قوتابخانەو میتۆدی نوێو نیازی پێشکەتنو داهێنانو دەرچونکە لە کۆتو بەندەکان.

لە هەموووی گرنگتر رامکردنی تاکەکان بوو بۆ بۆ ئاشنابوون بە چەمکی هاووڵاتی بوونو ئەرکو ماف دیاری و قسەکردن لەسەر مافو مەدلولی هاووڵاتی بوون کە خۆی لە خۆیدا هەمووو ئەم چەمکە نوێیانەی کە کاریان لە سەر دەکرا، بریتیبوون لە هێڵە سەرەکییەکانی رۆشنگەری کە لە سەدەی هەژدەو نۆزدەوە، بنێشتە خۆشەی سەر زاری هاووڵاتیانی بە ئاگای خۆرئاوا بوو. بە کورتی ئەوە وەک قۆناغی تێپەڕبوونی مرۆڤ بوو لە دۆخێکەوە بۆ دۆخێکی نوێ، کە بریتی بوو لە دۆخی وازهێنان لە تاریکیو نەخوێندەواریو دەمارگیریی ئاینیو بندەستی سیاسیو نەتەوەیی، هەموو ئەو کۆتوبەندانە پچڕێنراونو بڕوابوون بە ئازادی عەقڵو پەروەردەی مرۆڤی رۆشنبیرو پێشکەوتنی بازاڕو ئابوری بوونە تایبەتمەندییەکانی قۆناغی نوێ. هاوکات لەم رەوشەدا نوسەری کتێبەکەی تایبەت بە لیوتار ئەو رەوشە بە

ڕەوشی یەکتر قبوڵکردن و بیروڕای جیاوازو فرەیی دەناسێنێتو لەبەرامبەردا بەم شێوەیە ئاماژە بە بۆچونکەکانی لیوتار دەکات.

لەم قۆناغانەدا کە سەدەکانی هەژدەو نۆزدە بوون، رەوتی ئازادی خوازی و هیومانیستیو ئازادی سیاسی بەرەو پێشێ چونکە، وەلێ تا ئەو کات بۆنو بەرامی مەسیحییەتی بناژۆو توندڕەو و رەوتی نازی و نەژاد پەرستی توند بەرامەیان نەبوو، چونکە ئەو قۆناغە سەرەداوی دەرکەوتنی رەونگەلێکی مرۆ دۆست بوون، وەک رەوتەکانی لیبراڵی سیاسیو لیبڕاڵی ئابوریو رەوتی مارکسییو رەوتی فەوزەویو هاوکات پێڕی کۆمۆنیزمی دەرەوەی بازنەی مارکس سەریانهەڵدا. سەرەڕای بوونی پشێویو بگرەو بەردەی سەخت لەبەرامبەر ئەو رەوتانەو ململانێی توندی نێوانیان، بەڵام دوواجار لەسەر خاڵێکی مەزنو گەورە کۆک بوون، کە بریتی بوو لە خاڵی رۆشنگەرییو ئازادیی. وەلێ هەرچەند تەواویان لەسەر ئەو خاڵەو ئەو پڕۆژە رۆشنگەریە کۆک بوون، لەهەمانکاتدا لەسەر رەوگەو مینۆدو ئامڕازەکانی گەیشتنو سەرکەوتنو بەدەستهێنانی ئەو پڕۆژە رۆشنگەرییە لێکجیاوازو ناتەبابوون. دیارە ئەوەش نمونەیەکی بەرچاوە، کە ئەو جیاوازی ئامرازانە سەریانکێشاوە بۆ جۆرێک لەداروخانو هەڵوەشانەوەی کۆمەڵگەو شارستانییەتە پێشکەوتووەکانی ئەوڕۆی دونیاو رەوتەکە بە ئاڕاسنەیەکی مەترسدارو دوور لە ئامانج رۆیشتووە. لەم سۆنگەیەوە رۆشنبیرو بیرمەندو فەیلەسوفانی فەرەنسا یەکەمکەس بوون لە بەرامبەر نەهامەتیو نەسازیی دنیای خۆرئاوا، بەو رەوتە فەلسەفیو هزریو سیاسیو تەکنەلۆژیانە دڵکرمێ بوون.

لەپێش هەموویانەوە لیوتار دڕدۆنگ بوو لە بەرامەی پیشەسازیو مۆدێرنەو لە بەرامبەر پرسیاری مەزنی رۆشنگەریو ئازادیخوازی هەڵوێستەی کردو وەیشومەی دوسەدەی پێشوتری بە فەتەراتبردنی مرۆڤی خستە گەردنی پێشکەوتنو رۆشنگەریو جەنگە جیهانییەکانی ئاوێتەکرد، بە

ئامرازی گەیشتنەکان بە ئازادکردنی مرۆڤو چەمکەکانی هاوولاتی بوون، کە مۆدێرنە بۆ ناو کۆمەڵگە پیشەسازیو پێشکەوتووەکانی داتاشی. ئەو بندەستی نەتەوەکانو برسیەتی کۆمەڵگەکانی بەستەوە بەو ئامرازانەوە کە لەپێناو گەیشتن بە ئازادی مرۆڤ گیرابوونە بەرەو بەتەواوی پێداگری لە سەر بێ ناوەرۆکیو نا مرۆیی و دوورکەوتنەوە، لە ئامانجە مەزنەکە لە سەردەمی مۆدێرنەدا دوپانکردەوە. لیوتار بە وردی ئەوەی سەلماند، کە تۆتالیتاریو ئیستبدادییەتی رەهاو نازییەتو فاشیزمو کۆمۆنیزم بەرهەمی بێپەرواو تـەواوی مۆدێرنەیەو کەوتنی مـرۆڤ بۆ دۆخـی ئـەو رەوتـە شەڕانگێزانە بە دەسکیسەو پاڵنەر و فیتی مۆدێرنەو خودی مۆدێرنەزانی، هەربۆیە پێیوایە ئێستە کاتییەتی بۆ دەرچونکە لە پڕۆژەی مۆدێرنە بە کۆی رەوتە داکۆکیکارەکانییەوە، ئەو پڕۆژەیەی بەرهەمەکانی وەک هێرۆشیماو ناکازاکیو هۆڵەکۆستو گرتێبەردانی یەهودییەکانو پڕۆژە ئیمپریالییەکانی لێسەوزبوونو وەیشومەو وێرانەیان بۆ مرۆڤایەتی پێبوو.

دیارە نەتەوە بندەستەکان، بەشێکیان لەتەک بۆچونکەی لیوتارانو بە هاوخەمی ئازارەکانی خۆیانیان دایدەنێن، وەلێ لە دنیای ئیسلامدا گلەو گازاندەی فرەهەیە لە بەرامبەر پڕۆژەی پۆست مۆدێرنەو ئەوان پێیانوایە لیوتار باس لە بندەستیو کوشتارو کورەی سوتاندنی فەلەستینییەکان ناکاتو تەنێ وەک کورەی سوتاندنی یەهود، ئەو دیوە ترسناکە نیشاندەدات. هاوکات بزوتنەوەی زایۆنی برەوی گەورەی بە نیشاندانی کورەی سوتاندنی یەهود داوەو لەپێناو شاردنەوەی کاری خۆیان لە فەلەستینداو خۆرئاوایش لە پینەکردنی تاوانەکانیان دژ بە جوو لەئاست سوتماکو کوشتاری فەلەستینەکانی دەست یەهود، کە لە 1948 وە دەستپێکردووە بێدەنگە، بەم پێیەش ئەو مۆدێرنەیەی کە لیوتار دەستپێدەکات، هەر بە دەسکیسەو سیاسەتی خۆرئاوا بوویە دوو مەحرەقە. دیارە نەک هەر لیوتار لە ئاست ئەوەی

کیشەوەرەکانی خۆرئاوا بێدەنگە، بەڵکو کەمێک لە فەیلەسوفان هەڵوێستیان هەبووە، لەوانە جیل دۆلۆز بەئاشکرا بۆچونی خۆی نواندووە. بە بڕوای چاودێرانو رەخنەگرانی تیۆرو فەلسەفەی لیوتار رەخنەگەلێک وەک ئانەو گازاندەو بۆچونی زانستی لەبەرامبەر بە نوسینو بیری لیوتار دەخرێنە روو. بۆ نموونە دیارترین رەخنە لە لیوتار ئەوەیە، بە کەسێکی رەشبینو نادیدەی تەماشادەکەن، ئەو رەشبینە بەرامبەر بە مۆدێرنەو جگە لە نەرێنییەکانی پڕۆژەی مۆدێرنە لە دەرهاویشتەی تاریکو تار، هیچی تر نالێتو لە ئاست جوانییەکانی ئەو پڕۆژەیەداو لە بەرامبەر شارستانییەتی ئازادی خوازی و عەقڵو پێشکەوتنو ئابوری خۆرئاوا، دێڕێکیشی نەنوسیوە، هەربۆیە ئەوە بە رەخنەیەکی دیار و بەرچاو لە لیوتار دێنە بەردیدەو بە نادیدەی دەزانن لە ئاست جوانییەکانی مۆدێرنە. ئەو هەڵەکانی مۆدێرنەو کارە نەرێنیو نەنگییەکانی لە میانی دوو سەدەدا پێشچاو دەخاتو دەیانبینێت، وەلێ تەواوی ئەو پێشکەوتنە پیشەسازیو پێناوە هزریو هەنگاوە مەزنانەی داهێنانو ئەو هەمووو خاڵی وەرچەرخانو وێستگە مەزنانەی مرۆڤایەتی نابینێت، یاخود بەواتایەکی دی ئەو نیوەی لێوانەکە بە خاڵی دەبینێتو نیوە پڕەکەیشی بە تەژی لە رەشبینیو نائومێدیو هەناسە ساردی شرۆڤەی بۆ دەکات و ئاوێنەو یەکسانی دەکات بە بزوتنەوەو رەوڕەوەی مێژووی ئەو قۆناغە.

هەر لەبەر ئەمەیشە کە جان فرانسوا لیوتار پڕۆژەی رۆشنگەریو گەشانەوەی بیرو هۆش بە یۆتۆپیایەکی خەیاڵی دەچوێنێت، کە بەسەر واقیعی تاڵی کۆمەڵگەی خۆرئاوادا قڵپ بووەتەوەو خۆی گرتووە، ئەو تەواوی ئەو ئایدیۆلۆژیانەی کە هەیمەنەو جوڵانیان لە سەدەی نۆزدەو بیست هەبوو، وەک ئایدیای لیبراڵیو کۆمۆنیستیو مارکسی بە ئایدیای حیکایەتە مەزنەکان ناویان دەبات، کە تەواوی ئەوانە کاندیدو هەڵبژاردەن بۆ داڕوخانو لەناوچونکەو بەسەرچونکە. هەندێک پێیانوایە لەوەی کە کۆمۆنیزم کەوتووە،

لیوتار بە تەواوی بۆی چووە، وەلێ خۆ لیبراڵییەت نەک هەر نەکەوتووە، بەڵکو لە دۆخی هەڵکشان و پێشکەوتنی بەرچاودایە، بەڵام بۆچونکەێکیش پێیوایە کە بەڵێ وەک کۆمۆنزم نەکەوتووە، وەلێ کۆمەڵگەی خستوەتەسەر ناڵاندن بەدیار رەوشی برسییەتیو جەنگو بێ دەرەتانی . بەمجۆرە تەواوی بۆچونکەو تیۆرو تێڕامانی لیوتار لە یەکەمەوە تا کۆتایی جەدەلو رەوگەی تەباو ناتەبای تایبەت بەخۆی هەبووەو دەبێت.

### رەوشی پۆست مۆدێرنە لەلای لیوتار و پەیوەندی پتەوی پۆست مۆدێرنەو دێموکراسیی

هێشتا بیرمەندان لەسەر پێناسەیەکی روونو رەوان لەمەڕ پۆست مۆدێرنە رێک نەکەوتوون، وەلێ بیری سەرەکی لەپشت ئەم چەمکەوە وەستاوە لە سەر بیروباوەڕێک، کە شێوازەکانی دنیای خۆرئاوا لە بەرامبەر روئیاو دەربڕینو ماریفەتەوە، گۆڕانی خێراو بەرینیان بەسەردا هاتووە، بۆ نمونە پێشکەوتنی  بەرچاو لە پێوەندیو ماس میدیاو پێوەندیی جەماوەرییو برەوی سیستەمی زانیاری لە تەواوی جیهاندا هاتووەتە ئارا. ئەوەش ئاکامی روودانی گۆڕانگەلێکی بەرچاوە لە ئابووری جیهانی خۆرئاوا، کە زێدەتر پشتبەستووە بە پیشەسازیو زێدەبوونی ئارەزووەکان، لەپێناو بەکاربردندان دیارە، ئەمەیش لە سەر ریتمی ژیانی ئابوریدا رەنگی داوەتەوەو کۆمەڵگەو رۆشنبیر لەسەر نەزمێکی نوێ دەرکەوتووەو بارهاتووە.

ژان فرانسوا لیوتار دوپاتیدەکاتەوە کە بەڵێ پۆست مۆدێرنە بە ئارەزوویەک دەستپێدەکات بۆ پێکهێنانی ئەوەی کە پێیدەوترێت حیکایەتە رۆشنبیرییە، یاخود کەلتووریە باڵاکان، یان ئەوەی لە پشت حکایەتگەلێکەوە هەیە، کە لە هزری مۆدێرنەی ئەم سەردەمەوە ماوەتەوە. هاوکات ئەوە دەداتە دوواوە، کە ملبدات بە بوونی بنەماو بیروباوەڕگەڵک، یان ئەو

تایبەتمەندیو ناسەرەوە هزرییە گشتیانەی، کە زاڵبوون، یاخود باڵیان کێشاوە بەسەر بیرکرنەوەو بیرمەندانی سەردەمی مۆدێرنەدا.

بێگومان بیرمەندانی پۆست مۆدێرنە، زاراوەگەل و دەستەواژەگەلێکیان هێنایە گۆڕێ، کە واتاکانیان واتایەکی جێگیرو شێوەی تەواویان نەدەگرت. هەمووو ئەو دەستەواژانەش لە نوسینی پۆست بونیادگەراکانەوە هەڵهێنجرابوون، بۆ نمونە وەک دەستەواژەی لێکهەڵوەشان. هاوکات هەندێکی تری نوێ لەو دەستەواژانە وەک زمانی جەدەلیو لۆژیکیو بونیادیو هەتا دوایی، ئەمانە ئەو راستیەمان پێدەڵێن، کە پۆست مۆدێرنە گەمەیەکی زمانەوانی بوو، کە زمانێکی بەهێزی تێدا بوو، زمانێکی بەهێزو کارا، کە ئامانی ئاراستەکردنو هۆشیاری بوو بۆ رەهەندەکانی هەقیقەتی مرۆڤ، کە زۆرێک گەرەکیانە چاوپۆشی لێ بکەنو بەسەریدا باز بدەن.

**کۆتایی سەرەتا، یان سەرەتای کۆتایی**

یەکێ لە نوێنەرەکانی پۆست مۆدێرنە، بە سەرسوڕمانەوە بۆ لیوتار دەنوسێت (دیاردەگەرایی) هاوکات جیاوازی دەکات لە نێوان دیاردەگەرایی وەک کۆتایی سەرەتا، یاخود پۆست مۆدێرنە وەک سەرەتای کۆتایی. لێرەدا دیاردەگەرایی بزووتنەوەیەکی ریفۆرمخوازییە لە فەلسەفەی خۆرئاوادا، کە جیاوازی دەکات لەنێوان مردنو لە دەستدانی ژیانو زیندووبوونەوە، زیندووبوونەوە وەک عەنقایەک لە خۆڵەمێشێکدا، پاشان لە دەستدانی ژیان. هۆسرەل لە کۆتاییدا ئەوە وا دەردەبڕێت کە ئەزمەی زانستە ئەوروپیەکانە.. زۆرێک لە بیرمەندان وای دادەنێت، کە ئەم لەسەر وەستانە یەکەمکەس لەلایەن لیوتارەوە بوو، توانی لە جیهانی ماهیاتدا بەو پێیەی، کە جیهانی نوێیە هەڵوێستە بکات. هەر ئەو شتانەی کە هۆسرەل هەوڵیدەدا نومایانی بکات، ئەوەش لەپێناو رەخنەگرتن بوو لە هۆشیاریی ئەوروپی، لە هەمووو

خواستو نەزعە ئەزموونیو ئیداریو جسمیو و ڕێژەییو کورتەی عەدەمییەت ئەوەی، کە نیچە موژدەی پێشهاتی ئەو نەزمەی کردبوو.

### حەوتەم: بەرچاوترین ئەو کتێبانەی کە لیوتار خاوەنیانە

Phenomenology, trans. Brian Beakley (Albany: State. 1
University of New York Press, 1991). Trans. of La Phénoménology
[4گ(Paris: Presses Universitaires de France, 1986). [1st. ed. 19
Discourse, Figure, trans. Antony Hudek and Mary. 2
Lydon (Minneapolis: University of Minnesota Press, 2011). Trans.
.(of Discours, figure (Paris: Klincksieck, 1971
Driftworks, ed. Roger McKeon (New York: Semiotext(e), . 3
1984). Trans. of several essays from Dérive à partir de Marx et
Freud (Paris: Union Général dEditions, 1973) and Des Dispositifs
.(Pulsionnels (Paris: Union Général dEditions, 1973
Libidinal Economy, trans. Iain Hamilton Grant (London:. 4
Athlone, 1993). Trans. of Économie libidinale (Paris: Minuit,
.(1974
Duchamps TRANS/formers, ed. Herman Parret, trans.. 5
Ian McLeod. Jean-François Lyotard: Writings on Contemporary
Art and Artists vol. III (Leuven: Leuven University Press, 2010).
Bilingual edition with trans. of Les Transformateurs Duchamp
.((Paris: Galilée, 1977

Pacific Wall, trans. Bruce Boone (Venice: Lapis Press, .6
.(1990). Trans. of Le Mur du Pacifique (Paris: Galilée, 1979
With Jean-Loup Thébaud) Just Gaming, trans. Wlad).7
.(گGodzick (Minneapolis: University of Minnesota Press, 198
.(Trans. of Au juste: conversations. (Paris: Bourgois, 1979
The Postmodern Condition: A Report on Knowledge, .8
trans. Geoff Bennington and Brian Massumi (Manchester: Manchester University Press, 1984). Trans. of La Condition
.(postmoderne: rapport sur le savoir (Paris: Minuit, 1979
The Differend: Phrases in Dispute, trans. Georges Van.9
Den Abbeele (Manchester: Manchester University Press, 1988).
.(Trans. of Le Différend (Paris: Minuit, 1983
The Assassination of Experience by Painting, Monory, .10
trans. Rachel Bowlby and Jeanne Bouniort, ed. Sarah Wilson (London: Black Dog, 1998). Bilingual edition with trans. of L›Assassinat de 11.l›expérience par la peinture, Monory (Paris: Le Castor Astral, 1984). Also forthcoming as Vol. VI of Jean-François Lyotard: Writings on Contemporary Art and Artists
.((Leuven: Leuven University Press
Enthusiasm: The Kantian Critique of History, trans..12
Georges Van Den Abbeele (Stanford: Stanford University Press, 2009). Trans. of L›Enthousiasme: la critique kantienne de l›histoire
.((Paris: Galilée, 1986
The Postmodern Explained to Children, ed. Julian.13

Pefanis and Morgan Thomas (Sydney: Power Publications, 1992). Trans. of Le Postmoderne expliqué aux enfants: correspondance
.(Paris: Galilée, 1986) 198گ–1982

What to Paint? Adami, Arakawa, Buren, ed. Herman. 14
Parret. Jean–François Lyotard: Writings on Contemporary Art and Artists vol. V (Leuven: Leuven University Press, forthcoming). Bilingual edition with trans. of Que peindre? Adami. Arakawa.
.(Buren (Paris: Éditions de la Différence, 1987

Peregrinations: Law, Form, Event (New York: Columbia. 15
.(University Press, 1988

Heidegger and "The Jews", trans. Andreas Michel and. 16
Mark S. Roberts (Minneaplis: University of Minnesota Press,
.(1990). Trans. of Heidegger et "les juifs" (Paris: Galilée, 1988

The Inhuman: Reflections on Time, trans. Geoffrey. 17
Bennington and Rachel Bowlby (Cambridge: Polity Press, 1991). Trans. of L›Inhumain: causeries sur le temps (Paris: Galilée,
.(1988

Lessons on the Analytic of the Sublime: Kants Critique. 18
trans. Elizabeth Rottenberg (Stanford: , 29–of Judgment, 23 Stanford University Press, 1994). Trans. of Leçons sur l›Analytique du sublime: Kant, Critique de la faculté de juger, 23– 29 (Paris:
.(Galilée, 1991

Sam Francis: Lesson of Darkness, trans. Geoffery. 19
Bennington, ed. Herman Parret. Jean–François Lyotard: Writings

on Contemporary Art and Artists vol. II (Leuven: Leuven University Press, 2010). Bilingual edition. First edition: Sam Francis: Lesson of Darkness, trans. Geoffery Bennington (Los .(Angeles, CA: Lapis Press, 1993

Postmodern Fables, trans. Georges Van Den Abbeele/20 (Minneapolis: University of Minnesota Press, 1997). Trans. of .(Moralités postmodernes (Paris: Galilée, 1993

with Eberhard Gruber) The Hyphen: Between Judaism).21 and Christianity, trans. Pascale-Anne Brault and Michael Naas (Atlantic Highlands, NJ: Humanity Books, 1999). Trans. of Un trait d›union (Sainte-Foy, Quebec: Editions Le Griffon d›argile, .(1994

Signed Malraux, trans. Robert Harvey (Minneapolis:.22 University of Minnesota Press, 1999). Trans. of Signé Malraux: .(biographie (Paris: Grasset, 1996

Karel Appel: A Gesture of Colour, ed. Herman Parret, .23 trans. Vlad Ionescu and Peter W. Milne. Jean-François Lyotard: Writings on Contemporary Art and Artists vol. I. (Leuven: Leuven University Press, 2009). Bilingual edition. Original German edition: Karel Appel: Ein Farbgestus, Essays zur Kunst Karel Appels mit einer Bildauswahl des Autors (Berlin: Gachnang .(& Springer, Bern, 1998

Soundproof Room: Malrauxs Anti-aesthetics, trans..24 Robert Harvey (Stanford: Stanford University Press, 2001). Trans.

of La Chambre sourde: L›Antiésthetique de Malraux (Paris:
.(Galilée, 1998

The Confession of Augustine, trans. Richard.25
Beardsworth (Stanford: Stanford University Press, 2000). Trans.
.(of La Confession d›Augustin (Paris: Galilée, 1998

The Lyotard Reader, ed. Andrew Benjamin (Oxford:.26
.(Blackwell, 1989

Toward the Postmodern, ed. Robert Harvey and Mark.27
.(S. Roberts (New Jersey: Humanities Press, 1993

Jean–François Lyotard: Political Writings, trans. and.28
.(ed. Bill Readings and Kevin Paul Geiman (London: UCL, 1993

The Lyotard Reader and Guide, Ed. Keith Crome and.29
.(James Williams (Edinburgh: Edinburgh University Press, 2006

Miscellaneous Texts I: Aesthetics and Theory of Art, .30
ed. Herman Parret, trans. Vlad Ionescu, Erica Harris and Peter
W. Milne. Jean–François Lyotard: Writings on Contemporary Art
.(and Artists vol. IVa (Leuven: Leuven University Press, 2012

Miscellaneous Texts II: Contemporary Artists, ed..31
Herman Parret, trans. Vlad Ionescu, Erica Harris and Peter W.
Milne. Jean–François Lyotard: Writings on Contemporary Art and
:Artists vol. IVb (Leuven
.(Leuven University Press, 2012

## هەشتەم: ئەو كتێبانەی كە لەسەر لیوتار نوسراون


Benjamin, Andrew (ed.), Judging Lyotard (London:.1
.(Routledge, 1992

Bennington, Geoffrey, Lyotard: Writing the Event.2
.((Manchester: Manchester University Press, 1988

.(Bennington, Geoffrey, Late Lyotard (CreateSpace, 2008.3

Browning, Gary K., Lyotard and the End of Grand.4
.(Narratives (Cardiff: University of Wales Press, 2000

Carrol, David, Paraesthetics: Foucault, Lyotard, Derrida.5
.((London: Routledge, 1987

Crome, Keith, Lyotard and Greek Thought: Sophistry.6
.((Houndmills, Basingstoke: Palgrave Macmillan, 2004

Curtis, Neal, Against Autonomy: Lyotard, Judgement.7
and Action (Aldershot, Hants & Burlington, VT: Ashgate,
.(2001

Dhillon, Pradeep A. and Paul Standish, eds., Lyotard:.8
.(Just Education (London & New York: Routledge, 2000

Grebowicz, Margaret (ed.), Gender After Lyotard.9
.((Albany: SUNY, 2007

Haber, Honi Fern, Beyond Postmodern Politics :.10
.(Lyotard, Rorty, Foucault (New York : Routledge, 1994

Harvey, Robert, ed., Afterwords: Essays in Memory of.11
Jean-François Lyotard (Stony Brook, NY: Humanities Institute,
.(2000

Harvey, Robert and Lawrence R. Schehr, eds., Jean–. 12
François: Time and Judgment (New Haven & London: Yale
. (University Press, 2001

Jones, Graham, Lyotard Reframed (London: I. B.. 13
. (Tauris, forthcoming

Kearney, Richard, Poetics of Imagining: From Husserl. 41
. (to Lyotard (London: HarperCollins Academic, 1991

Kilian, Monika, Modern and Postmodern Strategies:. 15
Gaming and the Question of Morality: Adorno, Rorty, Lyotard,
. (and Enzensberger (New York: Lang, 1998

Malpas, Simon, Jean–François Lyotard (New York:. 16
. (Routledge, 2002

Nordquist, Joan, Jean–François Lyotard: A Bibliography. 17
. ((Santa Cruz, CA: Reference and Research Services, 1991

Nouvet, Claire, Zrinka Stahuljak and Kent Still (eds.), . 18
Minima Memoria: Essays in the Wake of Jean–François Lyotard
. ((Stanford, CA: Stanford University Press, 2006

Pefanis, Julian, Heterology and the Postmodern. 19
Bataille, Baudrillard, and Lyotard (Durham: Duke University
. (Press, 1991

Peters, Michael (ed.), Education and the Postmodern. 20
Condition (Wesport, Connecticut & London: Bergin & Garvey,
. (199گ

Raffel, Stanley, Habermas, Lyotard and the Concept of. 21

Justice (London: Macmillan Press, 1992).

22. Readings, Bill, Introducing Lyotard: Art and Politics (London: Routledge, 1991).

23. Robbins, Derek (ed.), Jean-François Lyotard. 3 vols. (London; Thousand Oaks: Sage, 2004).

24. Rojeck, Chris and Turner, Bryan S. (ed.) The Politics of Jean-François Lyotard. (London: Routledge, 1998).

25. Sheilds, Rob and Heidi Bickis (eds.), Listening to the Late: New Encounters with Jean-François Lyotard (Surrey: Ashgate, forthcoming).

26. Silverman, Hugh J. (ed.), Lyotard: Philosophy, Politics and the Sublime (New York: Routledge, 2002).

27. Sim, Stuart, Jean-François Lyotard (New York: Prentice Hall/Harvester Wheatsheaf, 199گ).

28. Sim, Stuart, Lyotard and the Inhuman (Cambridge: Icon/Totem, 2000).

29. Sim, Stuart (ed.), The Lyotard Dictionary (Edinburgh: Edinburgh University Press, 2011).

30. Slade, Andrew, Lyotard, Beckett, Duras, and the Postmodern Sublime (New York: Peter Lang, 2007).

31. Steuerman, Emilia, The Bounds of Reason: Habermas, Lyotard, and Melanie Klein on Rationality (London & New York: Routledge, 2000).

32. Taylor, Victor E. and Gregg Lambert (eds.), Jean-

François Lyotard: Critical Evaluations in Cultural Theory (London;
.(New York: Routledge, 2005
Williams, James, Lyotard: Towards a Postmodern.33
.(Philosophy (Cambridge: Polity Press, 1998
Williams, James, Lyotard and the Political (London:.34
.(Routledge, 2000
Woodward, Ashley, Nihilism in Postmodernity:.35
Lyotard, Baudrillard, Vattimo (Aurora, Colorado: The Davies
Group, 2009

## ڕۆژمێری ڕوداوە گرنگە فەلسەفییەکان

| زانیاری | ساڵ |
|---|---|
| سەرەتای فەلسەفەی ڕۆژئاوا لەگەڵ تالس ملتی. | سەدەی شەشەمی پ. ز. |
| مردنی فیساگۆرس. | کۆتایی سەدەی شەش پ.ز. |
| سوقرات لە ئاتن (یۆنان) مەحکوم بە مردن دەکرێت. | 399 پ. ز. |
| ئەفلاتوون «ئەکادیمی» یەکەم زانکۆی جیهانی لە ئاتن (یۆنان) دامەزراند. | 387 پ. ز. |
| ئەرستۆ (لوکیون) خوێندنگەی ڕکابەری ئەکادیمی لە ئاتن (یۆنان) دامەزراند. | 335 پ. ز. |
| کۆنستانتینی ئیمپراتۆر، پایتەختی ئیمپراتۆریەتی ڕۆمی لە بیزەنت، دەگوازێتەوە. | 324 ز |
| ئاگوستینی پیرۆز دانپێدانانەکانی دەنوسێتەوە. فەلسەفە کێش دەکرێتە ناو ئیلاهیاتی مەسیحەوە. | 400 |
| تاڵانکردنی ڕۆم بەدەستی (ویزیگوت)ەکان، هەواڵی سەرەتای (سەدەی تاریکی) دەدات. | 410 |

| زانیاری | ساڵ |
| --- | --- |
| داخستنی ئەکادیمیا لە ئاتن (یۆنان) بە فەرمانی ئیمپراتۆر (یوستی نیان) کۆتایی بە بیری یۆنانی دێنێت. | 529 |
| تۆماس ئاکویناس شیکردنەوەکانی ئەرستۆ دەنەخشێنێت. سەردەمی حیکمەتی وانەبێژی. | ناوەندی سەدەی 13 |
| روخانی بیزەنت بەدەستی تورکەکان و کۆتایی ئیمپراتۆریەتی بیزەنت. | 1453 |
| کۆلۆمبۆس دەگاتە ئەمەریکا. ڕێنیسانس لە فلۆرانس و دوبارە روکردنە زانستی یۆنانی. | 1492 |
| کۆپەر نیک (لەبابی گەڕانی تەنە ئاسمانیەکان) بڵاودەکاتەوە و بەبیرکاری دەیسەلمێنێت زەوی بەدەوری خۆردا دەسوڕێتەوە. | 1543 |
| کلێسا، گالیلو ناچار دەکات تیۆری ناوەند بوونی خۆر ئینکار بکات. | 1633 |
| دیکارت، (رامان)ی بڵاوکردەوە کەسەرەتای فەلسەفەی نوێیە. | 1641 |
| مردنی (سپینوزا) بڵاوبونەوەی (رەوشتەکان) دەرەخسێنێت. | 1677 |
| نیوتن بەبڵاوکردنەوەی (یاساوڕێسا) تێگەیشتنی کێشکردنی خستەڕوو. | 1687 |
| لۆک، (وتاری لەبابی تێگەیشتنی مرۆڤ) بڵاوکردەوە، سەرەتای ئەزمونگەرایی. | 1689 |
| بێرکلی رەگوریشەی زانستی مرۆڤایەتی بڵاودەکاتەوە و چوارچێوەیەکی نوێ بە ئەزمونگەری دەبەخشێت. | 1710 |
| مردنی لایبنز. | 1716 |

| سالّ | زانیاری |
| --- | --- |
| 1739 | هیوم (نامەی لە سروشتی مرۆڤایەتی) بڵاودەکاتەوە و ئەزمونگەری تا سنوری لۆژیک بەرەو پێش دەبات. |
| 1781 | کانت، بەخەبەر هاتوو لە خەو بە یارمەتی (هیوم)، (رەخنەی هزری پاک) بڵاودەکاتەوە. سەردەمی فەلسەفەی گەورەی ئەڵمانی دەستپێدەکات. |
| 1807 | هیگڵ (دیاردەناسی Phenomenology هـزری) بەرزترین فەلسەفەی تیۆری ئەڵمانی بڵاوکردەوە. |
| 1818 | شۆپنهاور (جیهانی وەک ئیرادە و وێنا)ی بـڵاوکـردەوە و فەلسەفەی هیندی لە فەلسەفەی تیۆری ئەڵمانی پێشنیار دەکات. |
| 1889 | کاتێک نیتچە رایگەیاندبوو (خوا مردووە) لە (تۆرین) تووشی نەخۆشی دەروونی دەبێت. |
| 1921 | وینگنشتاین (نامەی لۆژیکی ـ فەلسەفی) بڵاودەکاتەوە کە داواکاری وەڵامی کۆتایی بۆ بابەتە فەلسەفیەکانە. |
| دەیەی 1920 | بازنەی ڤین پۆزەتیڤیزمی رەهـا پێشنیار دەکـات. 1927 هایدگەر (هەستی و کات)ی بڵاوکردەوە کە هەواڵی لاواز بونی فەلسەفەی شیکاری و ئەوروپی دەگەیەنێت. |
| 1943 | سارتەر (بون و نەبون «هەستی و نیستی») بڵاودەکاتەوە کە پەرە بە ئەندێشەی هایدگەر دەدات و ئەگزیستانسیالیزم Existentialism بەرپێدەخات. |
| 1953 | بڵاوکردنەوەی دوای مردنی (لێکۆڵینەوە فەلسەفیەکان)ی وینگنشتاین. بەرزترین قۆناغی شیکاری زمان. |

## له بەرهەمە چاپکراوەکانی دەزگای ئایدیا

| | ناوی بەرهەم | نوسەر | وەرگێڕ | ساڵی چاپ |
|---|---|---|---|---|
| 1 | ئاشنابوون بە ئەفلاتوون | ڕێباز مستەفا | | 2014 |
| 2 | ئاشنابوون بە سپینۆزا | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 3 | ئاشنابوون بە کیرگە گۆر | شۆرش مستەفا | | 2014 |
| 4 | ئاشنابوون بە شۆپنهاوەر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 5 | ئاشنابوون بە کارل پۆپەر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 6 | ئاشنابوون بە ئالان تۆرین | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 7 | ئاشنابوون بە سوقرات | لوقمان رووف | | 2014 |
| 8 | ئاشنابوون بە ئەرستۆ | ڕێباز مستەفا | | 2014 |
| 9 | ئاشنابوون بە قەشە ئاگۆستین | سەرهەنگ عەبدولرەحمان | | 2014 |
| 10 | ئاشنابوون بە  جان جاك رۆسۆ | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 11 | ئاشنابوون بە دیڤد هیوم | مستەفا زاهیدی | | 2014 |
| 12 | ئاشنابوون بە نیچە | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 13 | ئاشنابوون بە فرۆید | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 14 | ئاشنابوون بە جۆن لۆك | عەتا جەمالی | | 2014 |
| 15 | ئاشنابوون بە لینین | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 16 | ئاشنابوون بە ئەریك فرۆم | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 17 | ئاشنابوون بە قوتابخانەی   فرانکفۆرت | عوسمان حەمە رەشید | | 2014 |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 18 | ئاشنابوون بە بزوتنەوەی فیمینیزم | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 19 | بلیمەتی و  شێتی | بازگر | | 2014 |
| 20 | ئاشنابوون بە کریشنا مۆرتی | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 21 | ئاشنابوون بە سکیۆلاریزم | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 22 | ئاشنابوون بە سیمۆن دیبۆڤوار | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 23 | ئاشنابوون بە ڤێرجینیا وۆلف | لوقمات رووف | | 2014 |
| 24 | ئاشنابوون بە یۆرگن هابرمانس | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 25 | ئاشنابوون بە درێدا | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 26 | مەکری ئیسلامییەکانی کوردستان | ماجد خەلیل | | 2013 |
| 27 | کتێبی سور | ماو تسی تۆنگ | فازل حسێن مەلا رەحیم | 2014 |
| 28 | سەیران بۆ سەرێکانی | ستران عەبدوڵڵا | | 2014 |
| 29 | گەندەڵی | | سابیر عەبدوڵڵا کەریم | 2014 |
| 30 | یوتۆپیا | کۆمەڵێك نوسەر | پێشەوا فەتاح | 2015 |
| 31 | لە قەندیلەوە بۆ کۆبانێ | ئەنوەر حسێن<br>شۆڕش مستەفا | | 2015 |
| 32 | پریسترۆیکای بەهاری عەرەبی | ئەنوەر حسێن<br>(بازگر) | | 2015 |
| 33 | گەشتە بێ ئاکامەکانی سەرکردەیەك | بریتا بولەر | رێکەوت ئیسماعیل | 2015 |
| 34 | داعش و داعشناسی | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 35 | گروپی قەیرانی چارەسەری پرۆسەی ئاشتی نێوان تورکیا و پەکەکە | ماجید خەلیل | | 2015 |
| 36 | گۆڕینی رژێم و شۆڕشەکان ئەو روداوانەی سیستمی سەدەیەکیان سڕییەوە | سەجعان میلاد ئەلقزی | سابیر عەبدوڵڵا کەریم | 2015 |
| 37 | ئاشنابوون بە بێرکلی | ئەرسەلان حەسەن | | 2015 |
| 38 | ئاشنابوون بە باشلار | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 39 | ئاشنابوون بە دیکارت | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 40 | ئاشنابوون بە هایدگەر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 41 | ئاشنابوون بە جیل دۆلۆز 1 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 42 | ئاشنابوون بە جیل دۆلۆز 2 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 43 | ئاشنابوون بە هانا ئارێنت | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 44 | ئاشنابوون بە هیگڵ | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 45 | ئاشنابوون بە سارتەر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 46 | ئاشنابوون بە نیچە | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 47 | ئاشنابوون بە ڤۆڵتێر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 48 | ئاشنابوون بە سلاڤۆی ژیژەك | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 49 | ئاشنابوون بە مارکس 1 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 50 | ئاشنابوون بە مارکس 2 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 51 | ئاشنابوون بە مارکس 3 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 52 | ئاشنابوون بە مارکس 4 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 53 | ئاشنابوون بە مارکس 5 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 54 | ئاشنابوون بە مارکس 6 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 55 | ئاشنابوون بە مارکس 7 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 56 | ئاشنابوون بە مارکس 8 | جەلال حەمید | | 2015 |
| 57 | بۆچی مارکس لە سەرحەق بوو؟ | تێری ئیگڵتۆن | پێشڕەو محەمەد | 2015 |
| 58 | خەوتن لەگەڵ شەیتان | رۆبێرت بایەر | ئەرسەلان حەسەن | 2015 |

| | | | |
|---|---|---|---|
| 59 | ئاشنابوون بە فیورباخ | کۆمەڵێك نوسەر | 2015 |
| 60 | ئاشنابوون بە تۆماس مۆر | وریا غەفووری | 2015 |
| 61 | ئاشنابوون بە شۆپنهاوەر | کۆمەڵێك نوسەر | 2015 |
| 62 | ئاشنابوون بە گرامشی 1 | ئەرسەلان حەسەن | 2015 |
| 63 | ئاشنابوون بە گرامشی 2 | ئومێد عوسمان | 2015 |
| 64 | ئاشنابوون بە ئەرستۆ | کۆمەڵێك نوسەر | 2015 |
| 65 | ئاشنابوون بە دیموکراسی | کۆمەڵێك نوسەر | 2015 |
| 66 | ئاشنابوون بە ئەلبێر کامۆ 1 | کۆمەڵێك نوسەر | 2015 |
| 67 | ئاشنابوون بە ئەلبێر کامۆ 2 | کۆمەڵێك نوسەر | 2015 |
| 68 | ئاشنابوون بە ئەلبێر کامۆ 3 | مستەفا زاهیدی | 2015 |
| 69 | ئاشنابوون بە ئەرکون | د.نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد | 2015 |
| 70 | ئاشنابوون بە فۆکۆ | جەبار ئەحمەد | 2015 |
| 71 | ئاشنابوون بە ئەکیونی | ماجید خەلیل | 2015 |
| 72 | ئاشنابوون بە ئەنگڵس | ئارۆ هەورامی | 2015 |
| 73 | ئاشنابوون بە جۆن ستیوارت میل 1 | کۆمەڵێك نوسەر | 2015 |
| 74 | ئاشنابوون بە جۆن ستیوارت میل 2 | کۆمەڵێك نوسەر | 2015 |
| 75 | ئاشنابوون بە جۆن ستیوارت میل 3 | کۆمەڵێك نوسەر | 2015 |
| 76 | ئاشنابوون بە جاك لاکان | کۆمەڵێك نوسەر | 2015 |
| 77 | ئاشنابوون بە لایبنتز | کۆمەڵێك نوسەر | 2015 |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 78 | ئاشنابوون بە میکاڤیلی | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 79 | مارکس کێ بوو؟ | د. عبدلعلی مقبل | مەجید مارابی  جەواد حەیدەری | 2015 |
| 80 | حَركة الحَداثة في الشِعر الكُردي | د. سَرْوَر عَبدُالله | | 2015 |
| 81 | فیتنە | هشام جعیط | سابیر عەبدوڵڵا کەریم | 2015 |